سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەیقد کۆپلی کۆبوونەوە

هەردوولا هاوڕا بوون لە پێویستیی عێراق و هەرێمی کوردستان بە پشتگیریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش و هەماهەنگیی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان



پەیامی سەرۆک بارزانی بەبۆنەی جەژنی (جەمایێ)ی ئێزیدییەکان



بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی (جەمایێ)ی ئێزیدی پیرۆزبایی لە میری ئێزیدیان و ئەنجوومەنی ڕۆحانیی ئایینی ئێزیدی و سەرجەم خوشک و برایانی ئێزیدیی کوردستان و هەموو جیهان دەکەم.

هەر لەو بۆنەیەدا پابەندبوونمان بە بنەماکانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان دووپات دەکەینەوە و جارێکی تر پشتیوانیی خۆشم بۆ داواکاریی و مافی ڕەوای خوشک و برا ئێزیدییەکان ڕادەگەیێنم. هیواداریشم کە خوشک و برا ئێزیدییەکانمان هەموو جەژن و خۆشییەکانیان لە کەشێکی ئارام و پڕ لە ئاسوودەیی بەڕێ بکەن و کۆتایی بەو ئێش و ئازارانە بێت کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەهۆی زوڵمی تیرۆریستان بینیویانە.

جەژنتان پیرۆز و بمێنن بە خێر و خۆشی

مسعود بارزانی
6ی 10ی 2020

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

ماسك بەستن
XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (6018) چوارشەممە 7ی تشرینی یەکەم 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

ئێوارەی دوێنێ سێشەممە 6/10/2020 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە بەڕێز دەیقد کۆپلی، جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا دوایین پێشهاتەکانی دۆخی سیاسی و ئەمنی، گفتوگۆی ستراتیژیی نەمەریکا و عێراق و پەیوەندییەکانی هەردوولا، کێشەکانی هەولێر - بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنیان، هەڕەشەی سەر نێردە دیپلۆماسییەکان و هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، پرسی هەڵبژاردنە پێشوەختەکانی داهاتوو، هەڕەشە و مەترسییەکانی تیرۆر و بەرەنگاربوونەوەی جموجووڵە چەکدارییەکانی داعشیان تاوتوێ کرد.

هەردوولا جەختیان لە بەرەودان بە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ عێراق کردەوە بەتایبەتیش لە بواری ئابووریدا و ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ کەرتی تایبەت و سەرمایەگوزاریی ئەمەریکی لە عێراق و هەرێمی کوردستان و فراوانکردنی هاریکاری و هاوبەشیی نێوانیان.

هەردوولا هاوڕا بوون لە پێویستیی عێراق و هەرێمی کوردستان بە بەردەوامیی نەرك و پشتگیریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش و هاوکاری و هەماهەنگیی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان تا نەهێشتنی یەکجاریی هەڕەشەکانی داعش و لەناوبردنی.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێز کونسولی گشتیی ئەمەریکا لە هەولێر ئامادی بوو، دۆخی ناوچەکە بەگشتی، پەتای کۆڤید 19 و لێکەوتەکانی و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، خرانە بەر باس.



ڕووفاتی خوالێخۆشبوو محەمەد ڕەزا عارف لە گوندی سەرگەڵوو بەخاک سپێردرا

بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسانی حکومی و حزبی و کەسایەتی و پیاوماقوڵانی کوردستان و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان و لقەکانی پارتی لە سنووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی سلێمانی-هەڵەبجەی پارتیمان و یەکەم ئیداریەکانی پارێزگای سلێمانی و هێزەکانی پێشمەرگەو زێرەڤانی، ڕۆژی 2020.10.5 دووشەممە لە (پزیشکی دادوەری هەولێر) دوای ئەوەی تاجەگوڵینەی سەرۆك بارزانی و نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتیمان و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و هەڤاڵانی لەسەر تەرمەکەی دانرا، دواتریش تەرمی خوالێخۆشبوو محەمەد ڕەزا ڕەوانەی زێدی باب و باپیرانی کرایەوە لە گوندی سەرگەڵوو.

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دەکات

دوێنێ سێشەممە ٦/١٠/٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە دەیڤد کۆپلی جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری عێراق کرد.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

مەسروور بارزانی بەستەڵەکی پەرلەمان و حکوومەتی تواندەوە

سەعدی ئەحمەد پیرە: نە پەرلەمان خۆی دزییەوە و نە حکوومەت خۆی لە بەرپرسیاریەتی ڕامالێ



د. مەحموود عوسمان:

چوونی سەرۆکی حکوومەت بۆ پەرلەمان دەستپێکێکی زۆر باشە

مەحمەد ڕەووف:

مەسرور بارزانی لە ڕاپۆرتەکەی و وەڵامدانەوەی پەرلەمانتاران سەرکەوتوو بوو

بزووتنەوەی ئیسلامی:

ئامادەبوونی مەسرور بارزانی لە پەرلەمان دەستپێشخەرییەکی باش بوو

سەرۆکی هەرێما کوردستانێ جەژنا جەمایێ پیرۆز دکەت



جەژنا جەمایێ ل تەڤایا خوشک و برایێن ئێزدی ل کوردستانێ و ل هەر جهەکێ جیهانێ بن پیرۆز دکەم، هیڤیدارم جەژنەکە ئارام و تەنا ب خێر و خۆشی دەرباز بکەن و جەژن و بیرهاتنێن داهاتی، د رەوشەکە باشتردا بۆ هەمیان ڤەگەڕن.
د ڤێ جەژنێدا کو ڤێ جارێ بێی مەزنێ ئۆلی یێ ئێزدیان خودێ ژێ رازی بابێ شێخ و بێی ڕێوڕەسم ڤەدگەڕیت، جارەکا دی سلاڤان ژ جانێ وی ڕا دهنێرین، وی و کار و خزمەتا وی یا ژبۆ ئێزدیاتیێ ب ڕێز و پێزانین ب بیر تینین.
د ڤێ هەلکەفتنێدا جارەکا دی هەمی خوشک و برایێن ئێزدی پشتڕاست دکەین کو هەتا خوشک و برایەکێ مەیێ ئێزدی، ڕەڤاندی و بێسەروشوین مابیت، ئەم دێ لسەر هەولێت ڕزگارکرن و ئاشکراکرنا چارەنڤیسێ وان بەردەوام بین.
دیسا جەما ل هەمیان پیرۆز بیت، هەر سال ب خێر و خۆشی.

ئێچیرڤان بارزانی
سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ
6/10/2020

پیرۆزباهییا سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ ب هەلکەفتا جەژنا جەمایێ



پیرۆزباهییێن گەرمێن خۆ پێشکەشی خوشک و برایێن ئێزیدی ل کوردستانێ و جیهانێ ب تایبەتی میر و ئەنجومەنا روحانی دکەم ب هەلکەفتا جەژنا جەمایێ . هیڤیدارم ئەڤ جەژن بێتە ئەگەرێ خێر و خۆشیێ و دویاهی هاتنا ئێش و ئازار و دەردەسەریێن خوشک و برایێن ئێزیدی.
ئەڤ ساڵە ب سەدەما کۆچا دویاهیێ یا جەنابێ بابا شێخ و بەڵاڤبونا پەتایا کۆرۆنایێ، د رەوشەکا دژوار دا ئەڤێ جەژنێ دکەینەڤە. هیڤیدارم دویاهی ب ئەڤان نەخۆشییان بهێت و حکومەتا هەرێما کوردستانێ، خزمەتەکا پتر بۆ خوشک وبرایێن ئێزیدی پێشکەش بکەت و رەوشا دەڤەرا شنگال ئاسایی ببێتەڤە، داکو ئەوێن هەتا نها دئاوارەیێ دا دژین ب سەربلندی بزڤرنەڤە سەر مال و جهێ وارێن خۆ.

مەسرور بارزانی
سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ
2020/10/6

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دەکات

مەسروور بارزانی: کاری لەپێشینەمان هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و پێشکەشکردنی ئاسانکارییە بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی و ناوخۆ



دوێنێ سێشەممە 2020/10/6 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە دەیڤد کۆپلی جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری عێراق کرد.
لە دیدارەکەدا کە ڕۆژ واڵەر کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر بەشدارببو، دۆخی عێراق و ناوچە و بەرەودان بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا تاوتوێ کرا.
جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری عێراق، ئاماژەیی بۆ پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەربڕی، بە تایبەتی لە بواری بازرگانی و هاندانی کۆمپانیاکانی ئەمەریکا بۆ وەبەرهێنانی زیاتر لە هەرێمی کوردستان، کە بڕیارە لە مانگی داهاتوودا، کۆنفرانسێکی بازرگانی بۆ ئەم مەبەستە ساز بکرێت. گوتیشی دەرفەتی زۆر بۆ وەبەرهێنەرانی ئەمەریکا لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەیە.
سەرۆکی حکوومەت جەختی لەوە کردەوە، کە یەکێک لە کارە لە پێشینەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەمەجۆرکردنی ئابووری و گرنگیدانی زیاترە بە کەرتی کشتوکاڵ و پاراستنی بەرووبوومی ناوخۆیی و پێشکەشکردنی ئاسانکارییە بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی و ناوخۆ.
سەرۆکی حکوومەت جەختی لەوە کردەوە، کە گرنگیی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی کردەوە، کە فاکتەرێکی گرنگە بۆ سەقامگیربوونی دۆخی عێراق و ناوچەکە.

لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان:

حکوومەت بڕیاری داوە ئەوەی قەرز و مولکی حکوومەتی لایە نەیگەڕێنێتەوە دەست بەسەر مولکەکانیدا دەگیرێت



جێگری سەرۆکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان گوتی، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە ئەوەی قەرز و مولکی حکوومەتی لایە پێویستە بیگەڕێننەوە، ئەگەرنا دەست بەسەر مولکەکانییاندا دەگیرێت و سەفەرکردنیشیان لێ قەدەغە دەکرێت.
سەعید هەرکی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە: هەرکەسێك لە هەرێمی کوردستان قەرزی حکوومەتی لابێت پێویستە بگەڕێنێتەوە و مۆڵەتێکیان پێ درابوو، ئەویش تەواو بووە و ئێستا ئەوەی نەیگەڕاندووەتەوە، دەست بەسەر مولکیاندا دەگیرێت تا قەرزەکە دەگەڕێننەوە، یاخود لەجیاتی قەرزەکە وەریدەگرن و ئەو هەنگاوەش دەستپێکردووە.
جێگری سەرۆکی لیژنەی نەزاهە ئەوەشی گوتووە: جگە لەوەش، ئەوەی مولکی حکوومەتی داگیر کردبێت پێویستە بیگەڕێنێتەوە و هەموو مولکەکانی حکوومەت کە هی گشتین وەریان دەگرنەوە. هەرکی ڕاشیگەیاندووە: ڕێگەیان پێ نادرێت سەفەری دەرەوەش بکەن تاوەکو ئەوانەی دۆسیەی قەرز، یان مولکی حکوومەتیان لایە یەکلایی دەکرێتەوە.

النشرق الأوسط : حەشدی شەعبی ئامادە نییە لەو پێنج کیلۆمەترەی بۆی دیاری کرابوو دوور بکەوێتەوە

رۆژی دووشەممە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق فەرمانی بە هێزەکانی حەشدی شەعبی کردبوو کە بە پێنج کیلۆمەتر لە خاڵی تەماس لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکە بکشێتەوە. ئەمەش دوای ئەوەبوو کە چەند رۆژێك لەمەوبەر لە ناوچەیەکی سنووری کارگێڕی پارێزگای نەینەوا کە لەژێر کۆنترۆڵی لیوای ٣٠ی حەشدی شەعبی دایە، شەش مووشەك ئاراستەی دەورووبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر کرابوون، فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق فەرمانی بە هێزەکانی حەشدی شەعبی کرد کە بە پێنج کیلۆمەتر لە خاڵی تەماس لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکە لەمبارەوەیە دوێنێ سێشەممە، ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت بڵاوی کردۆتەوە کە حەشدی شەعبی ئامادە نییە لەو پێنج کیلۆمەترەی بۆی دیاری کرابوو دوور بکەوێتەوە. پێشتریش بەپێی ماڵپەڕی شەفەق نیوز، ژمارەیەك فەرماندی حەشدی شەعبی ئەو بڕیارەیان ڕەتکردبۆوە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە دۆخی ئەمنی عێراق لەدەست دەرچووەو هەر هێز و لایەنێك تەنها بەقسەی مەرجەعی خۆی دەجوڵێتەوە.

هەرێمی کوردستان..

30 کەسی دیکە بەهۆی پەتای کۆرۆناوە گیانیان لەدەست دا



وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان رایگەیاند 793 تووشبووی نوێ بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ و 30 حاڵەتی گیانلەدەستدان تۆمارکراوە، بەمەش کۆی گشتی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە گەیشتە 51 هەزار و 780 حاڵەت و گیانلەدەستدانیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گەیشتە هەزار و 877 کەس.
دوێنێ سێشەممە وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا، ئاماری 24 کاتژمێری رابردووی لەبارەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بڵاوکردەوە. بەپێی راگەیەندراوەکە لە میانی 24 کاتژمێرەکەدا، پێنج هەزار و 443 پشکنین لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە و دەرەنجام 793 تووشبووی نوێ بە ڤایرۆسەکە تۆمارکراوە.
لە راگەیەندراوەکەی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستاندا ئاماری تووشبووان و گیانلەدەستدان لە 24 کاتژمێری رابردوودا بەم شێوەیەی خوارەوە تۆمارکراوە: پارێزگای هەولێر، 297 تووشبوو و چوار حاڵەتی گیانلەدەستدان.
پارێزگای سلێمانی، 111 تووشبوو و 12 حاڵەتی گیانلەدەستدان.
ئیدارەی گەرمیان، 28 تووشبوو، یەك حاڵەتی گیانلەدەستدان.
پارێزگای دهۆك، 330 تووشبوو، حەفت حاڵەتی گیانلەدەستدان.
پارێزگای هەڵەبجە، 27 تووشبوو.
ئاماژە بەوەشدراوە کە لە میانی 24 کاتژمێری رابردوودا، 368 نەخۆش دوای چارەسەری پزیشکی چاکبوونەوەتەوە، هاوکات لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە تا ئێستا 497 هەزار و 498 پشکنین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە.
بەپێی داتاکانی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، کۆی گشتی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 51 هەزار و 780 تووشبوو کە 19 هەزار و 110 لە هەولێر، 16 هەزار و 842 لە سلێمانی، 14 هەزار 40 لە دهۆك و هەزار و 878 لە هەڵەبجە بووە، هەروەها هەزار و 877 حاڵەتی گیانلەدەستدان هەبووە کە 587 لە هەولێر، 953 لە سلێمانی، 295 لە دهۆك و لە 42 حاڵەت هەڵەبجە بووە.

نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە ئازەربایجان و ئەرمینیا کردەوە دەستبەجێ پێکدادانەکان لە قەرەباغ رابگرن



نەتەوە یەکگرتووەکان ئیدانەی بە دەنگەوەنەهاتنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی کرد کە داوای ڕاگرتنی پێکدادانەکان دەکات لە ناوچەی شاخاوی قەرەباغ و داوای لە ئازەربایجان و ئەرمینیا کردەوە دەستبەجێ پێکدادانەکان لە ناوچەکە ڕابگرن. گوتەبێژی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ستیفان دوجاریك ڕایگەیاند کە ئەنتۆنیۆ گوتیرێس نیگەرانە لە تەشەنەسەندنی زیاتری پێکدادانەکان و کردنەئامانجی ئەو شوێنانەی هاووڵاتییانی مەدەنی لێ دەژین.
ئەنتۆنیۆ گوتیرێس بە تیشك خستنە سەر ئەوەی کە پێویستە هەردوو وڵات لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکاندا، هاووڵاتییان و ژێرخانی مەدەنی بپارێزن، ئیدانەی بە دەنگەوەنەهاتنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی کرد کە داوای ڕاگرتنی پێکدادانەکان دەکات لە ناوچەی شاخاوی قەرەباغ و جارێکی دیکە داوای لە ئازەربایجان و ئەرمینیا کرد دەستبەجێ پێکدادانەکان لە ناوچەکە ڕابگرن.



مەسروور بارزانی بەستەڵەکی پەرلەمان و حکوومەتی تواندەوە

سەعدی ئەحمەد پیرە:

نە پەرلەمان خۆی دزییەوە و نە حکوومەت خۆی لە بەرپرسیاریەتی ڕامالّی



سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە: کۆبوونەوەی تیمی حکوومەت و پەرلەمان سەرکەوتوو بوو، بە قسەی پەرلەمانتارانیش، سەرۆکی حکوومەت و جێگری سەرۆکی حکوومەت، لە ئەدا و کارەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر، ڕوونکردنەوەیان دایە پەرلەمانی کوردستان، هەرچەندەش پەرلەمانتاران، بە ڕاشکاوانە ئەوەی هەیانبوو خستیانەڕوو، بەتایبەت پرسی سنووورەکان و چاکسازی و داهات و پرسی نەوت، لە بەرانبەردا سەرۆکی حکوومەت و تیمەکەی وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە، بۆ ئەوەی متمانەی نێوان حکوومەت و پەرلەمان سەرکەوتوو بێت، دەبێ هەوڵ بدرێت پەیوەندیی نێوان ئەو دوو دامەزراوەیە ئاسایی بێت».

سەعدی پیرە ئەوەشی گوتووە: هەبوونی پەیوەندیی ئاساییی ئەم دوو دامەزراوەیە بە شێوەیەکی ئارام وەک ئەوەی بینیمان لە کۆبوونەوەکە ئەوە گرنگە بۆ چارەسەری پرسەکان و ئەوەش سەرەتایەکی نوێیە بۆ چارەسەرکردنی پرسەکان، ئەوەش وای کرد متمانەی زیاتر دروست بکات، زۆر کەس دەیانگوت ئەوە تیمی حکوومەت ناوێرێ بڕوات، ئەوە ناتوانرێت پرسیار بکرێت، پەرلەمان خۆی دەدزێتەوە، کەچی هیچی وا دەرنەچوو، نە پەرلەمان خۆی دزییەوە و نە حکوومەت خۆی لە بەرپرسیاریەتی ڕامالّی، بۆیە بەگشتی کۆبوونەوەکە گرنگ بوو و دەبێت هەوڵ بدرێت لەو ڕوانگەوە چانسێك بدرێتە ژیانی پەرلەمانی و چانسەکەش ئاوا دەبێت کە 10 کاتژمێر پەرلەمان و حکوومەت گفتوگۆیان کرد و کۆبوونەوەکە سەرکەوتوو بوو".

لە کۆبوونەوەکە زۆر بابەت باسکران کە پێشتر نەزاندرابوون

د. مەحموود عوسمان: چوونی سەرۆکی حکوومەت بۆ پەرلەمان دەستپێکێکی زۆر باشە

کاک مەسرور هەموو ئەو داتا و زانیارییانەی لەبەردەستیدا بوون خستییە ڕوو



سیاسەتمەدارێکی کورد رایگەیاند، چوونی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمانی کوردستان "دەستپێکێکی زۆر باشە" و جەختی کردەوە کە لە کۆبوونەوەکەدا زۆر بابەت باسکراون کە پێشتر نەزاندرابوون.

د. مەحموود عوسمان، سیاسەتمەدار و ئەندامی پێشووتری پەرلەمانی عێراق بە باسنیوزی راگەیاندووە: "چوونی سەرۆکی حکوومەت و جێگرەکەی بۆ پەرلەمان دەستپێکێکی باشە و دەبێت حکوومەت و پەرلەمان بە یەکەوە هەماهەنگی بکەن، سەرۆکی حکوومەتیش ماوە ماوە بچێتە پەرلەمان، پەرلەمانتارەکانیش مومارەسەی کاری خۆیان بکەن لە ژێر چاودێریی کاری حکوومەت.

لە بەرامبەر ئەو قسانەشی کە دوو پەرلەمانتار کردیان لەبارەی دەست لەکارکێشانەوەی حکوومەت، مەحموود عوسمان رایگەیاند: "راستییەك هەیە دەبێت بزانرێت، لە پەرلەمان زۆرینەی لەگەڵ حکوومەتن، بەڵام نابێت ترس هەبێت لەوەی یەکتر ببینن، ئەوەی کرا دەستپێکێکی زۆر باش بوو، ماوەیەکی درێژ بەیەکەوە بوون، هەموو شت باس کرا، ئەوەش سوودی زۆرە و بۆ ئەم قۆناغە گرنگە.

جەختیشی کردەوە کە تیمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کاتێکی زۆر لە پەرلەمان مانەوە کە ماوەی 10 کاتژمێر بەیەکەوە بوون. گوتیشی: کاك مەسرور هەموو ئەو داتا و زانیارییانەی لەبەردەستیدا بوون، خستییە ڕوو، زۆر شت باس کران کە پێشووتر نەزاندراون، بۆیە بە بڕوای من، ئەم کۆبوونەوەیە دەستپێکێکی باش بوو، دەشبێت لەمەودوا دانیشتن لە نێوان هەردوو هەبێت و هەموان پێکەوە بەرپرسیاریتی هەڵبگرن.

محەمەد ڕەووف:

مەسرور بارزانی لە ڕاپۆرتەکەی و وەڵامدانەوەی پەرلەمانتاران سەرکەوتوو بوو



سیاسەتمەدارێکی هەرێمی کوردستان کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ڕایگەیاند، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاپۆرتەکەی و وەڵامدانەوەی پەرلەمانتاران سەرکەوتوو بوو. محەمەد ڕەووف بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: ڕاپۆرتەکەی سەرۆکی حکوومەت لە پەرلەمان تێروتەسەل بوو، ئەوەی گرنگ بوو لە دوای ڕاپۆرتەکە سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوە کرد کە وردەکاریی زیاتر بە داتا و زانیاری دەخەنە بەردەستی پەرلەمان و ڕای گشتی، پێیم باشە کاتی زۆری بەسەردا نەڕوات و ئەو داتا و وردەکارییانە هەرچی زووترە بنێردرێن بۆ پەرلەمان و بۆ ڕای گشتیش بڵاو بکرێنەوە. محەمەد ڕەووف ڕوونیشی کردۆتەوە کە "ئەم جۆرە کۆبوونەوانە بەردەوام بن، وردە وردە هەنگاوی چاکسازی زیاتر دەبێت و بەرچاوی حکوومەتیش ڕۆشنتر دەبێت، کردنەوەی دەرگایەك لە نێوان حکوومەت و پەرلەمان بە هەموو فراکسیۆنەکانەوە بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە کارێکی گرنگە لەم کاتەدا، بە تایبەتیش کە دەبینین عێراق بەرەو قەیرانی گەورە دەڕوات". ئەو سیاسەتمەدارە پێیوایە کە هەمیشە گفتوگۆ لە نێوان پێکهاتەکانی کوردستان بە تایبەتیش لە پەرلەماندا وادەکات گرنگیی زیاتر بە دۆخی ناوخۆ بدرێت. گوتیشی: "دەرگایەکی باش لە نێوان حکوومەت و پەرلەمان کراوەتەوە، هەندێك فراکسیۆن هەندێك قسەی تونديان کرد، لە جارەکانی داهاتوو ئەم جۆرە قسانەش نامێنن، بە تایبەتیش ئەگەر حکوومەت لە ڕاپۆرتەکانی بە شێوەیەکی شەفاف بەردەوام بێت".

بزووتنەوەی ئیسلامی:

ئامادەبوونی مەسرور بارزانی لە پەرلەمان دەستپێشخەرییەکی باش بوو



ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان ڕایدەگەیەنێت، ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکەی، دەستپێشخەرییەکی باش بوو. کامیلی حاجی عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامی ڕایگەیاندووە، کۆبوونەوەکەی پەرلەمان بە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان باش بوو و لە دانیشتنی داهاتووشیش کۆبوونەوەکان ئارامتر دەبن. کامیلی حاجی عەلی داواکردنی سازکردنی کۆبوونەوەی پەرلەمان لەلایەن مەسرور بارزانییەوە بە "ڕچەشکێن و دەستپێشخەرییەکی باش" دانا و ڕایگەیاند، "گرنگ بوو بۆ ئەوەی پەرلەمان و حکوومەت بەیەکەوە هەنگاوی گەورە بنێنن". ئەو سەرکردەیەی بزووتنەوەی ئیسلامی هەروەها جەختی لەوە کردەوە، کە پڕۆسەی چاکسازیی حکوومەت، کە سەرۆکی حکوومەت لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی پێکرد، "لە قازانجی خەڵکی کوردستانە".

پەرلەمانتارێک: سەرۆکی حکوومەت بە وەڵامە واقیعییەکانی سەلماندی کە حکوومەت خزمەتگوزاری خەڵکە

ئەندامێکی فراکسیۆنی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند کە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان "بە وەڵامە واقیعییەکانی" سەلماندی کە حکوومەت خزمەتگوزاری خەڵکە.

شاڵاو عومەر، ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، ئەوەی ڕۆژی دووشەممە لە پەرلەمانی کوردستاندا کرا، "ئیجابی و زۆر گرنگ و باش بوو".

ڕوونیشی کردەوە کە "سەرۆکی حکوومەت و جێگرەکەی بۆ ماوەی 10 کاتژمێر لە پەرلەمان گفتوگۆیان لەسەر کارەکانی حکوومەت و چاکسازی کرد، ئەمەش شێوازێکی نوێ بوو، هیواداریین بەردەوام بێت".

هەروەها شاڵاو عومەر وەڵامەکانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمانتاران بە "باوەڕپێهێنەر" لە قەڵەم دا. لە لایەکی دیکەشەوە گەلاوێژ عوبێد، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، لە پێگەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووك) بڵاوی کردەوە: "سەرۆکی حکوومەت بە هاتنی بۆ پەرلەمانی کوردستان و وەڵامە باوەڕپێکراو و واقیعییەکانی سەلماندی حکوومەتەکەی خزمەتگوزاری خەڵکە و حکوومەتی چاکسازییە لە دژی گەندەڵی". جەختیشی کردۆتەوە کە "وەڵامەکانی هێندە باوەڕپێکراو بوون، ئۆپۆزسیۆنیشی سڕ کرد".

پرسەنامەی مەکتەبی سیاسی بۆ کۆچی دوایی (مەحمود فتاح ئەحمەد)

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی تێکۆشەر و سەرۆکی پارتی رزگاری کورد لە لوبنان (مەحمود فەتاح ئەحمەد)مان پێگەیشت، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەی و کەسوکار و بنەماڵە تێکۆشەرەکەیان و هەڤاڵان لە پارتی رزگاری دەکەین و خۆمان بە هاوبەش و شەریکی خەمیان دەزانین.

خوالێخۆشبوو(مەحمود فەتاح) کەسایەتیەکی ناسراو و نیشتیمانپەروەر بوو لەو پێناوەشەدا دڵسۆزانە و خەمخۆرانە لە خزمەت دۆزی رەوای گەلی کورد بەردەوام بوو، لەدەستدانی زیانێکی گەورەبوو.

هیواخوازین هاوخەمیی هەڤاڵ و دۆستانی بێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووری خانەوادەکەی و لە خەم و خەفەتیان کەم بکاتەوە.

دووبارە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەواربن هەموولایەك لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و جێگای خوالێخۆشبوویش بەهەشتی بەرین بێت...

انا لله وانا اليه راجعون

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
5ی10ی2020





رووفاتی خوالێخۆشبوو محەمەد رەزا عارف لە گوندی سەرگەڵوو بەخاک سپێردرا

ئامادەکردنی: خەبات

بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسانی حکومی و حزبی و کەسایەتی و پیاوماقوڵانی کوردستان و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان و لقەکانی پارتی لە سنووری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی سلێمانی-هەڵەبجەی پارتیان و یەکە ئیدارییەکانی پارێزگای سلێمانی و هێزەکانی پێشمەرگەو زێرەڤانی، رۆژی 2020.10.5 دووشەممە لە (پزیشکی دادوەری هەولێر) دوای ئەوەی تاجەگوڵینەی سەرۆك بارزانی و نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتیان و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و هەڤاڵانی لەسەر تەرمەکەی دانرا، دواتریش تەرمی خوالێخۆشبوو محەمەد رەزا رەوانەی زێدی باب و باپیرانی کرایەوە لە گوندی سەرگەڵوو، هاوکات لەسەر وەسیەتی خۆی لەخزمەت شێخ ئەحمەدی سەرداری باپیرەگەورەیان بەخاك سپێردرا.

ژیاننامەی خوالێخۆشبوو محەمەد رەزا عارف

خوالێخۆشبوو محەمەد رەزا عارف سەرگەڵوویی کە شەوی 15 / 16ـی 3 ی 2020 لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی وڵاتی نەمسا کۆچی دوایی کرد، لە خانەوادەیەکی دیاری شێخانی سەرگەڵوو بوو لە ارێزگای سلێمانی، ئەو خانەوادەیەش رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بە ڕێبەرایەتی بارزانی نەمر و پارتی دیموکراتی کوردستان.

لەبەر ئەوەی باوك ومامەکانی لە دەستپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول رۆڵی کاریگەر و بەرچاویان هەبووە، زۆر لە تەمەنی لاوێتییەوەتێکەڵی کاوباری حزبی و شۆڕش بووە، بەتایبەتی کاتێك بارزانی نەمر جەولەیەکی سەربازیی مێژوویی دەکات و لەسەرگەڵوو لەماڵی ئەوان دەمێنێتەوە، بۆیە دەبێتە هاندەرێکی زیاتر و خۆشویستنی ڕێبازی بارزانی نەمر زیاتر گوڕوتینی پێدەبەخشێت.

لە سەردەمی لاوێتیدا لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان رۆڵی دیار و بەرچاوی هەبووەو بەهۆی دڵسۆزی و ئیلتیزامکردن و لێهاتوویی پلەی بەرپرسیارێتی پێ دەبەخشرێت و لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو لە سنووری لقی پێنجی بەغداوە یاوەری چەندین شاند دەبێت بۆ بارەگای بارزانی، بەتایبەت هاتنی وەلید جونبوڵات بۆ خزمەت بارزانی نەمر کە دەنگدانەوەیەکی تایبەتی هەبوو.

بەهۆی شەهیدبوونی لەیلا قاسم و لە ساڵی 1970 لەلایەن رژێمی بەعسەوە فەرمانی لەسێدارەدان بۆ خوالێخۆشبوو محەمەد رەزا عارف دەردەچێت، دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر و نسکۆی شۆڕش یەکێك بوو لەو کادیرە بە هەڵوێستانەی کە لە رۆژە سەختەکاندا لەگەڵ کۆمەڵێك لە هەڤاڵانی دیکەی (قیادە موقەت)ـەیان دامەزراند، کە دواتر لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی گوڵاندا رۆڵی کارگەریان بینی و بوونە درێژەپێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول. هەر لەم پێناوەدا لەلایەن رژێمی ئەو کاتەی ئێران و ساواك بۆ ماوەی 3 مانگ و نیو دەستگیر دەکرێت و لە تاران لە زیندانی (ئەوین) دەبێت لەگەڵ بەڕێز عارف تەیفووری ئامۆزای.

بە مەبەستی ئازادبوونیان بارزانی نەمر فەرمان دەداتە شەهید ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی کە هەوڵبدەن بۆ رزگارکردنیان، بۆیەش جەنابی سەرۆك لەوکاتەی شاندێکی ئێرانی سەردانی دەکەن، داواین لێ دەکات کە ئەو دوو کادیرەی ئێمە ئازاد بکەن و لەبری ئەو دوو کادیرە ئەوان بگرن. بۆیەش دوای پێداگیرییەکی زۆر و بە هەوڵی شەهید ئیدریس بارزانی رزگاریان دەبێت و ڕەوانەی وڵاتی نەمسا دەکرێن.

لە نەمسا خوالێخۆشبوو محەمەد رەزا عارف دەبێتە بەرپرسی لقی 6ـی ئەوروپای پارتی دیموکراتی کوردستان، کاتێکیش موخابەراتی عیراق هەوڵی تیرۆرکردنی جەنابی سەرۆك بارزانی دەدەن لە ڤیەننای پایتەختی ئەو وڵاتە، یاوەری سەرۆك بارزانی بووە، خوالێخۆشبوو محەمەد رەزا عارف بەو دەمانچە دەنگییەی لەلای بووە، توانی سەر لە هێرشەبەرکان بشێوێنێت و نەتوانن زۆر لێبان نزیك ببنەوە، چونکە تیرۆریستەکان وەهایانزانیووە کە چەکی راستەقینەیان پێیە.

خوالێخۆشبوو هەموو تەمەنی بۆ ئازادی تێکۆشاوەو بۆ تەنیا رۆژێکیش دریغی نەکردووە لە خزمەتی خاك و خەڵکی کوردستان، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز و خاوەن پێگەی خۆی بووە و هەرگیز دریغی نەکردووە لەکاری خێر و چاکەخوازیدا.

سوپاسنامە

بەڕێزان.. پێزانینی زۆرم هەیە بۆ زەحمەتکێشانی هەموو لایەکتان، کە بەشداریتان کرد لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی ڕەحمەتی محەمەد رەزا سەرگەلوویی ئامۆزامان. بە تایبەتی بەڕێز جەنابی سەرۆك بارزانی و ڕێزدار کاك نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتیمان، هەر لەساتی وەفاتی تاکو گەڕاندنەوەی و دانانی تاجەگوڵینە و بە خاکسپاردنی هاوخەمان بوون، کە بووە مایەی دڵنەوایی و ئارامیمان.

هەروەها سوپاسم بۆ هەموو ئەوانەی لە ریگای تەلەفۆن پەیوەندییان پێوەکردین.

لەگەڵ ڕێزم...

عارف تەیفور
5/10/2020



دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆ چوارشەممەی بۆ کاتێکی نادیار دواخست

دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بڕیاردا بە دواخستنی دانیشتنی ژمارە 9ی ئاسایی خولی پاییزە بۆ کاتێکی دیکە. لە راگەیەندراوێکی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە «بڕیاردرا بەدواخستنی دانیشتنی ژمارە 9ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆ کاتێکی تر، کە بڕیاربوو کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 7-10-2020 بەڕێوەبچێت».

عێراق.. 67 کەسی دیکە بە کۆرۆنا گیانیان لەدەست دا

وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق رایگەیاند چوار هەزار و 172 کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون و 67 کەسی دیکەیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە.

دوێنێ سێشەممە وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق لە راگەیەندراوێکدا، دواییین ئاماری سەبارەت بە ژمارەی قوربانییانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوکردەوە. لە راگەیەندراوەکە ئاماژە بەوەدراوە کە لە میانی 24 کاتژمێری رابردوودا، 67 کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا، گیانیان لەدەستداوە و چوار هەزار و 172 کەسی دیکەیش تووشی ڤایرۆسەکە بوون.

باس لەوەشکراوە کە هەر لەو ماوەیەدا، چوار هەزار و 213 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، چاکبوونەتەوە. بەپێی راگەیەندراوەکە، کۆی گشتیی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق، گەیشتووەتە 387 هەزار و 121 کەس و لەو ژمارەیەش نۆ هەزار و 531 کەس گیانیان لەدەستداوە و 316 هەزار و 371ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

سلێمانی.. ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا روو لەهەڵکشانە و نەخۆشخانەکان لە لێواری پڕبوونداn

دکتۆر رەنج ئازاد: زۆربەی نەخۆشەکان بارودۆخیان ناجێگیرە و لەژێر ئامێری ئۆکسجین دان

دوای ئەوەی کە ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا و ڕێژەی مردن بەهۆی ئەو پەتا جیهانییەوە لە پارێزگای سلێمانی ڕوو لەهەڵکشانە، لەئێستادا زۆرێك لە نەخۆشخانەکانی سلێمانی کە تەرخانکراون بۆ تووشبووانی کۆرۆنا، ڕوو لە پڕبوونە و زۆربەی ئەو نەخۆشانەی کە جێگیرکراون لە نەخۆشخانەکاندا بارودۆخیان ناجێگیرە و ئۆکسجینیان بۆ بەکاردەهێنرێت.

لەو بارەیەوە دکتۆر رەنج ئازاد رایگەیاندووە: زۆربەی نەخۆشەکان بارودۆخیان ناجێگیر و مەترسیدارە، زۆربەی نەخۆشەکان لەژێر ئامێری ئۆکسجین دان، بە گشتی بارودۆخی سلێمانی لە مەترسی دایە و ژمارەی ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە نەخۆشخانە هەیە بۆ چارەسەرکردن لە ڕووی کۆرۆناوە ڕوو لە هەڵکشانێکی زۆرە، ئەمەش بە بەراوردکردنی بارودۆخی نەخۆشانی کۆرۆنا لە سلێمانی لە مانگەکانی رابردوودا. لەئێستادا مەترسی ئەوە لەئارادایە کە نەخۆشخانەکان جێگەی نەخۆشی کۆرۆنایان تێدا نەبێتەوە بەهۆی زۆری ژمارەی تووشبووان کە بارودۆخیان ناجێگیرە. دکتۆر رەنج ئازاد گوتیشی: داوا لە هاوڵاتیان دەکەین کە زیاتر پابەند بن و چەند ڕێنماییەکی زۆر ساده پەیڕەو بکەن لەوانە بەستنی ماسك، بەکارهێنانی دەستکێش لەکاتی بازاڕکردن و کەمکردنەوەی تێکەڵاوی، واتە دەتواندرێت کار و کاسپی بەردەوام بێت، بەڵام بە پەیڕەوکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان. دکتۆر رەنج ئازاد هەروەها گوتی: لەگەڵ هاتنی وەرزی پاییز و زستاندا پەتای وەرزیی زیاد دەکات، پلەی گەرما نزم دەبێتەوە و ئەگەری تووشبوونی هەوکردنەکانی تر زیاد دەکات، لەوکاتەدا هاوشانی بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا، نەخۆشی تریش زیاد دەکات ئەمەش بەداخەوە دەبێتە هۆکاری زیادبوونی ژمارەی قوربانییانی پەتای کۆرۆنا. ناوبراو ئاماژەی بەوەش دا کە دەتواندرێت ژمارەی تووشبووان کەم بکرێنەوە، ئەویش لە ڕێگەی پەیڕەوکردن و پابەندبوونی هاوڵاتییان بە ڕێنماییە تەندروستییەکانەوە.



لە میانەی بەشداری کردنی لە کۆبوونەوەکانی خولی 19ی لیژنەی تایبەت بە ڕێککەوتننامەی پاراستنی هەموو کەسەکان لە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان: گەلی کورد گەورەترین قوربانی شوێنبزرکردنی زۆرەملێ بووە



لە چوارچێوەی شاندی کۆماری عێراق، شاندێکی هەرێمی کوردستان بەشداریی کرد لە کۆبوونەوەکانی خولی 19 لیژنەی نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەت بە ڕێککەوتنامەی پاراستنی هەموو کەسەکان لە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ کە لە بارەگای یۆنامی لە بەغدا لە ڕۆژی 5ی تشرینی یەکەم بە شێوەی ڤیدیۆ کۆنفرانس بەڕێوەچوو.

د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێم هەروەها گوتی: لە بەشێکی دیکەی وتارەکە تیشکمان خستە سەر هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری یارمەتیدانی قوربانیانی بێسەروشوێنبوونی زۆرەملێ لە سەردەمی بەعس وەک تەرخان کردنی موچە بۆ کەسوکاریان، پێدانی زەوی، سوودمەندبوون لە منحەی خوێندن و چەند بوارێکی دیکە، سەبارەت بە بێسەروشوێنبووانی داعش لیژنەیەک دامەزراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەدواداچوون لە ڕفێندراوەکان و بودجەیەکی تایبەت تەرخان کراوە بۆ ڕزگارکردنیان و تا ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٢ توانراوە 3537 کەسیان ئازاد بکرێن لەوانە 1201 ئافرەت 339 پیاو و 1043 منداڵی کچ و 954 منداڵی کوڕ و تا ئێستا 2880 یان بێسەروشوێن و هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمیش بەردەوامن بۆ ئازادکردنیان. دیندار زێباری ئەوەشی ئاشکرا کرد کە لیژنەیەک دامەزراوە بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە لەسەر تاوانەکانی داعش، هەروەها دەستەیەک دانراوە بەناوی (لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری و چارەسەرکردن) بەمەبەستی بە دیکیۆمینت کردنی تاوانەکانی داعش و لەم ڕووە هەنگاوی زۆر نراوە بۆ تۆمار کردنی ئەو تاوانانەی بەتایبەتی ئەوانەی دژی ئافرەتان ئەنجامدراون، هەرلەم چوارچێوەیەدا زیاتر لە 1000 ئافرەت نێردراون بۆ ئەڵمانیا بە مەبەستی چارەسەرکردن.

سەبارەت بە ڕفاندنی کریستیانەکان زێباری وتی: لە دوای هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش نزیکەی 200 دوو سەد هەزار کریستیان ئاوارە بوون و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، هەروەها ژمارەیەکی زۆریشیان ڕفێندراون لەوانە 250 کەس کەیسەکانیان لە 2017-4-3 تاکو ڕێکەوتی 2017-7-18 دیکیۆمینت کراوە کە 82 یان ئافرەت و 168 پیاو بوون. لەوانە 174 یان ڕزگار کراون، بەڵام تا ئێستا 76 یان ڕزگار نەکراون، لەوانەی کە ڕزگار نەکراون ژمارەیەکیان ئافرەتن.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تیشکی خستە سەر مامەڵە کردن لەگەڵ ئافرەت و نەوجەوانانی دەستگیرکراو بە تۆمەتی تیرۆر و وتی: ئەو ئافرەت و نەوجەوانانەی بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیر دەکرێن، ڕەوانەی چاکسازییەکان دەکرێن و لە بنکەکانی دەستگیرکردن ناهێڵرێنەوە، لە ماوەی نێوان٢٠١٧/٧/١ تاکو ٢٠١٨/٢/١٤ ئەوانەی کە دەستگیر کراون ژمارەیان (١٩٤) کەس بووە کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە، سەبارەت بە ئافرەتانیش لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٨ زیاتر لە 260 یان دەستگیرکراون، دوای وەرگرتنی ڕێوشوێنی یاسایی 41 یان ئازاد کراون، بەڵام لە ساڵی 2020 لە چاکسازییەکانی هەرێم 29 نەوجەوان و 23 ئافرەت بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیر کراون، لەبەر ئەوەی داعش بەشێك لەو منداڵانەی بۆ کردەوە خۆکوژییەکان بەکارهێنا بۆیە وەك قوربانیانی تیرۆر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ نەك تیرۆریست، و هەموو مافێکیان هەیە وەك سەردانی کەسوکاریان و بەکارهێنانی مۆبایل، هەروەها بەرنامەیەکیش دانراوە بۆ بەردەوام بوونیان لە خوێندن.

لە وتەکەیدا دیندار زێباری ئاماژەی بە زیندانی نهێنی لە هەرێم و ڕادەستکردنەوەی دەستگیرکراوان بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی فیدرالی و گوتی: لە هەرێمی کوردستان سێ جۆر زیندانی هەیە ئەوانیش: بنکەکانی ڕاگرتن و گواستنەوە، چاکسازی گەورانی و چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان و هیچ زیندانییەکی نهێنی لە هەرێم بوونیان نییە، هەروەها دەرگای زیندانەکان کراوەیە بۆ ئەو لایەنە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییانەی کە دەیانەوێ سەردانی بکەن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی ڕاگیراو و سزادراون بن بەپێی ڕێنمایی لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەم ڕووەوە چەندین ڕێکخراوی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی تایبەت بە پرسی مافەکانی مرۆڤ سەردانی زیندانەکانیان کردووە.

سەبارەت بە ژمارەی دەستگیرکراوانیش ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان گوتی: لە نێوان ساڵانی 2014 و 2018 زیاتر لە 2652 کەس دەستگیرکران، لەوانە 1100 کەسیان تۆمەتی تیرۆریان بەسەردا ساغ بۆوە و سزاکانیشیان لە نێوان زیندانی کردن بۆ ماوەی سێ سال و تاهەتایە بوو، هەروەها 870 کەس ئازاد کران، لە شەش مانگی کۆتایی 2017 نزیکەی 790 کەس دەستگیر کران کە بەشێکیان خۆیان ڕادەستکردەوە لەوانە 279 ئازاد کران لەبەر نەبوونی بەڵگە و 27 یان سزای جیاجیان بۆ دەرچووە. هەروەها لە ساڵی 2020 ژمارەی ئەو کەسانەی بە تۆمەتی تیرۆر لە دام و دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمن 461 کەس بووە 335 عێراقی و 18 بیانی، 398 لەوانە دادگایی کراون سزایان بۆ دەرچووە و 48 گومان لێکراویش ئازاد کراون لەبەر نەبوونی بەڵگە.



میری نوێی کوێت کۆتایی بە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دەهێنێت

میری نوێی کوێت دوای هەڵوەشانەوەی حکوومەت، کۆتایی بە کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی وڵاتەکەی دەهێنێت. دوێنێ سێشەممە ماڵپەڕی سکای نیوز بڵاوی کردووەتەوە، کە شێخ نەواف ئەحمەد جزبر سەباح، میری نوێی کوێت مەرسوومێکی ئەمیری بۆ پەرلەمان، ناردووە و مەرزوق غانم، سەرۆکی پەرلەمانیش ناوەڕۆکی مەرسوومەکەی ئاشکرا کردووە.

لە مەرسوومەکەیدا، شێخ نەواف ئەحمەد جابر سەباح کۆتایی بە دانیشتن و کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی وڵاتەکەی هێناوە و ڕایگەیاندووە، کۆبوونەوەی ڕۆژی پێنجشەممە 8-10-2020، دوا کۆبوونەوەی پەرلەمان دەبێت.

لە کاتێکی پێشتری دوێنێدا، شێخ سەباح خالید حەمەد سەباح، سەرۆکی حکوومەتی کوێتی، حکوومەتەکەی هەڵوەشاندەوە و میری وڵاتیش قبوڵی کرد، بڕیارەکە لە کۆتایی مانگی 11ی ئەمساڵ، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئوممە (پەرلەمان)ی کوێتی ئەنجام بدرێت. جێی باسە ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە 29-9-2020، دیوانی ئەمیریی کوێت کۆچی دوایی میر سەباح ئەحمەد جابر ئەلسەباحی میری وڵاتەکەی، لە تەمەنی 91 ساڵی، ڕاگەیاند. ڕۆژی چوارشەممە 30-9-2020، شێخ نەواف بن ئەحمەد جابر ئەلسەباح لەبەردەم پەرلەمانی کوێت، سوێندی دەستووری وەك میری نوێی وڵات، خوارد.



ئەفغانستان.. خۆڕادەستکردنەوەی 275 چەکداری تاڵیبان

275 چەکداری تاڵیبان لە هەردوو ویلایەتی سارپول و بەلخ باکووری ئەفغانستان چەکەکانیان دانا و خۆیان ڕادەستی هێزە ئەمنییەکان کردەوە. جێگری وەزیری بەرگریی ئەفغانستان، فاواد ئامان بە میدیاکارانی ڕاگەیاند، 150 چەکداری تاڵیبان لە شارۆچکەی باهاب سەربە ویلایەتی سارپول بە چەکەوە خۆیان ڕادەستی هێزە ئەمنییەکان کردووەتەوە. لە کۆی ئەو 150 چەکدارەیش 15 یان فەرماندەن.

جێگری وەزیری بەرگریی ئەفغانستان، فاواد ئامان ئاماژەی بەوەیشدا کە لە شارۆچکەی چارکەنت سەربە ویلایەتی بەلخ، 125 چەکداری تاڵیبان خۆیان ڕادەست کردووەتەوە و بەڵێننامەیان پڕکردووەتەوە کە جارێکی دیکە چەك هەڵناگرن لە دژی هێزە ئەمنییەکان.



ژووری بازرگانی سعوودیە داوای بایکۆتکردنی هەموو شتێکی تورکی دەکات

سەرۆکی ژووری بازرگانی سعوودیە داوا دەکات بایکۆتی هەموو شتێکی تورکی لەسەر ئاستی هاوردەکردن و هەناردەکردن و گەشتیاریدا بکرێت . بەگوێرەی ڕۆژنامەی ئینديپێندنت، قسەکردن لەبارەی بایکۆتی بازرگانی لە نێوان سعوودیە و تورکیا دەستی پێکردۆتەوەو ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە ئەگەری ئەوە هەیە ناکۆکی سیاسی نێوان هەردوو وڵات بەرەو بازرگانی بگۆڕێت. لەمبارەیەوە عەجلان ئەلعەجلان،سەرۆکی ژووری بازرگانی سعوودیە لە پەڕەی تایبەتی خۆیدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، داوای کردووە کە بایکۆتی هەموو شتێکی تورکی لەسەر ئاستی هاوردەکردن و هەناردەکردن و گەشتیاری بکرێت. هەروەها سەرۆکی ژووری بازرگانی سعوودیە دەڵێت: بەرپرسیارییەتی هەموو سعوودییەکە لە بازرگان و بەکاربەر،وەڵامی دوژمنکارییەکانی تورکیا لەسەر سەرکردایەتی و وڵات و هاووڵاتیانمان بداتەوە.

کەنەدا فڕۆشتنی تەکنەلۆژیای سەربازی بە تورکیا ڕاگرت



K24 / کەنەدا هەناردەکردنی سیستەمی تەکنەلۆژیی تایبەت بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بە تورکیا ڕاگرت، لێکۆڵینەوەش دەکات لەوەی ئایا ئەو تەکنەلۆژیایە لەلایەن هێزەکانی ئازەربایجان لەدژی ئەرمینیا بەکاردێت یان نا. فرانسوا فیلیپ شامپەین، وەزیری دەرەوەی کەنەدا ڕۆژی دووشەممە، 5-10-2020 لە ڕاگەیەندراوێکدا گوتی «ڕێگەپێدانی هەناردەکردنی سیستەمی تەکنۆلۆژیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانم بە تورکیا ڕاگرتووە، بۆ ئەوەی کاتێکی زیاتر هەبێت بۆ بەدواداچوون». شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا گەیشتووەتە لووتکە و، لەماوەی هەفتەی ڕابردووەوە سەدان کەس لەو شەڕەدا کوژراون. شەڕی ئەو دوو وڵاتە لەسەر ناگۆرنۆ - قەرەباخە، کە هەرێمێکی کێشەلەسەرە و بە فەرمی سەر بە ئازەربایجانە بەڵام لەلایەن ئەرمینییەکانەوە بەڕێوەدەبردرێت. تورکیا پشتگیریی ئازەربایجان دەکات لە شەڕەکەدا.

هەفتەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی لەلایەن ئازەربایجانەوە بەکارهاتوون، سیستەمی بەئامانجکردن و وێنەیان لەلایەن کۆمپانیای ئێڵ سری هایس ویسکام دروستکراوە، کە کۆمپانیایەکە بنکەکەی لە کەنەدایە. میدیاکانی کەنەدا بڵاویان کردووەتەوە، کۆمپانیای ویسکام ئەمساڵ ڕێگەی پێدراوە حەوت جۆر سیستەم بداتە ئەو فڕۆکە تورکییە بێفڕۆکەوانانەی لەلایەن کۆمپانیای بەیکەر بەرهەمدەهێنرێن.

ئەمەریکا... گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا 215 هەزاری تێپەڕاند

ئەمەریکا کە ناوەندی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێیە لە جیهاندا، بەردەوام لە ڕیزبەندیی یەکەمدایە و بەرزترین ئاماری گیانلەدەستدان بەو پەتایە لەسەر ئاستی جیهاندا تیایدا تۆمارکراوە.

بەپێی زانیارییەکانی ماڵپەڕی Worldometer کە پشت بە ئامارە نوێکراوەکانی پەتاکە دەبەستێت لە جیهاندا، لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، لە ئەمەریکا 42 هەزار و 606 حاڵەتی دیکەی توشبوون بە پەتاکە تۆمارکراوە و ژمارەی توشبووان بە پەتاکە لەو وڵاتە گەیشتووەتە حەوت ملیۆن و 681 هەزار و 202 کەس. هاوکات 467 تووشبووی دیکەی پەتاکە گیانیان لەدەستداوە، بەوەیش کۆی گشتیی گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا بەرزبووەتەوە بۆ 215 هەزار و 96 کەس. هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئەمەریکا دوای تووشبوونیان بە پەتاکە چاکبوونەتەوە چوار ملیۆن و 895 هەزار کەسی تێپەڕاندووە، و ژمارەی پشکنینە ئەنجامدراوەکان لە 112 ملیۆن و 520 هەزار لایداوە. لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمەریکاش کالیفۆرنیا لە ڕیزبەندیی یەکەمی ویلایەتەکاندا دێت لەڕووی ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون کە 835 هەزار و 971 حاڵەتی تیادا تۆمارکراوە و لەدوای ئەویش بە 809 هەزار و 560 حاڵەت تێکساس و بە 717 هەزار و 874 حاڵەت فلۆریدا دێن. هەروەها لەڕووی ژمارەی حاڵەتەکانی گیانلەدەستدانیشەوە، ویلایەتی نیویۆرك بە 33 هەزار و 318 حاڵەت لە ڕیزبەندی یەکەمی سەرجەم ویلایەتەکاندایە.



دۆنالد ترەمپ دوای ئەوەی نەخۆشخانەی جێهێشت:

ڕێگە مەدەن ڤایرۆسی کۆرۆنا بەسەرتاندا زاڵ بێت لێی مەترسن

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ دوای ئەوەی ئەو نەخۆشخانەیەی جێهێشت کە تیایدا چارەسەری پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی وەردەگرت لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا ڕایگەیاند: ڕێگە مەدەن ڤایرۆسەکە بەسەرتاندا زاڵ بێت، لێی مەترسن.

دوێنێ سێشەممە دۆنالد ترەمپ لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا کە دوای گەڕانەوەی بۆ کۆشکی سپی تۆمارکراوە و لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەر بڵاویکردووەتەوە ڕایگەیاندووە: زۆر شت لەبارەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ فێربووم. شتێکی یەکلاکەرەوە هەیە. ڕێگا مەدەن ڤایرۆسەکە بەسەرتاندا زاڵ بێت، لێی مەترسن. دەتوانن بەسەر ڤایرۆسەکەدا سەرکەون. سەرۆکی ئەمەریکا باسی لەوە کرد کە ئەمەریکا خاوەن باشترین دەرمانە لە جیهاندا و گوتی: کاتێك یەکەمجار چووم بۆ نەخۆشخانە هەستم نەکرد باش بم، بەڵام دوو ڕۆژ پێش ئێستا نەخۆشخانەم جێهێشت. دوای ماوەیەکی زۆر ئەوە یەکەمجارە هەستدەکەم ئەوندە باشم. دۆنالد ترەمپ، داوای لە هاووڵاتیان کرد ژیانیان ڕادەستی ڤایرۆسەکە نەکەن و ڕایگەیاند: دەگەڕێینەوە سەر کارەکانمان. وەك سەرکردەتان من لە پێشەوە دەبم. دەزانم مەترسییەك لە ئارادایە، بەڵام ناچارم ئەوە بکەم. لە پێشەوە دەوەستم و سەرکردایەتی دەکەم. سەرۆکی ئەمەریکا جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەست دەکات باشترە و ڕایگەیاند: نازانم ڕەنگە من بەرگریم هەبێت، بەڵام ڕێگا مەدەن ڤایرۆسەکە بەسەرتاندا زاڵبێت. وریا بن.

دۆنالد ترەمپ هەروەها دووپاتی کردەوە کارەکانی ڤاکسین و چارەسەرکردن دڕێژەی هەیە و سوپاسی ئەو کەسانەشی کرد کە لە نەخۆشخانەی والتەر ریدی سەربازیی گرنگیان پێداوە و بەدەوریەوە بوون.

هاریکارییێن سەروکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ لسەر هەژار وکێم دەرامەتا دێ هێنە بەلاڤکرن

دوهی سپێدێ ٦-١٠-٢٠٢٠ د.عەلی تەتەر پاریزگەرێ دهۆکێ ب ئامادەبونا ڕێڤەبەرێ گشتی یێ چاڤدێریا کۆمەلایەتی دکونگرەکێ ڕۆژنامەڤانیدا پروسیا بەلاڤکرنا هاریکارییێن دراڤی و ئاهێن خانزێ یێن سەروکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ ل سەر هەژار و کێمدەرامەتا لسنورێ پاریزگەها دهۆکێ راگەهاند.

پاریزگەرێ دهۆکێ گوت: بەلاڤبونا پەتایا کورونایێ ل هەموو جیهانێ و ل هەرێما کوردستانێ کارتێکرنەکا خراب کریە سەر ژین و ژیارا هاوڵاتیان و هەر ژدەستپێکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ بەرهەڤی کرینە بو هاریکاریکرنا هەژار و کێمدەرامەتا و (٥٠) هزار پشکێن خارنێ ل سەر هاوڵاتیان بەلاڤکرینە هەروەسا خێرخازێن پاریزگەهێ و ڕێکخراوێن مروڤایەتی نێزیکی (١٠٠) هزار پشکێن ناهێن خارنێ بەلاڤکرینە و ڤێ جارێ ژی لدوڤ فەرمانا مسرور بارزانی سەروکێ حکومەتا هەرێمێ هاریکارییێن دراڤی دێ لسەر (٣٥) هزار خێزانێن کێمدەرامەت هێنە بەلاڤکرن ، بو هەر خێزانەکێ (١٠٠) هزار دینار هاتینە دابینکرن گوڕمێ گشتی یێ ڤان هاریکاریا (٣) ملیار و(٥٠٠) ملیون دینارن ب ڕێکا حسابێن بانکی دێ هێنە دابەشکرن.



هەروەسا دیارکر کو بەهرەکا برنجی لسەر (٨٧) هزار خێزانێن دی یێن کێمدەرامەت دێ هێتە دابەشکرن و بو هەر خێزانەکێ (٥٠) کیلو هاتینە تەرخانکرن و هەموو دبیتە (٤٣٥٠) تەنێن برنجی کو ب ڕێکا وەزارەتا سامانێن سروشتی هاتینە دابینکرن و ب هەڤکاری دگەل وەزارەتا کاروبارێن کومەلایەتی دێ هێتە دابەشکرن.

ئەحمەد کانی: پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە پێشەنگی بەدەستهێنانی دەستکەوتەکانە

لەڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە بەرپرسی ڕێکخراوەکانی سنووری ١٠ لیژنە ناوچەو نووسینگەی پیشەیی، بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی پارتی هەمیشە پێشەنگی بەدەستهێنانی دەستکەوتەکانە.

بە ئامادەبوونی ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەڤاڵانی کارگێڕی لق و بەرپرسانی ١٠ لیژنە ناوچەو نووسینگەی پیشەیی، مەراسیمێکی ڕێزلێنان لە بەرپرسی ڕێکخراوەکانی سنووری ئەو لیژنە ناوچەو نووسینگانە بەڕێوەچوو کە ڕۆڵی کاریگەریان لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن و بەرگری کردن لە نیشتیمان هەبووە.



لە وتەیەکدا بەو بۆنەوە،ئەحمەد کانی بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بە هەڵوێستی نیشتیمانپەروەرانەی هەڤاڵانی ڕێکخراوەکان کرد کە هەمیشە لە ڕۆژانی سەختدا لە هێڵی پێشەوەی سەنگەر و موقاوەمەت و بەرگری کردندا بوونە دژی داگیرکەران و ناحەزانی کوردستان.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا،بەرپرسی ڕێکخراوەکان کرد کە هەمیشە لە ڕۆژانی سەختدا لە هێڵی پێشەوەی سەنگەر و موقاوەمەت و بەرگری کردندا بوونە دژی داگیرکەران و ناحەزانی کوردستان.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا،بەرپرسی لقی دوو جەختی کردەوە لەوەی کە سەرۆک بارزانی ڕێکخراوەکان بە کارگەی سەرکەوتنەکان دەزانێ،ئەو ڕێزەی لەبەرپرسی ڕێکخراوەکانیش دەگیرێت،لە ئایندەدا کار بۆ ئەوە دەکەن بگاتە تەواوی هەڤاڵانی ئەو ڕێکخراوانە.

ئەحمەد کانی تیشکی خستە سەر دەستکەوتە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد و دوو‌پاتی کردەوە کە پارتی هەمیشە پێشەنگی بەدەستهێنانی دەستکەوت و شاکارەکانە،داواشی کرد کە هەموان پشتیوانی بەرنامەو پلانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بن لەپێناو خزمەتکردنی زیاتری خەڵکی کوردستان و چارەسەرکردنی ئاریشەکان.

پارادایمی بایۆ دەسەڵات لە کۆڕێکی لقی چواردا

لە چوارچێوەی چالاکییە بەردەوامەکانیدا، ڕۆژی سیشەممە ڕێکەوتی ١٠/٦ مەکتەبی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان کۆڕێکی بۆ نووسەرو ڕووناکبیر (ئەبوبەکر جاف) ساز کرد

کۆڕەکە کە لە ژێر ناونیشانی (کۆڕۆناو پارادایمی بایۆدەسەڵات) دا بوو لە هۆڵی سیمیناری‌ەکانی لقی چوارو بە بەشداری ژمارەیەک لە بەرپرس و کادیرانی سنووری لق بەڕێوەچوو ئەبوبەکر جاف لە سۆنگەی پێشکەشکردنی باسەکەیدا پاش ئەوەی پێناسەیەکی وردی بۆ دەسەڵاتە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە کرد ئاماژەی بە لایەنی مێژوویی دەسەڵات و کارەساتە مرۆییەکان داو لە ڕووی فەلسەفییەوە شیکردنەوەی بۆ مامەڵەی کۆمەڵگە لەگەڵ فەرمانەکانی دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکان کرد



بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێم، کۆمەڵێک بریارِی لەبەرژەوەندی هاووڵاتیان و شۆفێران دەرکرد

لەڕاگەیاندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پاریزگای سلێمانی بڵاوی کردەووەتەوە کەپێش نیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە بەڕێوەبەرانی هاتوچۆی پاریزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک کۆبونەوەو چەند بریارێکیاندا.

هاتووچۆی سلێمانی ڕایگەیاندووە کە هەرێمەک لەبەڕێوەبەرانی هاتوچۆی پاریزگاکانی سلێمانی و هەولێر سەردانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پاریزگای دهۆکیان کرد و لەکۆبونەوەیەکدا کۆمەڵێک بریار لەبەرژەوەندی هاووڵاتیان و شۆفێران دران. ڕاشیدەگەیەنن بریارەکانیش بریتین لە پێکەوەبەستنەوەی نیشتمانەکەمان لەپێناو بەرژەوەندی هاونیشتمانیان بەگشتی .


دواتر بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێر وێڕای دەربڕینی هەموو هاوکاری و پاڵپشتییەك بۆ شاندی میوان ئاماژەی بەرۆڵی گرنگ و ئەرك و ماندووبوونی پاسەوانانی سنوور و پۆلیسی دارستان و ژینگە کرد کە ماندوو نەناسانە شەو و ڕۆژیان خستۆتە سەریەك لەپێناو پاراستنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و ژینگەو سروشتی نیشتمانەکەمان. بێگومان ئەمەش یەکێکە لەئەرکە هەرە پیرۆزەکان کە لەڕێگەیەوە خزمەت بەنیشتمان و نەتەوەکەمانی دەکەن و هەموومان بەیەکەوە هەموو هەوڵێك دەدەین لەپێناو سەقامگیری و ئاوەدانی، هەروەها داوای لێکردن هەموو توانایەکی خۆیان بخەنەگەڕ لەپێناو پڕکردنەوەی هەر بۆشاییەکی سنوورو سزادانی هەرکەسێك کە بیەوێت زێدەڕۆیی بکاتە سەر دارستان و ژینگەی و زیان گەیاندن بەسروشتی جوانی وڵاتەکەمان.



بەرپرسی لقی 16: هەموو هەوڵێک دەدەین لەپێناو سەقامگیری و ئاوەدانی نیشتمانەکەمان

لەدرێژەی دیدارو چاوپێکەوتنە بەردەوامەکانیدا لەگەڵ تەواوی چین و توێژە جیاجیاکاندا بەمەبەستی ئاگادارکردنەوە لەئیش و کارو چۆنیەتی بەڕێوەچوونیان , بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی دکتۆر شاڵاو مەلا ئەمین خۆشناوو سامیە شێروانی و ئاواڕە هەولێری کارگێڕانی لق پێشوازی کرد لە عەمیدی ڕوکن حەماد فازل هادی دزەیی فەرماندەی پاسەوانی سنووری ناوچەی یەك و عەقید فەرمان دزەیی بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستان و ژینگەی هەولێر و لەگەڵیان کۆبوونەوە . لەدەسپێکی کۆبوونەوەکەدا شاندی میوان ئاماژەیان بەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیش و کارەکانیان کرد لەپاراستنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی بۆ ئەو مەبەستە پێیان سپێدراوە , هەروەها باسیان لەچۆنیەتی پاراستن و گرنگیدانی زیاتر بەژینگەیەکی پاك و تەندروست کرد بۆ جوانترکردنی سیمای نیشتمانەکەمان لەپێناو بەرژەوەندی هاونیشتمانیان بەگشتی .

وەزیری کارەبا..تا ئێستا 320 هەزار پێوەری زیرەک بەستراوە



وەزیری کارەبا سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی فراوانی پڕۆژەی پێوەری زیرەك کرد و ڕایدەگەیێنێت پێوەری زیرەك بۆ خزمەتی خەڵك و باشبوونی ڕەوشی کارەبایە و تا ئێستا ٣٢٠ هەزار پێوەری زیرەك بەستراوە وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان بڵاوی کردەوە کە دوێنێ سێشەممە، ئەندازیار کەمال محمد سالح وەزیری کارەبا سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی فراوانی پڕۆژەی پێوەری زیرەك کرد، لەو کۆبونەوەیەدا وەزیری کارەبا دەستخۆشی لەتیمی جێبەجێکاری پڕۆژەکە کرد و ڕایگەیاند: پێوەری زیرەك پڕۆژەیەکە بۆ خەڵك و لەخزمەتی ئەواندایە هەر بۆیە وەکو وەزارەت هیچ دریغییەك ناکەین لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە کە بەخۆشحاڵیەوە لەڕووی جێبەجێکردنەوە بەیەکێك لە پڕۆژە سەرکەوتووەکانی وەزارەت دادەنرێت و تا ئێستا ٣٢٠ هەزار پێوەری زیرەك بەستراوە.

بەرگری شارستانی بلێ ... ئاماری چەند مانگی رابردووی ئەمسالّی ڕاگەیاند



ئا - مسلم دژلەمەری / بارزان

نەقیب بەهزاد عبداللە بەرپرسی بنکەی بەرگری شارستانی بلێ ئاماری ڕوداوەکانی چەند مانگی رابردووی سالّی ٢٠٢٠ی سنوری خۆی تایبەت بۆ خەبات ڕاگەیاند و گوتی : ئێمە وەکو بنکەی بەرگری شارستانی بلێ بەحوکمی ئەوەی کە سنورمان فراوانە و ڕێژەی دانیشتوانی سنوریشمان زۆرە تارادەیەك ڕووداو لەسنورمان هەن بەڵام خۆشبەختانە هەمیشە کارمەندانمان توانیویانە بەشێوەیەکی زۆرباش و دلسۆزانە خزمەت بە هاوڵاتیانمان بکەن , ڕووداوەکانی چەند مانگی رابردووی ئەمسالّیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١-سووتانی پووش و پاوان لەوەرزی هاویندا لەسنورمان کە لە٤٧ شوێنی جیاجیا بووە و دەکاتە زیاتر لە ٤٦٥٠ دۆنم، بەمەش زیانێکی زۆر گەیشتۆتە ژینگە لە سوتانی دارو درەخت ولەوەری ئاژەلان و بگرە سوتانی دەیان گیانداری کێوی لەم ناوچەیە هەن .

٢- یەك ڕووداوی جۆری خنکان لە سنوورمان تۆمارکراوەکە ئەویش خنکانی گەنجێکی سنوری قەزای ئاکرێ بوو لە سنورمان کەبەمەبەستی گەشتکردن سەردانی دەڤەری بارزانی کردبوو.

٣-سوتانی ٧ ماڵی هاوڵاتیان ئەویش هەریەکەو بە هۆی ڕووداوی جیا جیا بووە بەڵام خۆشبەختانە زیانی گیانی نەبووە .

٤-سوتانی دەواجنێکی مریشك کە زیانی ماڵی زۆری پێکەوتبوو .

٥-سوتانی ئوتۆمبێلی هاوڵاتیەك کەئەویش بەتەواوی لەناوچوو بەبێ زیانی گیانی .

٦-سوتانی دوکانی هاوڵاتیەك لە شارۆچکەی بلێ .

کۆی گشتی زیانەکانی مادی لە گشت ڕوداوەکانی سوتان جگە لە پوش و پاوان بەپێی لێژنەی لێکۆلینەوەی ڕووداوەکان بۆ چەند مانگی رابردووی ئەمسالّ بریتی بووە لە ٣٦ ملیۆن و ٨٥٥ هەزار دینار , بەڵام دیسانەوە دەلێم سوپاس بۆ خودا کە لەم ڕووداوانەدا هیچ زەرەری گیانیمان نەبووە .

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێز، موقەدەم فەتحوڵڵا شەریف فەرەج،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(نەعیمە ئەمین ناسر) سی هاوژینی شەهید(شەریف فەرەج) و دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای مەزن داواکارین گیانی دایکی خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، ئارامی و دڵنەوایش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی مامۆستا مەلا شاکر ئەحمەد ئاکرەیی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستایی ئاینی و ئەندامی لقی ئاکرێ یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان و کادیری دیاری شۆڕشی ئەیلوول(مامۆستا مەلا شاکر ئەحمەد ئاکرەیی)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان و مامۆستایانی ئاینی دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای دلۆڤان داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا شاکر ئەحمەد ئاکرەیی بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی خوالێخۆشبوو عەبدوللا حاجی ئەردنی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان (عەبدوللا حاجی ئەردنی) ناسراو بە (عەبدوللا جخسی) مان پێگەیشت. بەم بۆنەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەی و خزم و کەسوکاری و هاوڵانی دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی ڕێبوار وەسا حاجی کێلەسپیەیی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی(ڕێبوار وەستا حاجی کێلەسپیەیی)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی حەمەدەئەمین کوێخا ئەحمەد شیلانەیی،

بە دڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی موقەدەم(حەمەدەئەمین کوێخا ئەحمەد شیلانەیی)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای دلۆڤان داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی خوالێخۆشبوو نایف عەبدولقادر مستەفا

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و هەڵگری مەدالیای بارزانییە(نایف عەبدولقادر مستەفا) مان پێگەیشت. خوالێخۆشبوو نایف عەبدولقادر مستەفا یەکێك لە پێشمەرگە قارەمان و دلسۆزەکانی ڕێزایی کوردایەتی بوو. بەم بۆنەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەی و خزم و کەسوکاری و هاوڵانی دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو نایف عەبدولقادر مستەفا بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

سلێمانی.. دەست بەلابردنی زێدەڕۆییەکانی سەر پڕۆژەی ئۆتۆبانی بابان دەکرێت







خەبات- عەلی بانیشاری

ئەندامێکی لیژنەی پلان و پڕۆژەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت: لە گۆڕینی ناوی شەقامی 100 مەتری سلێمانی بۆ شارێی بابان و پاشانیش بۆ ئۆتۆبانی بابان هیچ پرس و ڕاوێژێك بە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی نەکراوە، لە کاتێکدا دەبوو ناو گۆڕینەکە بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجوومەن یەکلایی بکرێتەوە.

بەرزان حامد ئاماژە بۆ زێدەڕۆییەکانی سەر پڕۆژەکە دەکات و دەڵێت: کەسانێك بە ئامانجی وەرگرتنی قەرەبوو زێدەڕۆییان کردووەتە سەر پڕۆژەکە و کرین و فرۆشتنیان بە زەوی ناوچەکەوە کردووە.

بەرزان حامد ئەندامی لیژنەی پلان و پڕۆژەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لەبارەی زێدەڕۆییەکانی سەر پڕۆژەی ئۆتۆبانی بابان لە سلێمانی، گوتی: هەر لەسەرەتاوە خەڵکانێك کە دەیانزانی پڕۆژەکە جێبەجێ دەکرێت دەستیان کردووە بە کرین و فرۆشتنی زەوی لەناوچەکەدا، بەو پێیەی زانیووبانە قەرەبوو دەکرێنەوە. دەشڵێت: هەر زێدەڕۆییەك کە هەبێت پێویستە لابرێت، چونکە بڕیاری سەرۆکی حکوومەت و پارێزگای سلێمانی وایە کە بەهیچ جۆر و بیانوویەك نابێت پڕۆژەکە بوەستێت. ناوبراو پێی وایە پێویستە بوو زووتر پارێزگا و شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی ڕێگری لە زێدەڕۆییەکانی سەر پڕۆژەکە بکەن، چونکە بەشێکی زۆری زەوییەکان هی ئەوانن.

لەبارەی کاتی زێدەڕۆییەکان، ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت: بەشێك لە زێدەڕۆییەکانی پێش 2013 و بەشێکی دیکەشی دوای ئەو ساڵەوە ئەنجامدراون. لەو بارەیەوە زیاتر گوتی: بەهۆی زێدەڕۆییەکانی سەر پڕۆژەکە لە قۆناغی دووەم و سێیەمی ئۆتۆبانی بابان لە هەندێك شوێن بۆ نمونە نزیك لە چاڤی لاند و ئەو شارە نوێیانەی کە دروستکراون شەقامەکە بۆ ئاستی 40 مەتر بەرتەسك کراوەتەوە. بەرزان حامد دەشڵێت: ڕێگە نادرێت لە قۆناغی یەکەم هیچ جۆرە بەرتەستکردنەوەیەك لە پڕۆژەکەدا بکرێت و پێویستە دیزاینی شەقامەکە بەو شێوەیە کە هەیە وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت.

ئەندامەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە بەرتەسك بوونەوەی شەقامەکە لە قۆناغی دووەمدا لیژنەی زێدەڕۆیی لێی بەرپرسە و پێویستە ئەوان چارەسەری بکەن. ئەوەشی گوت: ئەو لایەنەی لە دوای دیزاینی پڕۆژەکە کارئاسانیان بۆ زێدەڕۆییەکان کردووە دەبێت لە بەردەم بەرپرسیاریەتیدا بێت، بەرپرسیاریەتی ئەوەش هەڵبگرن کە واژۆیان کردووە زێدەڕۆیی بکرێتە سەر زەوی قەدەغەکراوی پڕۆژەکە. هەروەها بەرزان حامد دەشڵێت: شارەوانی سلێمانی لیژنەیەکی بۆ زێدەڕۆیی پێکهێناوە، دڵنیام ئەوان ڕێگە نادەن کە وا هیچ جۆرە زێدەڕۆییەك ببێتە هۆی ئەوەی دیزانی شەقامەکە بگۆڕێت. ئەوەشی گوت: دیزاینی پڕۆژەکە بەو شێوەی کە لە ئەنجوومەنی وەزیران پەسەندکراوە جێبەجێ دەکرێت و گیر وگرفتی نابێت.

ناوبراو گوتیشی: بۆ جێبەجێکردنی دیزاینی پڕۆژەکە هەوڵدەدەین چاودێرییەکی باش و وردی بکەین و چاوپۆشی لە هیچ کەس ناکرێت ئەگەر بەیەوێت زێدەڕۆیی بکاتە سەر شەقامەکە، لیژنەی زێدەڕۆیی پڕۆژەکە لەبەردەم بەرپرسیارەتی گەورەدایە و پێویستە کارەکەی خۆیان پیشەیانە جێبەجێ بکەن. ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد دوایان کردووە ئەندامیان لە چاودێرکردنی پڕۆژەکەدا هەبێت، بەڵام وەڵامیان نەدراوەتەوە. وەکو بەرزان حامد دەڵێت: داواکاری ئێمە بۆ بوونی ئەندام بۆ ئەوە بووە ڕێگە نەدەین چاوپۆشی لە هیچ کەسێك بکرێت کە گرفت بۆ پڕۆژەکە دروست بکات یان زێدەڕۆیی بکاتە سەری.

باسی لەوەشکرد لیژنەکەیان بە نووسراوێك داوای لە دەستەی سەرپەرشتیاری پڕۆژەی ئۆتۆبانی بابان کردووە مانگانە ڕاپۆرتی خۆیان بدەن ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، بۆ ئەوەی ئەنجوومەن لە نزیکەوە ئاگاداری قۆناغەکانی بەڕێوەچوونی پڕۆژەکە بێت. بەڵام وەڵامی نوسراوەکەیان نەداوەتەوە. گوتیشی: داواکاری ئێمە بوونی بوونە ئەندام لە لیژنەکان بۆ ئەوە بە ئەرکی خۆمان دەستین کە چاودێری و بەدواداچوونە. سەبارەت بەو هاوڵاتیانەی مووڵکیان دەکەوێتە سەر پڕۆژەکە، بەرزان حامد دەڵێت: لیژنەیەك بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هاوڵاتیانە پێکهێناوە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕاپۆرت نادرێتە ئێمە وردەکارییەکەی نازانین.

لەبارەی گلەییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر گۆڕینی ناوی شەقامەکە، بەرزان حامد گوتی: ئەنجوومەنی پارێزگا بەپێی یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2009 کار دەکات، کە دەسەڵاتی بریتییە لە چاودێری و بەدواداچوون، بە گوێرەی یاسا دەبوو گۆڕینی ناوی شەقامەکە بۆ ئۆتۆبانی بابان بگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی و ئەنجوومەن ئاگاداری ئەو بابەتە بێت و بە ڕاوێژ یەکلای بکرێتەوە. هەروەها گوتیشی: هەر ناو گۆڕین و ناولێنانێك لە شەقامێکی گرنگی وا دەبێت بۆچوونی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی تێدا وەربگیرێت، بەڵام ئەوە نەکرا و بەسەر ئەنجوومەندا تێپەڕی.

ئۆتۆبانی بابان کە لەسەرەتادا کە ناوی شەقامی 100مەتری شاری سلێمانی بوو لە 2013 بەردی بناغەی دانرا، بەڵام قەیرانی دارایی و شەڕی داعش پڕۆژەکە دواخست، ئەمە بێ لە بوونی چەند گرفتێك لەگەڵ کۆمپانیای جێبەجێکاری پڕۆژەکە. مانگی 7ی ئەمساڵ بۆ جاری دووەم لەلایەن سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە بەردی بناغەی دانرا. قۆناغی یەکەمی پڕۆژەکە لە پردی تاسڵوجە دەستپێدەکات و لە نزیك (دەمرکان) دەچێتەوە سەر شەقامی سەرەکی سلێمانی-هەرێمت. ئەم قۆناغە 400 ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە درێژیەکەی 32 کیلۆمەترە و کۆمپانیای قەیوان جێبەجێی دەکات. بەرزان حامد لە کۆتایدا دیانەکەدا گوتی: لە ئێستادا هیچ جۆرە ڕێگریەك لە بەردەم جێبەجێکردنی پڕۆژەکەدا نەماوە و کارکردن لە ئۆتۆبانی بابان بە شێوەیەکی باش بەڕێوەدەچێت.



بەرزان حامد:

لیژنەیەك بۆ قەرەبووکردنەوەی هاووڵاتیان پێکهێناوە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕاپۆرت نادرێتە ئێمە، وردەکارییەکەی نازانین

لە هەندێک شوێن شەقامەکە بۆ ئاستی 40 مەتر بەرتەسک کراوەتەوە

هەولێر کۆنکریت و قیرتاوکردنی کۆڵان و شەقامەکان بەردەوام دەبێت



خەبات: فاتیح بەرزنجی

ئەندازیار تارا عەبدولغەنی بەڕێوەبەری شارەوانی سێ بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سنووری بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سێ بریتییە لە گەڕەکانی برایەتی و بەستەپیازەو گەڕەکی شورتەو دۆلاراوەو گوڵان و شێخ ئەحمەدو گەڕەکی سەفین یەك و دوو لەگەڵ سەفین سێ و ناوچەی پیشەسازی و خانووەکانی کارگەی جگەرەو دەواجین و هەولێری نوێ و سێبەردان تا ڕێگای کەسنەزان و شەقامی 100 مەتری بەرانبەر نەخۆشخانەی رزگاری، هەموو دانیشتوانی ئەو شوێنانە ڕۆژانە دەتوانن سەردانیان بکەن بۆ ڕاپێکردنی مامەڵەکانیان. دەربارەی کارو پڕۆژەکانیان بۆ دانیشتوانی ئەو سنوورە ئەندازیار تارا عەبدولغەنی بەڕێوەبەری شارەوانی سێ وردەکاری زیاتر بۆ ڕۆژنامەی خەبات باس دەکات:

مامەڵەی هیچ کەسێک دوا ناکەوێت

دەربارەی ڕاپێکردنی ئیشوکاری هاووڵاتیان بەڕێوەبەری شارەوانی سێ گوتی: ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی ئەو سنوورە بۆ ڕاپێکردنی مامەڵەکانیان سەردانیان دەکەن، بەڵام ئەو سەردانیکردنە بەپێی مەرجە تەندروستییەکان دەبێت و نابێ قەرەباڵغی دروست بکەن و پێویستە ماسك بپۆشن، هیچ مامەڵەیەکیش دوا ناکەوێت و هەر هاووڵاتییەکیش کێشە و سکاڵایەکی هەبێت دەتوانێ ڕاستەوخۆ سەردانی ژووری بەڕێوەبەر بکات، ئێمەش هاوکاری تەواوی دەکەین.

تارا عەبدولغەنی دەڵێت: مامەڵەی مۆڵەتی باڵەخانە لیژنەیەکی هاوبەش لە چەند فەرمانگەیەك پێك دێت وەك سەرۆکایەتی شارەوانی و نەخشەی ئاوەدانی و بەرگری شارستانی و دەبێ ئەو پڕۆژەیە لە شەقامی 40 مەتری و 60 مەتری و 100 مەتری و 120 مەتری و کارەکانیش بەپێی مەرج و ڕێنمایی دەبێت و لە گەڕەکە تازەکان مامەڵەی زیاتری هاووڵاتیان بۆلای ئێمە دێت وەك گەڕەکی هەولێری نوێ مامەڵەی زۆری خەڵکیان بۆ دێت و لەو گەڕەکە پڕۆژەی زۆری شەقام دروستکردن ئەنجامدراوەو لەگەڕەکی سێبەردانیش کە ژمارەیەکی زۆری خانوو دروستکراوەو لەسەر فەرمانێکی وەزارەتی شارەوانی نۆژەنکردنەوەی خانوو مۆڵەتی پێ دەدرێت و زیادکردنی ژوور دروستکردن مۆڵەتی پێ دەدرێت و زەوییە بەتاڵەکان مۆڵەتی خانوو یان پێ نادرێت و هەوڵماندراوە چەندین دەرخستە بۆ چەندین شوێنی ئەو سنوورە ئامادەبکەین و کارو پڕۆژەی زۆر بۆ دانیشتوانی ئەو سنوورە ئەنجامدراوە.

قیرتاو کردن و کۆنکری کردنی چەندین شەقام لەو سنوورە

پاشان ئەندازیار تارا عەبدولغەنی بەڕێوەبەری شارەوانی سێ سەبارەت بە قیرتاوکردنی کۆڵان و شەقامەکان ڕوونیکردەوە: لەگەڕەکی هەولێری نوێ چەندین شەقام ئامادەکراوە و شۆستەشی بۆ دانراوە و پڕۆژەی ئاوەڕۆشی بۆ ئەنجامدراوەو دوو دەرخستەی بۆ کراوەو ڕەوانەی سەرۆکایەتی شارەوانیش کراوە، لەپلاندایە کە کاری قیرتاوکردنیشی بۆ ئەنجام بدرێت و هەر لەو گەڕەکە پێشتر چەند شەقامێك قیرتاوکراوەو لەگەڕەکی سێبەردانیش چەندین کۆڵان کۆنکریتی بۆ کراوەو لەمانگی ڕابردووش بەبڕی 19 ملیۆن دینار کۆنکریت ئەنجامدراوەو قۆناغی دووەمیشی هەیەو لەپلاندایە کار بۆ ئەو قۆناغەش بکرێت، هەروەها هەوڵماندراوە هەموو چاڵەکانی شەقامەکانی ئەو سنوورە چاك بکەینەوە.

دواتر بەڕێوەبەری شارەوانی سێ دەربارەی ناوچەی پیشەسازی باکوور کە کاسبکاران و پیشەوەران پابەندی پاك و خاوێنی ئەو شوێنە نابن ڕوونیکردەوە: ئەو کۆمپانیایەی کە کاری خاوێنکردنەوەی ئەو شوێنە دەکات و لەهەفتەیەکدا چەندین جار ئەو شوێنە لە زبڵ و خاشاك پاك دەکاتەوە بەداخەوە هەندێ کەس پابەندی پاك و خاوێنی نابێت وحاویەی زبڵیش لەوشوێنە هەیە و پاشماوەکە فڕێ دەدەنە دەوروبەری حاویەکە و چەند جارێکیش هەڵمەتی خاوێنکردنەوەی کۆنەئاسن و پاشماوەی پارچە ئاسنی بێ کەڵکی ئەو شوێنەماندراوەو دوای ماوەیەك دووبارە ئەو کۆنە ئاسن و پاشماوانە فڕێ دەدرێتەوەو وەکو خۆی لێ دێتەوە، ئێمە نامانەوێ هیچ کەسێك غەرامە بکەین، بەڵام ئەو کاتەی سەرپێچی دەکەن ناچار دەبین سزای ئەو کەسانە بدەین کە سەرپێچی دەکات و داواش لە پیشەوەرانی ناوچەی پیشەسازی دەکەین کە پابەندی پاك و خاوێنی بن و پاشماوەی ئاسن فڕێ نەدەن و سەرپێچی نەکەن و چەندین هەڵمەتمان بۆ خاوێنکردنەوەی گۆڕەپانی ناوکۆڵانەکان ئەنجامداوەو داوا لە هاووڵاتیانیش دەکەین کە زبڵ و پاشماوە فڕی نەدەنە ناو گۆڕەپانەکان وەدەتوانن زبڵ و پاشماوەی خۆیان بخەنەناو حاویەی زبڵ و لەبەردەمی ماڵەکانی خۆیان دابنێن تا ئوتومبیلی کەپس دێت بۆ هەڵگرتنی حاویەی ماڵەکان.



ئەندازیار تارا عەبدولغەنی:

نامانەوێ هیچ کەسێك غەرامە بکەین، بەڵام ئەوانەی سەرپێچی دەکەن ناچار دەبین سزایان بدەین



گەشە یاسین کاری دەستی و تابلۆی هونەری و ئێکسسوارات بە چنین و ئەتەمین دەکات

دیانە/ پەریهان عومەر

کاری دەستی جگە لەوەیکە هونەرە و خانمان لەو رێگەیەوە خۆیان دەسەلێنن، لە لایەکیترەوە دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی داهات و زۆر ئافرەت لەو رێگەیەوە خۆیان و بنەماڵەیان دەژێنن. ئەوە جگە لەوەیکە لە باری ڕۆحییەوە متمانەبوخۆبوون و دڵنیاییەك دەداتە ئافرەت و دەبێتە هۆکار تا بە باشترین شێوە کاتە بەتاڵەکانی بەکار بێنێت. بۆ بایەخ پێدان بەو بەشە و پاڵپشتییەك لەوەیکە ئەم هونەرانە لە رێگەی تێپەڕبوونی زەمەن نەفەوتێن خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین کە ئەو ئافرەتانە بناسێنین.



یەکێك لەو ئافرەتانە کە سەرەڕای خوێندنی زانکۆ چاوەڕێی دامەزراندنی نەکردووە و پشتی بە خۆی و هونەرەکەی بەستووە)گەشە یاسین(٥. گەشە یاسین لەدایکبووی شاری سلێمانییە و ئەندازیاری لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە. ماوەی زیاتر لە ٣ ساڵە لە بواری هونەری دەستڕێنگینی کار دەکات و خاوەنی ناوبانگێکی باشە و کارەکانی بوونەتە شوناسی ئەم خانمە دەستڕەنگینە کە هونەرێکی دەگمەنە بە ناوی ئەتەمین.

ئەتەمین چییە؟

گەشە لە بارەی هونەرەکەیەوە بەرچاوڕوونی دەدات کە: ئەتەمین هونەرێکی دەستڕەنگینی چنینە بە دەزوو لەسەر قوماش دەچنرێت بە شێوەیەکی هونەری ئەندازەیی. لە بارەی ئەوەیکە چۆن ئاشنا بەو هونەرە بووە و فێری بووە وتی: ئەم جۆرە چنینە ئەتەمین لە کۆندا زۆر باو بووە زۆربەی ئافرەتان لە کۆندا لەم جۆرە چنینەیان چنیوە. دایکی منیش لە ساڵانی زوو زۆر کاری ئەتەمینی چنیوە و دەستڕەنگینیەکی زۆر باشی هەبووە. منیش هەر لە منداڵییەوە لەوەوە فێر بووم و شارەزاییەکی باشم لەوەوە وەرگرتوە و وەکو حەز و خولیایەکی خۆم حەزمکرد زیاتر پەرەی پێبدەم و خەڵك کارەکانم ببینن و ئەم هونەرە زیندوو کەمەوە و خەڵك زیاتر شارەزای ئەتەمین ببن.

چۆنیەتی پێشوازی خەڵك لەم کارە

گەشە یاسین دەربارەی گرنگی پێدان و پێشوازی خەڵك لە کارەکانی دەڵێت: پێشوازییەکی زۆر باش و پشتگیرییەکی زۆر باش لە کارەکانم کراوە، بەڵام بە گشتی بە داخەوە کاری دەستی لە کوردستان ئەو گرنگییەی پێنەدراوە. هیوادارم لە داهاتوودا کاری دەستی لای خەڵك وای لێبێت زیاتر گرنگی و بایەخی پێبدرێ.

تایبەتمەندی هونەری ئەتەمین

گەشە لەسەر جیاوازی ئەتەمین لەگەڵ کارە دەستییەکانی تر ڕوونکردنەوە دەدات کە: هەر کارێکی دەستی تایبەتمەندی و ماندووبوونی خۆی هەیە. ئەتەمین کار لەسەر چنین و دیزاین و تەرکیز و وردەکارییەکی زۆر دەکات تا ڕادەیەك جیاوازە لە چنینەکانی تر. زیاتر ماندووبوون و تەرکیزی دەوێت، چونکە بێجگە لەوەی چنینە کارێکی هونەری و ئەندازەییە.


و خاوەنی ناوبانگێکی باشە و کارەکانی بوونەتە شوناسی ئەم خانمە دەستڕەنگینە کە هونەرێکی دەگمەنە بە ناوی ئەتەمین.

ئەتەمین چییە؟

گەشە لە بارەی هونەرەکەیەوە بەرچاوڕوونی دەدات کە: ئەتەمین هونەرێکی دەستڕەنگینی چنینە بە دەزوو



چۆنیەتی هاوبەشی پێکردنی ئەرکەکانی خێزان لە نێوان هاوسەران



ئا/ ژیلا کەریمی

بنەمای هاوسەرگیری لەسەر هاوبەشی، هاودڵی و هاوهەنگاوی ژیانی ئەمرۆ و کێشەکانی دەخوازێت کە ئافرەتیش بەشداری کارکردن لە دەرەوەی ماڵەوە بکات و کچانی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەی ئەم سەردەمە بێشك ناتوانن تەنیا بە گۆشەی چێشتخانە قایل بن و بەمشێوەیەش ئافرەت لە کاری دەرەوە و ئابووری ماڵەوە هاوکار و هاوبەشی پیاوە. بێشك پیاویش دەبێت لە ماڵەوە یارمەتیدەری بێت و گەر هاوسەران بە پێی ئەو نەریتەی پێی پەروەردە بوون لە نێوانیان سنوری کۆمەڵایەتی هەبێت ڕەنگە هیچ کات ئەو نزیکبوونەوە و هاوبەشییە ڕوونەدات.

پێشووتر دابەشکردنی ئەرکەکان لە نێوان هاوسەران بە ڕوانگەیەکی کلتووری ئەنجامدراوە و لە سنور و چوارچێوەیەکی تایبەتدا بووە، بەڵام ژیانی ئەمڕۆیی و هاتنی ئافرەتان بۆ دونیای کار و ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێت هاوکات بێت لەگەڵ گۆڕینی ڕوانگە و هاوکاری پیاوان لە ئەرکەکانی ماڵەوە. ئەگەر پیاوانی ئێستا وەك هی نەوەی پێشووتر کاری ماڵەوەیان پێ شەرم بێت و بە ناو و ناتۆرەی هۆمەر و زەلیل و... یەکتر بناسێنن ئەوا قەت ناتوانن خۆیان لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانە بگونجێنن.

هەر چۆن ئافرەت ئێستا بەهاتنی بۆ دنیای کار، یارمەتی مادی هاوسەری دەدات، پیاویش دەبێت هەست بەوە بکات کە پێویستە یارمەتیدەری هاوسەری بێت و تۆزێك بارگرانی ئەرکەکانی ماڵەوە و منداڵان لەسەر شانی هاوسەری کەم بکاتەوە، چونکە ئافرەتی ئەو سەردەمە دانێك لە ڕۆژ لە دەرەوەی ماڵ بەسەر دەبات.

ڕەچاوی چەند خاڵێك لەو هاوکارییە بۆ ئافرەتان گرنگە وەك: قەت داوای هاوکاری نەچێتە چوارچێوەی فەرمان پێکردن و بە پێچەوانە خۆتان مەزلوم و غەدرلێکراو پیشان مەدەن.

هیچ کات بابەتی هاوکاری لە نێو شەڕ و کێشەکان باس مەکەن. کاتێك هاوسەرتان ئەو بەڵێنانەی بۆ هاوکاری پێبدابوون ئەنجامی نەدا تەنیا پرسیار بکەن ئایا ئێستاش مەیلی بۆ هاوکاری هەیە و گەر هاوکاریتان بکات زۆر سوپاسگوزارن.

کاتێك مێردەکەتان هاوکاری کردن بە هیچ شێوەیەك دووبارە بەو بیانوویەی بە باشی نەیکردووە ئەنجامی مەدەنەوە، ئافرەت و پیاو زۆر جیاوازن و هیچ کات چاوەڕێ مەکەن پیاوێك وەك ئافرەت ورەکاری پاککردنەوە بزانێت.

یەکێك لە باشترین ڕێکارەکان بۆ هاوکاری لە ماڵەوە ئەوەیە کە هەر کەسێك کارە تایبەتەکانی خۆی ئەنجام بدات لە ژن و پیاو و منداڵەکان، گەر ئەوە ببێتە کلتور کە هەر ئەندامێکی خێزان کارە تایبەتەکانی ئەنجام بدات بۆ وێنە ژووری خۆی ڕێکبخات و جل و کەونتەری شپرزە نەکات ئەوا نیوەی کێشەکان چارە کراون و نابێت ئەوە لەبیر بکرێت کە پیاوی ماڵەوە باشترین نموونەیە بۆ منداڵەکان و دەتوانێت ببێتە ڕێنیشاندەرێك بۆ هاوکاری لە ماڵەوە.

لە لایەکیتر هەبوونی هەستی سوپاسگوزاری زۆر گرنگە. گەر پیاوان هەست بکەن کە کاتێك هاوسەریان ماندووە بە یەك سوپاسگوزاری چ کارێکی مەزن لە ڕۆح و دەروونی هاوسەریان دروست دەکەن ئەوا قەت ئیهمالی تیا ناکەن. لەیاد مەکەن کە کاری ماڵەوە کارێکی بێ مووچە و بێ پشووە، بۆیە پێویستە ناوە ناوە بە وشەی سوپاست دەکەم ماندوونەبوونییەك لە خێزانتان بکەن.

کاتێك کە منداڵ دێتە نێو ژیان بێشك زیاتر هەست بەو هاوکارییە دەکرێت، هەروەها پێویستە دایك و باوك لەو بابەتە ئەوەندە هاوکار و نزیك بن تا منداڵ بتوانێت لە هەر دوو لایەن نموونەی ڕەفتاری وەربگرێت، چونکە گەر یەك لایەنە بێت ئەوا لە داهاتوودا ئەو منداڵە لە ڕووی پەروەردەییەوە تووشی کێشەی دەکات.



خۆپارێزییەکانی کاتی سۆڕی مانگانە

دکتۆرە گوڵان:

خۆشوشتن لە ماوەی سۆڕی مانگاندا دەبێتە هۆی زیاد کردنی ئەگەری توشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجەی هێلکەدان و مەمک

ئاوریشە عومەر

کاتی سۆڕی مانگانە کاتێکی هەستیارە بۆ ئافرەتان و پێویستە زانیاری و ڕۆشنبیری تەواویان لەو بارەوە هەبێت تا تەندروست و سەلامەت بن بەتایبەت کە خستنەوەی نەوەیەکی تەندروست لە سایەی ئەو خۆپارێزییانە دەبێت. یەکێك لەو پرسیارانە کە ئافرەتان بۆیان دێتە پێش ئەوەیە کە ئایا لە کاتی سۆڕی مانگانە دەکرێت خۆت بشۆیت یان زیانی هەیە؟ ئەم پرسیارەمان ناڕاستەی (دکتۆرە گوڵان ئەحمەد) پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و لەدایکبوون کرد.

خۆشوشتن لە کاتی سۆڕی مانگانە

دکتۆرە گوڵان وتی زانستی نوێ سەلماندوویەتی کە خۆشوشتن لە ماوەی سۆڕی مانگاندا دەبێتە هۆی زیادکردنی ئەگەری توشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجەی هێلکەدان و مەمك لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا.

هەورەها لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکی نوێ کە لەسەر 30 هەزار نەخۆشی تووشبوو بە شێرپەنجە ئەنجام دراوە ئەوەی دەرخستووە توشبووان کەسانێك بوون کە لە کاتی سۆڕی مانگانەدا سەر و لاشەیان شوشتووە و شتی قورسیان هەڵگرتووە و خواردن و خواردنەوەی ساردیان خواردووە. هەموو ئەو شتانە بووەتە هۆی ئەوەی کە هێلکەکان بە تەواوەتی لە هێلکەدانیان نەیەنەوە خوارەوە و ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوون و کۆبوونەوەی مادەی ژەهراوی و تێکچوونی هۆرمۆنەکانی لەش.

کەواتە چی بکرێت؟

ئەوپسپۆڕە لە دووماهیدا گوتی: پێویستە لەکاتی سۆڕی مانگانەدا پەیڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:

1ـ لە خواردن و خواردەمەنییە سارەکان دوور بکەوە و بایەخ بدرێت بە سەوزە و میوە.

2 ـ لە شوشتنی سەر و لاشە لەماوەی سۆڕی مانگاندا، دوور بکەوینەوە.

3 ـ خۆماندوونەکردن و هەڵنەگرتنی شتی قورس و خۆپاراستن لە سەرما.

ئەمانە دەبنە هۆی پاراستنی خانمان.

ئافرەت و خاڵ

سەڵانێکە خاڵی ڕووی ئافرەتان بۆتە هەوێنی شیعری شاعیران و بە دەیان جۆر شیعر و هەڵبەست بەسەر خاڵی گۆنا و سەر لێو و ... وتراوە. ئەو سرنجەی سەر خاڵ تەنیا تایبەت نەبووە بە ئافرەتانی ڕۆژهەڵاتی و ئافرەتانی ئەوروپییش بایەخیان بە خاڵ داوە و تەنانەت خاڵی دەسکردیشیان بەکارهێناوە. لە سەدەی 18ی زایینی ئافرەتانی ئەوروپی خاڵی دەسکردیان بەکار هێناوە ئەویش وەك زمانێکی ئاماژە و بۆ گەیاندنی مەبەستێکی تایبەت. بۆ وێنە خاڵی سەر لێو بە مانای سەڵت بوون دادەنرا و بۆ تێگەیاندنی ئەوەیکە هێشتا هاوسەرگیری نەکردووە. خاڵی سەر گۆنای لای ڕاست واتا هاوسەرگیری کردووە و گەر هەمان خاڵ لەسەر گۆنای چەپ دانابا بۆ گەیاندنی مەبەستی بێوەژن بوون بووە.





ئەمەریکا بۆچی عێراقی لا مەبەستە!!!



مستەفا قایتەوەنی /لەندەن

ئەمەریکا بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام هاوپەیمانییەکی گەورەی دروست کرد لەنێو هاوپەیمانەکانیشدا کە دروستی کردبوو دەنگی نارازی هەبوو پێیان وابوو کاتەکە بۆ گۆڕینی ڕژێمی بەعس لەبار نیە و ئایندەی عێراقیان بە ڕوونی نەدەبینی، نمونەش فەرەنسا بوو کە ئەوکات ژاک شیراک سەرۆک کۆمار بوو، هەڵوێستێکی توندی لە ڕووخانی سەدام هەبوو، تورکیاش کە ئەندامێکی کارای هاوپەیمانی ناتۆ بوو هاوکات هاوپەیمانی ئەمەریکاش بوو کەچی ڕیسەکەی ئەمەریکای کردەوە بە خوری و پلانی سەربازی بە ئەمەریکا گۆڕی و ڕێگای نەدا خاکەکەی بەکار بهێنن بۆ ڕووخانی ڕژێمی بەعس، هەرچی ئێران و سوریاش بوو نە ئەمەریکا داوای لێکردن نە ئەوانیش ئامادەییان تیا بوو هاوکاری ئەمەریکا بکەن، هەرچەندە هەردوو وڵات ڕووخانی ڕژێمی (سەدام) یان پێ خۆش بوو.

ئەمریکا و بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی گورزی سەربازییان وەشاند و ڕژێم کەوت، ئەمەریکا وەک حاکمی مەدەنی و سەربازی بە دوو باڵەوە حوکمی عێراقی دەکرد، شیعە کەوتە تۆڵە سەندنەوە و سوننە کەوتە هەڵهاتن و دوورکەوتنەوە لە پرۆسەی سیاسی و کوردیش بە ناتفاقی و ناتەباییەوە ڕووی کردەوە بەغدا و ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری بینی هەر لەنووسینەوەی دەستوور و بنیاتنانەوەی سوپا و دیپلۆماسییەتی عێراق بەڕووی دەرەوە و زۆر بواری تریش.

هەندێ جار ئەمەریکا کوردی وەک بەڵانسی سیاسی لەعێراق بەکار دەهێنا، چونکە ئەمەریکا مەبەستی بوو عێراقێکی مۆدێرن و هاوچەرخ بە پیادەکردنی دیموکراسی نیشانی جیهان بدات، هەوڵی زۆری چڕوپڕی بۆدا، بەڵام شەڕی تائیفی و مەزهەبگەرای ڕیسەکەی لەئەمەریکا کردەوە بەخوری، تا وای لێهات سوپای ئەمەریکا لە زۆر شوێنی عێراق بوونە ئامانج، چ لە ناوچە سوننەنشینەکان چ لە ناوچە شیعەنشینەکان سوپای ئەمەریکا بە قەناس و ئۆتۆمبێلی بۆمب ڕێژکراو و جۆرها چەکی قورس و سوکیان بەرانبەر بەکار دەهێنرا و هەزاران سەبازی ئەمەریکا کوژران و بریندار بوون، سوننەکان سەربازە ئەمریکییەکانیان لە فەلوجە هەڵواسی، شیعەکانیش ئەمریکایان بە دوژمنی خودا و ئیمام وەسف دەکرد.

ئێران توانی بیێتە خاوەنی ڕاستەقینەی عێراق و توانی بەڕێککەوتنێک سوپای ئەمەریکا لە عێراق بکاتە دەرەوە، چاودێرانی سیاسیش دەڵێن ئەمەریکا عێراقی هاوشێوەی سینییەکی پڕ لەشرینی ڕادەستی ئێران کرد تا گەیشتە ئەوەی ئێران توانی هیلالی شیعی لە تارانەوە بۆ دیمەشق بکێشێ کە سەدان سااڵ بوو خەونی پێوە دەبینی دوای ئیمپراتۆریەتی فارسی !!

شەڕی دژ بەداعش و دروستکردنی حەشدی شەعبی بەفتوای مەرجەعییەت ئەوەندەی تر پێگەی ئێرانی بەهێزتر کرد و دەستی کراوەتر کرد، هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی تاران گەیشتنە ئەو ڕاشکاوییە سیاسییە لە میدیاکانەوە ڕاوێژکارێکی دیاری سەرۆک کۆماری ئێران بڵێ دیمەشق و سەنعا و بەیروت و بەغداد پایتەختی دووەمی کۆماری ئیسالامی ئێرانن!!

لەماوەی هەشت سااڵی ڕابردوو تا کۆژرانی قاسم سلێمانی هیچ کابینەیەکی حکوومەت لەعێراق بەبێ ڕەزامەندیی تاران و ئایەتوڵاڵ خامنەیی کە لەڕێگای قاسم سلێمانییەوە دروست نەدەبوو، هەندێ جار تاران وەزیرەکانی کابینەکانی حکوومەتی ڕەت دەکردەوە دەبوو کەسانی تر دابنرێن!

بۆیە ئەمەریکا لەدوای ئەو هەموو زیانە ماددی و مرۆییەی سوپاکەی و نیگەرانی و نارەزایی شەقامی ناوخۆی ئەمەریکا سیاسەتی سەرۆکی نوێی ئەمەریکا دۆناڵد ترامپ هاتنەوەی ئەمەریکا بوو بۆ ناوچەکە بەتایبەتیش کەنداوی عەرەبی و گرێبەستی سەدان ملیار دۆلاری چەک و تەقەمەنی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، ئیدارەی ترامپ بە گەرموگوڕتر گرنگی دا بە ئامادەبوونی ئەمەریکا لەعێراق تا گەیشتە هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ ئیسرائیل بە لێدانی بنکە و بارەگاکانی گروپ و میلیشیاکانی نزیک لە ئێران و کوشتنی قاسم سلێمانی لەبەغدا کە پەیامێکی ڕوونی ئەمەریکا بوو بۆ ئێران .

ئەمەریکا بۆچی عێراقی لامەبەستە!! بە دەرچوونەوەی دۆناڵد ترامپ پێ دەچێ ئەمەریکا جۆرێکی تر مامەڵە بکات لەناوچەکە و پلانی تری هەیە و واشنتۆن عێراق بۆ کەس بەجێ ناهێڵێ و دارشتنەوەی نەخشەی نوێی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست لە عێراقەوە دەست پێ دەکاتەوە، دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکاش وەاڵمی زۆر پرسیارمان دەداتەوە ....



خۆناچەمێنین، واتە سەرکەوتنی ریفراندۆم، خۆڕاگری و سەربڵندییە

ڕێبوار حەمەلاو شوانی

خاکی کوردستان کەوتۆتە ناوچەیەکی گرنگ و هەستیار لە ڕووی سیاسی ، ئابووری و هەروەها فرە نەتەوە و ئایین وئایینزاکانەوە، کە بە هۆی هەڵەی زەق و گەورەی زلهێزان و بەرژەوەندیخوازان وایانکردووە کە بەردەوام کار بۆ سڕینەوەی مۆرکی نەتەوایەتیان بکەن و هەموو جۆرە چەك و پیلانگێڕییەکیان بەکارهێنا تا ئیرادەی لەبن نەهاتوومان بشکێنن ، بەڵام خۆڕاگری و بەرخۆدانی دەیان ساڵەمان بەرامبەر هەموو ئەو ستەمکاریانە وایکردووە کە بە سەربڵندی بمێنینەوە و هیچ کات خۆمان بۆ داگیرکەران ونەیارانمان نەچەمێنینەوە.

هەموو ئەو گوشارانەی داگیرکەران و نەیارانمان لە ماوەی سەدەی ڕابردوو ، چ لە ڕووی سیاسی، کۆمەاڵیەتیی و ئابووری و دەروونییەوە و هەروەها تەسلیم نەبوون و بەرخۆدانمان لە بەرامبەر ڕەشەی ناحەزان وایکردووە کە بۆ هیچ دوژمێنێك خۆمان نەچەمێنین و وەك چیاییەکی پۆاڵیین بوەستینەوە . مێژووی دوێنی و ئەمڕۆمان گەواهیدەری خۆڕاگری و قارەمانییەتی گەلی کوردە ، ئەگەر دوێنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانمان بەرامبەر چوار وڵاتی داگیرکەران و ئیمپراتووریەتەکانی ئەو سەردەمە وەستانەوە و ئەمڕۆش بەهەمان شێوە پێشمەرگە لە سەر زاری هەموو ناوەندە سەربازیی و ئاکادیمی سیاسییەکانی جیهان پێشمەرگە و گەلی کوردیان بە بەهێزتر سوپای زەمینی هەژمار کرد . زۆرێك لە سەرکردەکانی جیهانیش بە زمانی خۆیان وەسفی ئازایەتی و خۆڕاگری شەڕی کوردنیان کرد. کە ئەوەش فەلسەفەیەکی بۆ نەوەی کورد.

بەدرێژایی خەباتی دەیان ساڵەی گەلەکەمان ، لە پێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکان ، بەردەوام و خوێن و گیان ئامادەبووە لە ناو ئەوەی گەل و نەتەوەیەك.شۆڕشەکانی گەلی کورد، هەر لە شێخ مەحمودی نەمر، کۆماری کوردستان، شێخ سەعید، شێخ عەبدولسەلام، شۆڕشی مەزنی ئەیلول، شۆڕشی پێشکەوتنخوازی گوڵان توانییان چۆك بە دوژمنان دابێنن و ڕێکخەوتنامەی ساڵی 1970 لەگەڵ ڕژێمی ئەو کاتی عیراق مۆر بکەن و دواتر بەرهەمی شۆڕشی گوڵان و کیمیا باران و ئەنفال و کۆڕەو و ڕاپەڕینە شکۆمەندەکەی بەهاری 1991، پەرلەمان، حکومەتی فیدراڵی و دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش ریفراندۆمی سەربەخۆیی و ئینجا شەڕی جیهانی تیرۆر و پاراستنی کوردستان بە بەخشینی نزیکەی 2000 شەهید و دواتر پاراستنی دەسکەوتەکانی کوردستان لە دوای پیلانگێڕی 16 ی ئۆکتۆبەر و ئێستاش کوردستانێکی بەهێزتر کە هەموو ئەو دەستکەوتەپارێزراو و شانازیی و سەرویریانەلە فەلسەفەی خۆنەچەماندن بۆ بوونی پێشمەرگە و ڕابەرایەتییەکی حەکیمانە دەگەڕێتەوە و مێژووش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە ، کە میللەتی کورد خاوەن مێژوویەکی پڕ شانازی و سەروەرییە و هیچ کات لەسەر مافی ڕەوای خۆی سازش بۆ هیچ کەسێك ناکات.



ریفراندۆم نەمرە

فارس قادر فەقێ عەبدوڵڵا *

تەمەنی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان سێ سالی تێپەراندو کە لە 25/9/2020 ئەم سال سێیەم مۆمی تەمەنی لە کوردستان داگیرسا بە کۆڕایی چاوی دوژمنان و خۆفرۆشان ئێستا وا پێ دەنێتە ناو چوارەمین سال لە تەمەنی, شوکر بۆ یەزدان ئەم ریفراندۆمە بە هیمەتی ریفراندۆمچیەکان بە بڕواو قەناعەتی 92.7% گەلی کورد لە کوردستانی باشور وە بە دل خۆشی و پالپشتی هەموو کوردێکی بەشەرەف و ئازادیخواز لە گشت جیهان بە تایبەت لە هەرچوار پارچەکەی کوردستان وە لە کوردانی جۆرجیاو روسیاو لوبنان و ئوردن و ئەرمینیاو مصر و هەموو ئەوانەی چەندین سەدە بەر لە ئێستا بەهۆی کوردبوونیان ئاوارە و دەربەدەر بوونە بەڵێ توانی لەسەر پێی خۆی بمێنێ و ڕەگی خۆی داکوتێ وەك کۆرپەیەکی جوان و چاوگەش وە لە ماوەی ئەو سێ ساڵە ڕۆژ بە ڕۆژ جوانتربێت و بەژن و باڵای گەورەتربێت و بۆن و بەرامی کوردستان بۆن خۆشتر بکات بەڵێ ئەمڕۆ بەڕەو ساڵی چوارەم دەچین پێ دەنێینە ناو ڕۆژانی سەرەتا لە سالی چوارەم ئێمەی ریفراندۆمچیەکان دەڵێن ریفراندۆمەکەمان ئاسویەکی ڕوناکتری بۆ دەردەکەوێ ئەویش ئەوەیە هەموو جیهان لە دۆستان و دوژمنان و خۆفرۆشانیش دەبێ بزانن کە ئیرادەی گەل دەبێ سەرکەوێ دەنگی میللەت دەبێ کپ نەکرێ وە کپییش ناکرێ. ئەگەر لێرەو لەوێ بەربەست لەبەر ڕێرەوی داخوازیەکانی گەلی کورد دروست بکرێ یان دروستکرابێ دەبێ بزانن تەوژمی 92.7% داخوازیەکانی ریفراندۆمچیەکان و سەربەخۆیی خوازەکانی گەلی کورد زۆر گەورەترە لە پلان وپیلانی دوژمنان و خۆفرۆشان بەڵێ ئەو تەوژمە هەموو بەربەستێك دەروخێنێ و تێك دەشکێنێ بەڵێ ئەمڕۆ کە تەمەنی ریفراندۆم سێ سالی تەواوکرد و پێی نایە چوارەم سالی تەمەنی ئەم داخوازیە ڕەواییەی گەلی کورد وەك دەریایەکی پەنگ خواردووی چ ئێستا ئەمڕۆ یان سبەی دەتەقێتەوە بەسەر سەری دوژمنان و خۆفرۆشەکان, ریفراندۆم لای مردووەکان مردووە و لای زیندووەکان نەك هەر زیندووە وە نەمرە.

بەڵێ ریفراندۆمچیەکان هەریەکەو بە شێوازێك باسی ئەو ڕووداوە مێژوویە دەکەن لە هەموشیان جوانتر باسکردنی پێناسەی پێشمەرگەو خەباتگێری ریفراندۆمچی باوکە شەهیدی سەربەرزی ڕێگای شەرەف و کەرامەت هەفاڵ (حەمەی حاجی محمود)ە لە (ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (6009) لاپەرە (1) سێ شەمە 22/9/2020)دا هاتووە لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەنگی ئەمریکای کوردی دەفەرموویت (ریفراندۆم قۆچانی ڕەشە یان بلێین تاپۆی ڕەشە بە دەست گەلی کورد) وە دەفەرموویت ئەم ریفراندۆمە مێژوویەکی پرسەروەریە کە لە سەر دەستی ڕۆلەو پێشمەرگە و سەرۆك و سەرکردەی کورد مسعود بارزانی ئەنجامدراوە مێژوویەکی پر لە سەروەریە کە بەناوی خۆی تۆماریکرد ئەم قسانەی بەڕێز کاك حەمەی حاجی محمود واقعێکە وە ڕاستیەکی مێژوویە کە بەڕێزیان شاهیدێکی گەورە دەدات بۆ پارتی و بارزانی و ڕێبازە پیرۆزەکەی منیش دەڵێم ڕاستە ریفراندۆم قۆچانی ڕەشە بەاڵم بۆ زیادەی فەرموودەکەی ئەم وڵاتەمان نەکریوە زۆرجار قۆچانی ڕەش لە دەست دوژمنان بووە و خۆیان دروستیان کردووە و زۆلمی پێ کراوە گەر بگەڕێنیەوە بۆ مێژوو دەوڵەتی عوسمانی ئەم وڵاتەیان بە کەیفی خۆیان ناوناوە بە ناوی تورکی و ملك و مالی هەژارنیشینانی داوە بە دەربەگە خۆفرۆشەکانی ئەو سەردەم بە ناویان کردوون قۆچانی ڕەشیان بۆیان دروستکردووە لە پاشان حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عیراقیش تا دەگاتە صدام حسین وە ئەو فەرخە صەدامانەی کە ئێستا لەسەر دەستەلاتن ئەوانیش هەروایان کردووە وە لە تورکیاش پاش لەناوبردنی شۆڕشی شێخ سعیدی پیران سەدان شوێنی کوردیان داوە بە تورك و قۆچانی ڕەشیان بۆ دروستکردوون لە سوریاو لە ئیرانیش خراپترە بەڵێ ئەم قۆچانە گرنگە بەاڵم زۆر شوێنی کوردستان لە دەستچوون قۆچانیان بە ناوی تورك و عەرەب و عەجەم و فارس کراون, دەبێ ئێمە ئەوە بزانین قۆچانی حەقیقی و قۆچانی بەهێز ئامادەبوون و یەکگرتنی گەلی کوردە گەر قۆچانیشیان هەبێ بەاڵم مالی کورد یەك نەبێ مولکە (تاپۆ) بە ناوەکەمان یان بلێین مالەکەمان هەر بە داگیرکراوی دەمینێ کە خاوەنی قۆچانی ڕەش لە سەر زەوی ئامادەنەبێ نە قۆچان دەمینێ نە زەوی.

بەڵێ بە قۆچان و بێ قۆچان ئەو وڵاتە وڵاتی ئێمەیە وڵاتی کوردە بەاڵم گرنگ ئەوەیە ئەو کوردە هەمووی کوری ئەو وڵاتە بێ, بەڵێ ریفراندۆم نەمرە نامرێ قۆچانە تاپۆی ڕەشە بەاڵم یەك نەگرین با هەر خاوەن قۆچانین و مالبین خۆ پێشتریش هەموو کورد دەیزانی ئەو وڵاتە وڵاتی ئەوە ریفراندۆم بۆ کورد نەبوو و نەکراوە بۆ ئەوەبوو بە جیهان و بە گەلانی تر بڵێین کوردستان مالی ئێمەیە. ئەوە گوتمان بەڵێ مالی ئێمە بووە بە گوێی جیهانماندا درکاند جارمانداِ, ڕامانگەیاند بەڵێ ریفراندۆم لە دایك بوو ناشمرێ و نەمرە ئەوەی ئەوکات لە گەل ریفراندۆم داوامانکرد و داوای دەکەین ئێستاش سەربەخۆییە کە ئاوات و خواست و مافی هەموو ئازادی خوازێکی کوردە تەنها کویلەکان نەبێ ئەوانەش ئەوانەن کە لە ناو ناخی خۆیان ناتوانن ئازادی بدەن بە خۆیان نانی نۆکەریان خواردووە کە ئەمەش بۆماوەییە لە باب و باپیرانیان و ناخ مردوون ئەوانەش هیچ نین و لەناوخۆیان خەریکە دەتاوێنەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ وەك هەڵم تێکەڵ بە ڕەشەبای ڕق و کینەی میللەت دەبن و بزردەبن, بەڵێ ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە سەر پێیە و نەمرە و بەهێزە لە لوتکەیە بەاڵی بەرزەو سەربەخۆیش وا لە ڕێیە, سەرۆك مسعود بارزانی بناغەی داناوە و گەلی کوردیش بینای دەکا هەر بە هیمەی ئەو سەرۆکە دەوڵەت لە دایك دەبێ ئەو ئەندازیارە و ڕێنیشاندەرە بۆیە کورد بروای پێی یەو چاو لە ڕێیە.

* ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر (پ.د.ك)



وون بوون

ناسنامەی پێشمەرگە لە وەزارەتی پێشمەرگە بەناوی هەلویست حیدر اسماعیل وون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

دەفتەر گرانی ئۆتۆمبێل ٣٧٣٣٢١ هەولێر/تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر دەرچووە بەناوی صاحب مهدی فتح الله وون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٤٢٢٥٧١ بەرواری ٢٠١٩/٧/٢٤ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی محمد عبدالله قادر وون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

محكمة بداءة بردرش

العدد/ ٣٨٤/ب/٢٠٢٠

تاريخ/ ٢٠٢٠/١٠/٥

اعلان

اشارة الى الدعوى البدائية المرقمة ٣٨٤/ب/٢٠٢٠ و الخاصة بالمدعى جميل كمال محمد و المدعى عليه امين سجل المدني في قضاء بردرش- اضافة لوضيفته والتي موضوعها طلب تغير اسم المدعي من جميل الى محمد عليه اقتضى اعلان تبديل اسمه بالنشر في جريدتين يوميتين رسميتين واعلامنا بالنتيجة مع التقدير.

القاضي/ نزار خليل ابراهيم

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بە جێ کردنی سۆران

ژمارەی دۆسیە : ٢٠٢٠/٤١٢

ڕێکەوت : ٢٠٢٠/٩/٢٨

ئاگاداری

بۆ/ سعيد محمد عمر

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتە جێبوونت بۆیە بە پێ ی مادەی (٢٧) لە یاسای جێ بە جێ کردن بریار درا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئامادە بیت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بە جێ کردنی دانەوەی قەرزی (ناصحه محمدشريف محمدامين) کە بری (٣٠٦٠٠٠٠) دیناوە. ئەگەرنا بە پێ ی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە. جێ بە جێ کاری داد / سیروان سلیم اسعد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد

فەرمانگەی دادنوسی کەلار/یەک

ژمارە / ١١/

ریکەوت ٢٠ / ٩/ ٢٠٢٠

ئاگاداری

بەپێی ئەو داوایەی کەلەلایەن داواکار پێشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بە ناوی (کۆمپانیای چیاو بۆبازرگانی و بەرهەم هێنانی ئایس کریم وشیرەمەنی وشەربەت/ سنوردار) داواکارە بە تۆمار کردنی ئامێرەکانی کارگەی (چیاو بۆگەنجینەی شەربەت و بەرهەم هێنانی شەربەتی بەستوو) کە لە (کەلار / ناوچەی پیشەسازی) دانراون و ئامێرەکان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای دادنووس ژمارە (٣٣) لەساڵی (١٩٩٨) بڵاوی دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەم ئامێرانە دادەنێ لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار دەکرێت و بڕوانامەی پێ دەدرێت.

ژ ناوی ئامێر / ژمارەی ئامێر/ دروست کراو/مۆدێل/ توانای کارەبایی

١- ئامێری بویلەر / - /ئێرانی/٢٠١٠ /

٢ ئەسپ

٢- ئامێری پرەشەر / -/ ئێرانی / ٢٠١٠/

٢ئە سپ

٣- کلینگ تاوەر / - / ئێرانی /٢٠١٠/

٢ئە سپ

٤- ئامێری تێکردنی شەربت / ٢دانە / ئێرانی /٢٠١٠/ -

٥- کۆمپرێسەری ساردکەرەوە/ ١٥دانە/ ئەڵمانی +فەنسی/- /-

٦- هەیشەکر لەگەڵ پێنج خەزان سێ مەتری /-/ئێرانی /٢٠٢٠/ ٤ئەسپ

٧- ئامێری دروستکردنی شەربەت /٢دانە/ تورکی / ٢٠١٤/ -

سیامند محمد صالح ئارام

دادنووسی یەکەمی کەلار

٢٠ / ٩ / ٢٠٢٠

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە: ٢٤/ت/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/٦

جارِدان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بەفرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٤٥٨١٨٣/هەولێر/ تایبەت) جۆری (تویوتا کامری صالون) مۆدێل (٢٠١٧) ڕەنگی (سلڤەر) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (شوان امین عزیز) لەرۆژی (٢٠٢٠/١٠/٢٠) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ، جا هەرکەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێنەراوە بەنرخی (١٤,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار.

دادوەری یەکەم: دیار محمد علی

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٩/٣٠

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (شورش محمد یابە) لە بەروارى ٢٠٢٠/٩/٢٩ کە داواى تۆمارکردنى ئامێرەکانى کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆى وئێستا دانەراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانى لە خوارەوەدا دیارىکراوە, بۆیە ئەوکەسەى پەیوەندى بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنى یاسایى بگرێتەبەر بۆ سەلماندنى و گەواهیەك پێشانى ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستى ڕاگرتنى تۆمارکردن لەماوەى پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دواى بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتى یەکلاکردنەوەى داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەى حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگاى پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانى تۆمار دەکرێت بەناوى داواکارى تۆمارکردنەکە بەگوێرەى یاسا دادنووسى ژمارە (٣٣)ى ساڵى ١٩٩٨ و بڕوانامەى تۆمارکردنیشى پێ دەدرێت.

دادنووس

شوان فوزى زکى

ئامێرەکان:

١- ئامێرى کەتەرى برینى ئاسن ٧,٥، ژمارە/ ٨٨٨٠١٢ دروستکراوى خۆمالى مۆدێلى ١٩٨٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا، توانای کارەبایی ٧,٥ K.W.

٢- دوو دانە ئامێرى لەحیم و لدن، بێ ژمارەن، دروستکراوى خۆمالین مۆدێلى ١٩٨٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا، توانای کارەبایی ٤٠X٢ امپێر.

٣- ئامێرى کۆسەرەى دوانى سەرمێز، ژمارە ٩٥٥١٩٣، دروستکراوى یابانى مۆدێلى ١٩٨٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا، توانای کارەبایی ١ ئەمپێر.

٤- دوو ئامێرى کۆسەرەى برین و صاف کردن، ژمارە/ ٧٢٧٠٣٠٢ و ٧١٢١٣ دروستکراوى یابانین مۆدێلى ١٩٨٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا، توانای کارەبایی ٠,٥X٢ K.W.

٥- دوو دانە ئامێرى درێل ستونى، ژمارە/ ٧٠٠٦٠٣ و ٦٤٤٥٢ دروستکراوى صینى مۆدێلى ١٩٨٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا، توانای کارەبایی ٠,٧٥X٢ K.W.

٦- درێلى موگناتیسى، ژمارە/ ٣٣٧٥ دروستکراوى صینى مۆدێلى ١٩٨٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا، توانای کارەبایی ٠,٧٥ K.W.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٩/٢٨

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (شاگول شیرزاد یاسین) لە بەروارى ٢٠٢٠/٩/٢٧ کە داواى تۆمارکردنى ئامێرەکانى کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆى وئێستا دانەراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانى لە خوارەوەدا دیارىکراوە, بۆیە ئەوکەسەى پەیوەندى بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنى یاسایى بگرێتەبەر بۆ سەلماندنى و گەواهیەك پێشانى ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستى ڕاگرتنى تۆمارکردن لەماوەى پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دواى بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتى یەکلاکردنەوەى داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەى حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگاى پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانى تۆمار دەکرێت بەناوى داواکارى تۆمارکردنەکە بەگوێرەى یاسا دادنووسى ژمارە (٣٣)ى ساڵى ١٩٩٨ و بڕوانامەى تۆمارکردنیشى پێ دەدرێت.

دادنووس

شوان فوزى زکى

ئامێرەکان:

١- ئامێرى کەتەرى برینى ئاسن ٧,٥، بێ ژمارە، دروستکراوى خۆمالى مۆدێلى ٢٠٠٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا، توانای کارەبایی ٧,٥ K.W.

٢- دوو دانە ئامێرى لەحیم و لدن، بێ ژمارەن، دروستکراوى خۆمالین مۆدێلى ١٩٨٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا، توانای کارەبایی ٤٠X٢ امپێر.

٣- ئامێرى کۆسەرەى دوانى سەرمێز، ژمارە ٩٥٥١٩٣، دروستکراوى یابانى مۆدێلى ١٩٨٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا، توانای کارەبایی ١ ئەمپێر.

٤- دوو ئامێرى کۆسەرەى برین و صاف کردن، ژمارە/ ٧٢٧٠٣٠٢ و ٧١٢١٣ دروستکراوى یابانین مۆدێلى ١٩٨٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا، توانای کارەبایی ٠,٥X٢ K.W.

٥- دوو دانە ئامێرى درێل ستونى، ژمارە/ ٧٠٠٦٠٣ و ٦٤٤٥٢ دروستکراوى صینى مۆدێلى ١٩٨٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا، توانای کارەبایی ٠,٧٥X٢ K.W.

٦- درێلى موگناتیسى، ژمارە/ ٣٣٧٥ دروستکراوى صینى مۆدێلى ١٩٨٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا، توانای کارەبایی ٣٠x٢ امپێر.

٣- ئامێرى کەتەرى برینى ئاسن و پرۆفیل، بێ ژمارە، دروستکراوى صینى مۆدێلى ٢٠٠٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا، توانای کارەبایی ٠,٥٠ K.W.

٤- دوو دانە ئامێرى هێلتى، ژمارە ٧٦٦٠٧ و ٧٦٦٠٨ دروستکراوى صینین مۆدێلى ٢٠٠٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا، توانای کارەبایی ١x٢ امپێر.

٥- ئامێرى لەحیم جانتا سەفەرى، ژمارە ٧٦٦٠٦، دروستکراوى صینى مۆدێلى ٢٠٠٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا، توانای کارەبایی ١٠ امپێر.

٦- ئامێرى کۆمپێرێسەرى هەواء، ژمارە ٧٦٦٠٥، دروستکراوى صینى مۆدێلى ٢٠٠٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا، توانای کارەبایی ٣ K.W.

٧- ئامێرى کۆسرەى جێگیر، ژمارە ٣٧٥، دروستکراوى صینى مۆدێلى ٢٠٠٦ جۆرى سوتەمەنى کارەبا، توانای کارەبایی ٠,٥٠ K.W.

٨- ئامێرى پرێس خوارکردنەوەى پلێت، ژمارە ٧٦٦٠٤، دروستکراوى خۆمالى مۆدێلى ٢٠٠٦ .

٩- ئامێرى مقەسى برینى پلێت، ژمارە ١٢٥٠ دروستکراوى خۆمالى مۆدێلى ٢٠٠٦.

* * *

دادگای بەرایی رانیە

ژمارە/ ٦٠٥/ب/٢٠١٩

بەروار/ ٢٠٢٠/٧/٢١

ئاگاداری

بۆ داوالێکراو/ دڵشاد حمد بابکر-رانیە- رانیەی نوێ-شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا

داواکاران ١- لقمان صباح بوزو- بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای ڕەسەنی نوێ/ وێرای کارەکەی ٢- محمود جليك بن محمود بەڕێوەبەری لقی کۆمپانیای دونتاش/وێرای کارەکەی داوای ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە لەسەر تۆمارکردووی کە تیایدا داوای بری ٤٢٥٦٧٠٠٠ چل و دوو ملیۆن و پێنج سەد و شەست و حەوت هەزار دیناری عێراقی دەکات لە بەرامبەر قەرزی قستەکانی کرینی خانووی ژمارە ٤٠٩ لە پرۆژەی بیتوێن ستی، وە بری ٢٧٦٣٠٠٠٠ بیست و هەشت ملیۆن و چوار سەد و چل هەزار دینار لە بەرانبەر غرامەی دواکەوتنی قستەکان. لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا بەپێی پشتگیری موختاری گەرەکی زانکۆ، بۆیە دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە کە بەروارى ٢٠٢٠/١٠/١٣ دانرا بۆ دادبینی لەم دادگایە کە خۆت یان بریکارێکی یاساییت ئامادە بێت بەپێچەوانەوە داواکە دەبینرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ چیمەن عمر حمد

* * *

دادگای بەرایی رانیە

ژمارە/ ٧١٤/ب/٢٠١٩

بەروار/ ٢٠٢٠/١٠/٥

ئاگاداری

بۆ داوالێکراو/ هیوا مصطفى محمود- حاجیاوا-ئازادی -شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا

داواکاران ١- لقمان صباح بوزو- بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای ڕەسەنی نوێ/ وێرای کارەکەی ٢- محمود جليك بن محمود بەڕێوەبەری لقی کۆمپانیای دونتاش/وێرای کارەکەی داوای ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە لەسەر تۆمارکردووی کە تیایدا داوای بری ٤٢٥٧٠٠٠٠ چل و دوو ملیۆن و پێنج سەد و حەفتا هەزار دیناری عێراقی دەکات لە بەرامبەر قەرزی قستەکانی کرینی خانووی ژمارە ٤١٠ لە پرۆژەی بیتوێن ستی، وە بری ٢٨٤٤٠٠٠٠ بیست و هەشت ملیۆن و چوار سەد و چل هەزار دینار لە بەرانبەر غرامەی دواکەوتنی قستەکان. لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا بەپێی پشتگیری موختاری گەرەکی زانکۆ، بۆیە دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە کە بەروارى ٢٠٢٠/١٠/١٣ دانرا بۆ دادبینی لەم دادگایە کە خۆت یان بریکارێکی یاساییت ئامادە بێت بەپێچەوانەوە داواکە دەبینرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ چیمەن عمر حمد

* * *

پیراگەیاندنی (مجهول محل الاقامه)

بو بارمتەدەر/سلمان داود خوشابا

پیراگەیاندنی / سەرەتا

ژمارە پارچە زەوی/ ١

ژمارەی کەرت وناو/ صلاح الدين

ڕەگەز / خانی

بری قەرز (١٦٠٠٠٠٠٠٠) سەد وشێست ملیۆن دینار

ناوی خوداني مولك (بارمتەدەر/سلمان داود خوشابا)

بەرواری دانەوە /٢٠٢٠/٩/١٦

ئاکاری تومارى هەمیشەی خانوبەرا /٣١ کانونا ئێکێ ٢٠١٩ بەرگ ٦٨

نیشتەجی/سەرسنك /صلاح الدين

کو ئەو قەرزی ل سەری دیارکری کو بارمتە وەرگر وەربگریت وەکو بارمتەدەری چ نیشتەجی یی بەرچاڤ ومەعلوم نینن کو ئەوی دگرییەستی دا دیار کری کو چ جهێن دی نینن ژبلی وی ئەوێ دیار کری دگری بەستێ دا ڤێچا دبینە نیشتەجی یی نەدیار ومە بریاردا وی ئاگەهدارکەین کو دڤێت قەرزی بدەت وهەمی (مصاریف) دماوێ (٣٠) روژا دا ژ روژا پشتی ئاگەهدارکرنا ل روژنامێ کو لدیف یاسایی

ماڤ پەروەر /حسن رمضان حبيب

تێبینەرێ تومارکرنا خانووبەرا ئامێدیێ

* * *

دادگای باری کەسایەتی بەردەرەش

ژمارە / ٨٩/ش/٢٠٢٠

ڕێکەوت ٥/١٠/٢٠٢٠

جاردان

بۆ / داوالێکراو (هەلگورد احمدی) شوێنی دانیشتووی نادیار.

داواکار (سیران سلیمان حسن) داوای شەرعی ژمارە (٨٩/ش/٢٠٢٠) لەم دادگایە لە سەرت تۆمار کردووە کە داواکە بریتیە (لێك جیابوونەوەبە هۆی کۆچکەردن) (تفریق بسبب الهجره) وە لە بەر ئەوەی شوێنی نیشتەجییونی نادیارە بە پێی (ئیشعاری موختاری قەزای بەردەرەش) وە نووسراوی بنکەی پۆلیسی بەردەرەش ژمارە(١٤٧٢/٦) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٩ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە بریاری پاشملە ژمارە (٨٩/ش/٢٠٢٠) کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٤ دەڕچووە وە دوای دە ڕۆژ پلەی لە پێراگەیاندن پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە پێی یاسا لە گەل ڕێزدا.

دادوەر / نزار خليل ابراهيم

* * *

دادگای باری کەسێتی سلێمانی / ٢

ژمارە : ١١٨١ / ش / ٢٠٢٠

بەروار / ٦ / ١٠ / ٢٠٢٠

ئاگانامە

داواکار / لەرین جزاء احمد

داوالەسەرکراو / فریدون شامل اسماعیل

داواکار (لەرین جزاء احمد) داوایەکی بە ژمارە (١١٨١ / ش / ٢٠٢٠) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت ، وەلەم داوایە داوای (جیابونەوەی دادوەری جیابونەوەی دادوەری بە هۆکاری زیانگەیاندن) دەکات ، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار ، دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە. وە ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠٢٠/١١/٨) سەعات (١٠:٢٠) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبەن یان بریکار نەنێرن، ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .

دادوەر / کامەران رسول سعيد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٤٥١٧

ڕێکەوت/٦/١٠/٢٠٢٠

جارِدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ١٢٢/٤٢ کە کەوتوەتە کەرتی ٤٥ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار محمد بۆتان محسن کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی فرياد هادی نبی بەبڕی/ ٨٣,٤٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولّاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

١ – شوێن و ژمارەی/ ١٢٢/٤٢ ك ٤٥ وارش

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ لەسێ خانووی دەستوور سلێمانی خانووی قەرزار لە دوو نهۆم یەکەم یەك ژوور و هۆل و مطبخ و مرافق دووەم/ دوو ژوور هۆل و مرافق و مطبخ.

٥ – ڕووبەرەکەی/٤١٥,٠٧ م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ دایکی قەرزار ناوی (سامیه کریم)

٨ – نرخی قرساو/ ١٠٩,٨٦٠,٠٠٠ ملیۆن دینار.

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٤٤٢ /ش/ ٢٠٢٠

ڕێکەوتی / ٦ / ١٠ / ٢٠٢٠

راگەهاندن

بو / داوالێکراو : اومید خالد

ل دیف داخوازا داواکار(بیریڤان فتاح کامل) وکێشا ژمارە (٤٤٢ /ش/٢٠٢٠) کو تێدا داخوازا ژیکڤەبون (التفریق) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (دەلال) یا ژمارە (٢٩٦١) ل (٩/٢٢ /٢٠٢٠) و نڤیسارا هەلبژارێ گەرەکا (بدرخان) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامیت ڕوژانە دا ئامادە بی بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا (١٣ /١٠/ ٢٠٢٠) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بریکارەکێ پێش خو ڤە نامەدەکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن.

دادوەر / دارا طاهر توفيق

* * *

داواکار / دڵشاد محمد طه

داواکار (دڵشاد محمد طه) داوایەکی بە ژمارە (٢٥٣٠ / ش / ٢٠٢٠) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت ، وەلەم داوایە داوای (تەڵاقدان پەسەندکردنی تەڵاقی دەرەوەی دادگا) دەکات ، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار ، دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی ڕۆژانە. وە ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠٢٠/١١/٨) سەعات (١٠:٢٠) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبەن یان بریکار نەنێرن، ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .

دادوەر / نزار خليل ابراهيم

* * *

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٤

ژمارە : ٢٥٣٠ / ش / ٢٠٢٠

بەروار / ٣٠ / ٩ / ٢٠٢٠

ئاگانامە

داواکار / دڵشاد محمد طه

داواکار / لەرین جزاء احمد

داوالەسەرکراو / فریدون شامل اسماعیل

داواکار (لەرین جزاء احمد) داوایەکی بە ژمارە (١١٨١ / ش / ٢٠٢٠) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت ، وەلەم داوایە داوای (جیابونەوەی دادوەری جیابونەوەی دادوەری بە هۆکاری زیانگەیاندن) دەکات ، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار ، دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی ڕۆژانە. وە ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠٢٠/١١/٨) سەعات (١٠:٢٠) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبەن یان بریکار نەنێرن، ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .

دادوەر / کامەران رسول سعيد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٤٥١٧

ڕێکەوت/٦/١٠/٢٠٢٠

جارِدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ١٢٢/٤٢ کە کەوتوەتە کەرتی ٤٥ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار محمد بۆتان محسن کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی فرياد هادی نبی بەبڕی/ ٨٣,٤٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولّاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

١ – شوێن و ژمارەی/ ١٢٢/٤٢ ك ٤٥ وارش

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ لەسێ خانووی دەستوور سلێمانی خانووی قەرزار لە دوو نهۆم یەکەم یەك ژوور و هۆل و مطبخ و مرافق دووەم/ دوو ژوور هۆل و مرافق و مطبخ.

٥ – ڕووبەرەکەی/٤١٥,٠٧ م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ دایکی قەرزار ناوی (سامیه کریم)

٨ – نرخی قرساو/ ١٠٩,٨٦٠,٠٠٠ ملیۆن دینار.

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٤٠٠٤

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/٦

بڕیاری داخستنی لقی کۆمپانیای (بیانی)


دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (جادم/ JADEM)ی (تورکی) لصناعة و تجارة معدات التدليك/ المحدودة) وە پالپشت بە ماددەی ١٥ لە سیستەمی ژمارە (٥) ساڵی ١٩٨٩.

من وەك تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە داخستنی لقی کۆمپانیای ناوبراو و سرینەوەی ناوی تۆماری تۆمارکاری کۆمپانیاکان.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

یادی حاجی شێخ ئەحمەد شەمسەدینی نەقشبەندی و چەردەیەک لە مێژووی دێرینی گوندی ئەحمەدئاوا



د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد - ئەحمەدئاوا
shexnami@yahoo.com

گەڕانەوە بۆمێژوویەکی دێرین: بێگومان (ئەحمەدئاوا)ـی، ئێستا ئێمە دەتوانین تارادەیەک مێژووی نزیکەی (١٥٠) ساڵێك لەمەوبەری بنووسینەوە، و ئەوەی پێش ئەو مێژووە نارۆشنی زۆری تێدایە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە جێگای ئەم گوندە بەدرێژایی مێژوو ئاوەدان بووە و خەڵك تێیدا نیشتەجێ بوون، بەڵام ئاواییەکە هەڵگری ناوی تر بووە، بوونی گۆڕستانی (عەبووشەمامان) و تەنانەت ناودێی ئێستا کەزۆرینەی گۆڕی لەمێژینەیە و ئەگەر خاکەکەی هەڵدەیتەوە پڕ لەئێسك‌وپروسکی کۆنە، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن و کۆنی و دێرینی ئەم ئاواییە دەسەلمێنن، وە تەواوی گۆڕەکانیش ڕوو بەقیبلەن و گومان ناهێڵنەوە کەدانیشتوانی مسوڵماننشینی سەردەمی ئیسلامن، وە گوندەکە سەبارەت بەو مێژووە دێرینە لەچوارچێوەی ئەو شارە گەورەدایە کەگەڕیدە و میژنوسی گەورە (ئیبن موهەلهەل) باسی دەکات کە لەسااڵنی دەورووبەری (٣٥٠)ـی، کۆچیدا، واتە نزیکەی (١١٠٠) ساڵ لەمەوبەر، ڕێی کەوتۆتە ئەم ناوچەیە و باسی سەرچاوەی زەڵم دەکات و دەڵێت: شارێك لەبەردەمیدا بوو کە نزیکەی (شەست هەزار) ماڵ دەبوو، بەو ناونیشانەی کە من چووم لەو کاتەدا خەڵکەکە لەدەسەاڵتەکەیان هەڵگەڕابوونەوە، واتە: بەزمانی ئەمڕۆیی ببوونە تۆپۆزسیۆن.

ئەمە هەموو لەلایەك، و لەلایەکی تریشەوە بەندە بەپێی بەدواداچوونەکانی خۆم گومانم بەلای ئەوەدا دەچێت کە ئەو مێژووە چەند لاپەڕەییە نایابەی کە عەاللامە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، لەپەڕتووکی (بنەماڵەی زانیاران)دا، ل٢٧٢ – ٢٨٩ نووسیویەتی، و دەڵێت: سەید ئیبراهیم – لەنەوەی ئیمام موسای کازم- نسیبی کەوتۆتە گوندی (جەوراوا) لەنێوان گۆڕستانی (باوانـاوز) و (گوندی سەرگەت)، و پاشان – لەسەر فەرمانی شێخەکەی- گواستویەتییەوە بۆ گوندی (زان زان) لەبەردەم سەرچاوەی زەڵمدا و لەخـواری سەرچاوەکەوە، و وەك خۆی گوتویەتی: لەوێ نیشتەجێ بووم و کردم بەزێد و نیشتیمانی خۆم، و ئـاوی سەرچاوەی زەڵم زۆر بـوو، بـاخ و بێستانی لەبەردەمـدا ئەکـرا، وە لەنزیکـی گونـدی (زان زان) ئەشکەوتێك هەبـوو کـردم بەخەڵوەتخانـەی خـۆم بـۆ بەندەیی کـردن بـۆ خـوا.

ئـەم چەند دێرە وای بـۆ دەچم مەبەستی لـە گونـدی (زان زان) ئەم جێگایەی ئەحـاوای ئێستایە، چونکـە ئـەم جێگایـە هـەم بـۆ بـاخ و هـەم بـۆ بێستان و زەراعەتیش دەشێت، و مەبەستی لـە گونـدی (زان زان) – زەڵمەکـۆن یاخـود زەڵزەڵـە- نییـە، کـە لەبەرامبـەر زەڵمەوەیـە، چونکـە ئـەوێ تەنهـا بـۆ باخ‌وباخـات دەشێت و جێگـای بێستان و زەراعەتـی نییـە.

وە مەبەستی لـەو ئەشکەوتەیش یـان (ئەشکەوتی عەودااڵن)ـە، کـە بەمانـای خواویستان دێت، یـان (ئەشکەوتی شیرین)ـە، کـە لەبەرامبـەری گونـدەکـەی ئێستاوەیە.

پاشان سـەید ئیبراهیـم دەڵێت: هۆگـری خەڵکـی (زان زان) بـووم، و لەگـەڵ خەڵکـی دێهاتـی ناوچەکەیشدا ناسراویـم پەیـدا کـرد، و مزگەوتێکـی بچووکـم کـردەوە، و خۆیشـم هـەر لەئەشـکەوتەکەدا بەنداییـتیـم دەکـرد.

پێـم وایـە مەبەسـتی لـەو مزگەوتـە بچووکـە هـەر مزگەوتـی (پیـرە غەریبـە) بێـت، کەمێژوویەکـی زۆر کۆنـی هەیـە.

ئینجـا مامۆسـتای مودەڕیـس دریـژە چیرۆکێـك لەبـارەی ئـەم سـەیید ئیبراهیمـەوە دەهێنێـت، پوختەکـەی ئەوەیـە فەرمانـڕەوای ئەوکاتـەی خورمـاڵ (مەلیـك بـەدر) کچـە تاقانەکـەی خـۆی – عەنبـەر لـە سـەیید ئیبراهیـم مـارە دەکات و لـەو خاتوونـە ئـەم کوڕانـەی هەبـوون:

(١). سەیید بیلال، کە ئارامگای لە بنی پەڵگە.

(٢). سـەیید محەمـەد، کـە ئارامگاکـەی بـە (داری سـەید محەمـەد) ناسراوە، و لەنێـوان گوندەکـەی ئێستا و بنـی پەڵگدایـە.

(٣). سـەیید شێردڵ، کـە بـە (بابازەردەڵـە) ناسراوە و ئارامگاکـەی لەپشـتی گونـدەکەوەیـە.

(٤). سەیید حەسەن.

(٥). سەیید حسێن.

بێگومـان بوونـی ئارامـگای سـێ لەکوڕەکانـی سـەیید ئیبراهیـم، واتـە: (بیـلال و سـەیید محەمـەد و بابازەردەڵـە) لەدەورووبـەری ئێستای گونـدی ئەحمەدئـاوادا سەلـمێنەری ئـەو ڕاستییەن کـە ئەمانـە نیشتەجێی گوندێـك بـوون کـە ئێستا ئەحمەدئـاوای نوێـی لەسـەر بنیـات نـراوە، یاخـود گونـدەکـە زۆر نزیکـە بـووە لـەم جێگایـەوە کـە یـان لـە سـوخنی پیـرە غەریبـەدا بـووە، یـان لەچەقـی باخـی شـێخدا.

شـیاوی باسـە مامۆسـتا مـەلا عەبدولکەریـمی مودەڕیـس ئـەم زانیارییانـەی لەپشـت قورئانێکـەوە وەرگرتـوون کەدەسنووسـی سـەیید ئیبراهیـم بـووە و لەسـاڵی (٥٣٠) کۆچیـدا دەسـتی کـردووە بـە نووسـینەوەی ئـەم قورئانـە، و دواتـر مـەلا محەمـەدی کـوڕی مـەلا مسـتەفای کـوڕی مـەلا جەاللـی گـەورەی خورمـاڵ، پاراسـتویەتی و زۆر زانیـاری مێژوویـی نایابیشـی خستۆتەسـەر. یەکێکـی تـر لـەو بەڵگانـەی کەسەلـمێنەری ئەوەیـە گونـدی (زان زان) ئەحـاوای ئێستایە یـان زۆر نزیکـە لێیـەوە ئەوەیـە کـە بنەماڵـەی مەاڵحەمەمیـن – باوکـی ڕەحمەتـی کاك مسـتەفا و کاك مـەلا دانـا- لەنـەوەی مەاڵجەاللـی خورمـاڵین، واتـە: دواجـار لەبنەماڵـەی سـەیید ئیبراهیمـن، و ئەوانیـش لەدێـر زەمانـەوە نیشـتەجێی ئـەم ئەحاوایـەی ئێسـتان، و تەنانـەت وەك خـۆم لەپیاوانـی بەتەمەنـی کۆچکـردووی ئەحـاوام بیسـتووە باپیـرە گەورەیـان لەسـوخنی پیـرە غەریـبە بەفیشـەکی ئینگلیـزەکان شـەهید بـووە، کـە لـە بەرزایـی (تاشـاێ)ـی، بەرامبـەر گونـدی ئەحمەدئـاواوە لێیـان تەقانـدووە.

جـا مامۆسـتا مـەلا عەبدولکەریـمی مودەڕیـس نووسـیویەتی: ئـەم قورئانـە دەسنووسـەی سـەیید ئیبراهیـم، مـەلا مەحمـوودی سـەرگەتی – کـە هـەر لـەو بنەمااڵیـە بـووە- هێنـای بـۆ شـاری بەغـدا و فرۆشـتی بـە (مُدیریـة الآثار العامَّة – قِسم المَخطُوطات)، بـەاڵم خۆشـبەختانە مامۆسـتای مودەڕیـس ئـەمَ مێژووە نایابـە کـە لەپشـت قورئانەکـەوە نـوسـراوە، نوسـیونیەتییەوە و لەپەڕتووکـە نایابەکـەی (بنەماڵـەی زانیـاران)دا، چاپیکـردووە.

مێژووی بنیاتنانی گوندی ئەحمەدئاوا:

بـۆ دەورووبـەری سـاڵەنی (١٨٦٥)ـی، زاینـی واتـە نزیکـەی (١٥٠) سـاڵێك لەمەوبـەر دەگەڕێتـەوە، کـە مەرحـوم حاجـی شـێخ ئەحـمەد شـمس الدینـی نەقشـبەندی کـوڕی شـێخ عوسـمان سـیراجەددینی تەوێڵـە، ڕەحـمەتی خـودا لـە خـۆی و باوکـی، ئاوەدانـی کردووەتـەوە، و هـەر بـەم هۆیەشـەوە بـە (ئەحمەدئـاوا) نـاوی دەرکـردووە.

حاجـی شـێخ ئەحـمەد لـە خزمەتـی باوکیـدا گـەورە بـووە و پێگەیشـتووە، پـاش فـام پەیداکـردن نراوەتـە بـەر خوێندن، پـاش خەتـمکردنی قورئـان و خوێندنـی کتێبـە وردەکان لـە خزمەتـی مەاڵ ئەحـمەدی نۆتشـەیی و مـەاڵ حامیـد و مەولەویـدا خوێندوویەتـی. لـە ئوسـوڵی دینـدا دەسـتێکی باڵای بـووە، (العقیـدە المَرضیة)ـی، مەولـەوی لـە خزمەتـی مەولەویـدا خوێنـدووە و گەلـێ حاشیەشـی لەسـەر نووسـیوە کـە هەندێکیـان لەگـەڵ عەقیدەکـەدا چاپکـراون. حاجـی شـێخ ئەحـمەد تەریقەتیشـی لەسـەر دەسـتی باوکیـدا وەرگرتـووە و شـێخ موحەمـمەد بەهائوددینـی بـرای لـەم ڕووەوە پـەروەردە کـردووە و سەرەنـجام پلـەی خەلافەتـی لـە باوکـی وەرگرتـووە و خەریکـی ئیرشـادکردنی موسـڵمانان بـووە، بەجێهێنانی سـوننەتەکانی پێغەمبـەری زۆر مەبەسـت بـووە، تەنانـەت ئەگێڕنـەوە لـە سـەفەری حـەج و ئەستەموڵیشـدا شـەونوێژی تـەرك نەکـردووە.

حاجـی شـێخ ئەحمـەد لـە ژیانـی باوکیـدا هـەر لـە تەوێڵـە بـووە و پـاش کۆچـی دوایـی باوکـی کـە تەمەنـی ١٧ سـاڵان بـووە، دێـی ئەحـمەدئاوای لـە قـەراخ چەمـی زەڵـم و لـە بنـاری دەشـتی شـارەزوور و داوێنـی چیـای هەورامانـدا ئـاوا کردووەتـەوە و کردوویـە بـە نشـینگەی خـۆی و هەرلێرەشـەوە بـە (ئەحمـەد ئـاوا) نـاوی دەرکـردووە.

حاجـی شـێخ ئەحمـەد لـە سـاڵی ١٣٠٧ی کۆچـی بەرامبـەر بـە ١٨٨٩ی زایینـی لـە ئەحمەدئـاوا بـە نەخۆشـی چاوەقوڵـە کۆچـی دوایـی کـردووە واتـە لـە تەمەنـی ٤٧ سـاڵیدا، پاشـان براوەتـەوە بـۆ تەوێڵـە، لـەوێ لـە کەنـاری چەمـی تەوێڵـەدا لـە بەرانبـەری ئارامـگای باوکیـەوە بەخـاك سـپێرراوە.

منداڵەکانی حاجی شێخ ئەحمەد شەمسەدین:

حاجی شێخ ئەحمەد چوار کوڕی لە پاش بەجێماوە:

یەکـەم: شـێخ هیدایـەت کـە پـاش کۆچـی دوایـی باوکـی، چـووە بـۆ هەورامانـی ئەودیـو لـە (خانەگا)ـی، بەرانبـەر (ڕەزاو) نیشـتەجێ بـووە.

دووەم: شـێخ عەبدوڵـاڵ، کـە ئەمیـش پـاش کۆچـی دوایـی باوکـی، چـووە بـۆ هەورامـان و هەندێکـی دێـی (نێزڵ)ـی، کڕیـوە و لـەوێ دانیشـتووە، و شـیخانی گونـدی (نێـزڵ) لەبەرەبابـی ئـەم شـێخ عەبدوڵاڵیـەن، کەتیایانـدا (شـێخ محەممـەد سـیراجەددینی نێـزڵ)ـی، کەسـایەتییەکی زانـا و نووسـەری بەرجەسـتەو نـاسراوی ڕۆژهەاڵتـی کوردسـتانە.

سێهەم: شێخ حەبیب.

چـوارەم: شـێخ حەسـەن، ئـەم شـێخ حەسـەنەیان لـە سـەردەمی ڕەزا شـادا لەگـەڵ ئـەو کوردانـەدا کـە ڕەزا شـا گرتنـی، گیـراوە و لـە مەشـهەد لەناوچـەی خوراسـان لـە بەندیخانـەدا مـردووە.

ئـەم کوڕانـەی حاجـی شـێخ ئەحمـەد لـە کاتـی کۆچـی دوایـی باوکیانـدا منـداڵ بـوون و شـێخی زیائەددیـن سـەرپەرشـتی کـردوون و پێـی گەیانـدوون.

ئـەم شـێخ حەسـەنی حاجـی شـێخ ئەحـمەد، لـە سـاڵی (١٣٥٨ ك – ١٨٧٩ز)، لـە گونـدی ئەحمـەدئاوای بنـاری هەورامانـی کوردسـتانی عێـراق لـە دایـك بـووە، دە سـاڵان بـووە کـە باوکـی وەفاتـی کـردووە، و دوای وەرگرتنـی تەریقـەت و پـاش ژنهێنانـی ئـەڕوات لـە ناوچـە سـوننە نشـینەکانی کرماشـان، لـە گونـدی قەیتـول سـەر بـە سـەرپێڵی زەهـاو جێگیـر دەبێـت، و سـەرقاڵی خزمەتـی ئاییـن دەبێـت، تـا سـەردەمێك دەکەوێتـە نـاو داوی سـتەمی بنەماڵـەی گۆڕبەگـۆڕی شـای ئێرانـەوە، و دەسـتگیر دەکرێـت، و دەبرێتـە مەشـهەد و هـەر لـە غەریبیـدا و لـە زیندانـدا وەفـات دەکات، و ئـەم زاتـە شـاعیریش بـووە، و لـە چامەیەکـدا فەرمـوویەتـی:

زەلیـل و بـێ نـەوا و خـارم خودایـا
وەکـو جوغـد هەرشـەوێ وێـران نشـینم
هیلاکـی دەسـتی دڵـدارم خودایـا
ئەنیسـم ماتەمـە و دەردم ڕەفیقـە
غەریـب و زار و بیـمارم خودایـا
وەکـو مـن کـەس نییـە کوشـتەی دوو چاوی
ئەسـیری قەیـدی خوێـن خـوارم خودایـا
ئەگـەر جارووبـی کەوشـی دەم، مەحاڵـە
بڵـێ چۆنـی؟ بریندارم خودایـا
هەمـوو ڕۆژێ ئەگـەر چـاوی نەبینم
ڕەحـەت نابـێ دڵـی زارم، خودایـا
غەریقـی گێجـی بەحـری دەرد و خۆیـنم
کەسـێ کـوا بێـت بـە هـاوارم، خودایـا
(حەسـەن) گـەر تاڵیـی وەصڵـی حەبیبـی
بڵـێ: بـێ! مەلـجەئو یـارم خودایـا

سەفەری حاجی شێخ ئەحمەد بۆ ئەستەمبووڵ و بۆ حەج:

حاجـی شـێخ ئەحـمەد پـاش کۆچـی شـێخ موحەممـەد بەهائوددینـی بـرای لـە دەوروبـەری سـاڵی ١٢٩٩دا سـەفەرێکی ئەسـتەموڵی کـردووە و ماوەیـەك لـەوێ ماوەتـەوە و ئیرشـادی کـردووە، لـەو ماوەیـەدا کـە لـەوێ بـووە سـوڵتان عەبدولحەمیـدی عوسـمانی زۆر ڕێـزی لـێ گرتـووە و کـە گەڕاوەتـەوە بـۆ کوردسـتان قورئانێکـی پیـرۆز و چەنـد تـەڵ مـووی ڕیشـی پیـرۆزی پێغەمبـەر (د.خ) بـە خـەڵات پـێ بەخشـیوە، کەواتـە ئـەو (مەحاسـینی شـەریفە)یەی، پێغەمبـەر (د.خ) کـە ئێسـتا لـە تەوێڵـە و بیـارە هەیـە، یەکەمـجار سـەرزەوی ئـەم ئەحـمەد ئاوایـەی پـێ موشـەرەف بـووە. هەروەهـا فەرمانـی تاپـۆی چەنـد پارچـە زەوی و جـۆگای ئـاوی داوەتـێ بـۆ خۆراکدانـی هەژارانـی موسـڵمانان کـە پشـت جۆگـەی (دەڵێـن) و بەرجۆگـەی (دەیـمەجۆ)ی، پشـتی (ئەحـمەدئاوا) و جۆگـەی (بەشـارەت) و (شەشـك) لـە شـارەزوور لەمانـەن. هـەروا چەنـد پارچـە زەویەکـی دەوری دێـی (پریس)یـش، کـە داونـی بـە بەگـزادەی جـاف. جۆگـەی شەشـك و بەشـارەتیشـی داوە بـە شـێخ عومـەر چیائوددیـن، بـەاڵم ئـەم نەیویسـتووە، چونکـە مـەاڵکان شـوبهەیان لـە دروسـتیی و بەخشـین و تاپۆکردنەکـەی سـوڵتاندا بـووە.

(مەحاسینی شەریفە)

پـاش کۆچـی دوایـی حاجـی شـێخ ئەحـمەد، بەهـۆی ئـەوەوە کـە ئەحـمەدئاوا دێیەکـی بچـووك بـووە و کوڕەکانـی حاجـی شـێخ ئەحمەدیـش هەمـوو منـاڵ بـوون، ئـەم تەڵـە مـووە پیرۆزانـە کـە لەنـاو شووشـەیەکی بچووکـدان و شووشـەکەش لـە سـەندوقێکی پۆاڵدایـە، بـە قـەدرو حورمەتێکـی زۆرەوە گوێزراونەتـەوە بـۆ بیـارە، و لـە ژووری تایبـەتـی شـێخ عومـەر چیائوددینـدا لـە تاقێکـدا دانـراون، ئـەم مـووە پیرۆزانـە بـە (مەحاسـینی شـەریفە) بەناوبانگـن و ئێسـتاش ئـەم سـندوقی مەحاسـینە هـەر لـە شـوێنی خۆیدایـەتـی. ئـەم ژووڕە ئێسـتا ئارامـگای شـێخی چیائوددیـن و شـێخ نەجمەددیـن و شـێخ عەاڵئەددینیشـی تێدایـە، لەوکاتـەوە کـراوە بـە عـادەت هەرکاتـێ بـێ بارانییـەك ببـێ یـا هـەرا و موسـیبەتێ ڕوویـدا، سـندوقی مەحاسـین لـە شـوێنی خۆیـەوە ئەهێننـە دەرەوە لەسـەر بـەردە نوێژەکانـی خانەقـا لـە کەنـاری حەوزەکـەدا دایئەنێـن و مـەلا و فەقـێ و خەڵکـی تـر سـەاڵواتی مونجییـە یـان قەصیـدەی بوردییـەی بـە دەوردا ئەخوێننـەوە و تەماشـای ئەکـەن و ماچـی ئەکـەن و لـە خـوا ئەپاڕێنـەوە کـە بـۆ خاتـری پێغەمبـەر ئـەو بـێ بارانییـە یـا ئـەو هـەراو موسـیبەتە هـەڵ بگرێـت.

ژیانئاوایی:

حاجـی شـێخ ئەحمـەد لـە سـاڵی (١٣٠٢)یشـدا، سـەفەری حەجـی کـردووە و پـاش تەواوکردنـی حـەج بـە چەنـد مانگـێ گەڕاوەتـەوە بـۆ ئەحمەدئـاوا، هەرلـەوێ لـە سـاڵی (١٨٨٩)ـی، زاینـی – بەنەخۆشـی چاوەقوڵـە- کۆچـی دوایـی کـردووە.

(شـێخ ئەمیـن نەقشـبەندی، ١٩٣١ – ١٩٩٠) و (مامۆسـتا مـەلا ئەحـمەدی، ئەحـمەدئاوا، ١٩٢٨ - ١٩٩٦) دوو لەکەسـایەتییە ئایـنی و ئەدەبییەکانـی گونـدی ئەحـمەدئاوان.

ژێدەرەکان:
(١). یـادی مـەردان، نووسـینی: مامۆسـتا مـەلا عەبدولکەریـمی مودەڕیس، ب٢/ ل٢٧٥ – ٢٨٠، چاپی یەکـەم.
(٢). نزهـةُ فِـی «ریـاض الـمُشتاقین»، نووسـینی: مامۆسـتا مـەلا حامیـدی کاتبـی بێسـارانی، وەرگێـڕانی لەفارسـییەوە بـۆ عەرەبـی: مامۆسـتا مـەلا عەبدوڵـاڵی فەنایـی – مـەلا عەبدولـەتیف بامۆکـی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی گەنـج – سـلێمانی - ٢٠١٢
(٣). سراج القلوب - تألیف : الشیخ محمد عثمان سراج الدین النقشبندي - مطبعة النواعیر، الرمادي، (١٩٩٠م).
(٤). حیاة الأمجاد في تأریخ علماء الأکراد، نووسـینی: مامۆسـتا مـەلا تاهیـری بەحرکەیی، چاپـی یەکـەم - ٢٠١٦.
(٥). (علماء و دانشمندان کردستان در ٢٠٠ سال أخیر)، نووسـینی: سەید عەبدولـحەمید حیـرەت سەجادی، چاپـی یەکـەم، ساڵی (١٣٩١)ـی، هەتـاوی، بڵاوکردنـەوەی تـارماس لـە شـاری سـنە.
(٦). تەصـووف چییـە؟ نووسـینی: شـێخ ئەمیـن شـێخ عەاڵئەددیـن نەقشـبەندی، چاپـی یەکـەم، دارالـحریّة – بەغـدا، (١٩٨٥).
(٧). بنەمااڵـەی زانیـاران، نووسـینی: مامۆسـتا مـەلا عەبدولکەریـمی مودەڕیـس، چاپـی یەکـەم؛ (١٣٨٨ هەتـاوی -٢٠١٠زایینـی)، لـە بڵاوکراوەکانـی کتێبخانـەی کانـی، سـنە – ڕۆژهەاڵتـی کوردسـتان.
(٨). کەڵـەم نامـە، سـەرجەمی نووسـینەکانی (کەڵـەم)ـی، شـاعیر، نـووسـراوی: مامۆسـتا مـەلا شـێخ ئەحـمەدی، ئەحـمەدئاوا، چاپخانـەی چاپخانـەی گەنـج – سـلێمانی، (١٤٣٢ – ٢٠١١)
(٩). چەپکـە گوڵـێ لـە گوڵزاری عوسـمانی، سـەرجەمی دیوانی جەنابی شـێخ موحەممـەد عوسـمان سـیراجەددینی نەقشـبەندی دووەم، ئامادەکردنـی: مامۆسـتا مـەلا عەبدوڵـاڵی فەنایـی، چاپـی نـوێ - سـنە، ڕۆژهەاڵتـی کوردسـتان، (١٣٩٤ هەتـاوی – ٢٠١٦ ز).
(١٠). مێژووی زانایانی کورد، مامۆستا مەلا تاهیری بەحرکەیی، چاپی دووەم، هەولێر، (٢٠١٦)
(١١). دیوانی بێوەی – هۆنراوەکانی شێخ ئەمین نەقشبەندی، چاپی یەخدا - ١٩٨٧
(١٢). نەقشـەند و نەقشـبەندییەکان، پرختەیەکـە لـە مێژووی شـێخانی نەقشـبەندیی هەورامـان و زانـا و پیاوچاکـان و مـەلا و شاعیـرانی موخڵیـس و هەوادارییـان، ئامادەکـردن و نووسـینی: د.عەبدوڵـا مـەلا ئەحـمەد- ئەحـمەدئاوا، یەکـەم چـاپ، (٢٠١٨)

پەرستگای ئاگر.. ڕۆڵی لەڕێڕەوی مێژووی دێرینداو

کەمال نوری مەعروف لەفارسییەوە گۆڕیوێتی

واژەی پەهلەوی کۆن بۆ پەرستگای ئاگر، واتە (ئاتە شکەدە)، پێکهاتووە لە، ئاتەش، کە ئاگرەو سەرچاوەی ستایشو ڕێزلێنان بووەو لە (کەدە) کە ئامرازی شوێنەو ماناکەی دەیگرێتەوە، یان خانووە. بەوپێیە (ئاتەشکەدە) بەمانای خانووی ئاگر دێت. ئاتەشکاو، ئاتەشخانەش زاراوەیەکی ناوخزییە.

لای زەردەشتییەکان (ئاتەش) ئاگری پیرۆزەو پارێزگارییان لێکردوە. لەزمانی ئاوێستاشدا مانای ڕەسەنی واژەکەی بەشوێنی ئاگر دەوترێت.

زەردەشتییەکانی ئێرانو پارتییەکانی هیندیش لایان، پەرستگای ئاگر بەمانای (ئازەربان)، واتە (شوێنی ئاگر) هاتووە کە لە «میهر»یشدا بەهەمان ناو هاتووە. لەزمانی (دەری) و بەدرێژایی مێژووش، واژەی (ئازەرکەدە)، هەر بەشوێنی ئاگر وتراوە. ئاتەشکا، بۆ، (پەرستگای ئاگر) و گومەزی ئاگرو شوێنی ئاگرەکەش بۆ هەیکەلی زەردەشت بەکارهێنراوە.

زەردەشت لەسەفەرەکانیدا شوێنی ئاگری دروست کردووەو پاراستوونی.

بەشێوەیەکی وردترو بەوتەی گۆشتاسپ کە بەئەسفەندیاری وتووەو لەشانامەدا هاتووە، دوای سەرکەوتنی بەسەر (ئارجاسپ) خودی گوشتاسپ ژمارەیەك لەو پەرستگایانەی ئاگری لەکیسەی خۆی دروستکردووەو بۆ باوەڕداران نەزری کردوون، کە لەناویاندا لەڕێڕەوسمی ئایینی دا کۆبوونەتەوە.

دەوڵەمەندە قورسەکانیش بەشێك، لەخەزنەکانی خۆیان لەژمارەیەك لەو پەرستگایانەی تری ئاگردا خەرج کردووە.

وەکو دەڵێن، ئەسکەندەر زۆرێك لەو پەرستگایانەی ئاگری بەتاوان زانیوە، چونکە خەزنەی وڵاتی چۆڵکردووە، بۆیە وێرانیکردوون، ئەوەی لەوانەش ماونەتەوە تەنیا لەشوێنە دوور دەستەکان لەکەنارو ڕۆخە شاراوەکاندا بڵاوبوونەتەوە.

لەئێرانداو چەندین پەرستگای ئاگر دروستکراون کە لەناویاندا لەوانە (٣) یان ، هەریەکێکیان بەچینێك مرۆڤی تایبەت سپێردراون، وەکو : (ئاتە شکەدە)ی ئازەر گوشتاسپو ئازەر فەرەنبەغو ئازەر بەرزین مەهر، کە لەسەر هەرە گرنگەکەیان دەدوێین بەناوی ئاتەشکەدەی ئازەرگوشتاسپ: ئەو پەرستگای ئاگرە، لەپەهلەویدا ناوی «ئاتور گوشنەسپ»ەو لەپەرتوکە فارسییەکانو عەرەبییەکانیشدا بەشێوەی جیاجیا ناوی هاتووە، شوێنی پەرستگای ئەم ئاگرە، بەپێی وەسفکردنەکەی کەیخوسرەو وەکو بزانین لە (شیزی ئازەربایجان)ە، بەاڵم نووسەرانی پارسی لەڕێز کاریگەری نیزامی گەنجەوی، دروستکردنەکەی دەدەنە پاڵ گوشتاسپو شوێنەکەی بۆ (بەڵخ) هەروەکو ئامارژیدان داوە دەبەنەوە، بەاڵم ئەمەیان لەڕاستییەوە دوورە. ئەوەش وایکردووە کە زانیاری جیاجیا لەسەر شوێنی دروستکردنی پەرستگاکە هەبێت کە تەواو نازانرێت لەکوێ بووە.

لە(بەندەهشن)دا، شوێنەکەی لەشاخی (ئاسنەواند)ەو لەئاترۆپاتکان. وەکو زانراوە، ئەو کێوە هەمان شاخی (سەهەند)ە، کە دەکەوێتە خۆرهەاڵتی دەریاچەی ورمێ. هەروەها نووسراوە کە (شیز) شارێکە دەکەوێتە نێوان (مەراغە) و (زنجان)، ئاتەشکە گەورەکەش کەناوی (ئازەرجشنسف)ەو لەوێیە. زەردەشت خۆشی هەر لەوێوە چووە بۆ کێوی (سبلان) و ئاوێستای تێدا نووسیوەتەوە. گرنگ لێرەدا ئەوەیە چۆن لەم پەرستگای ئاگرەدا زانیومانە زەردەشت پایەی بڵندی گەورەی لەوێدا دەسکەوتووە. ئەم پەرستگای ئاگرە تایبەت بووە بەسوپاو شازادەکان. پاشاکان دوای تاج لەسەرنانیان لەمەداییەوە چوون زیارەتی ئەو شوێنەیان کردووەو دیاری زۆریان بۆ بردووە. بارام گور لەگەڵ سەرانو گەورەکاندا، بەر لەڕۆشتنی بۆ مەیدانی جەنگ، لەگەڵ هەندێك لەوانەی نازناوی پاشایەتییان بووە دییەنی ئەم پەرستگای ئاگرەی بەوتەی فیردەوسی بەخێرایی کردووە. دوای سەرکەوتنیشی سەرلەنوێ بارام چووەتەوە بۆ (ئازەرگوشەسپ)، ئەو ماڵو تاڵانییەی کە لەگەڵ خۆی هێناویەتی بەلەشکرەکەی بەخشیوە، وەکو دیاریەکیش لێی پێشکەشی بەپەرستگای ئاگرەکە کردووە، بۆئەوەی ئەو سامانەی لە (شیز) کۆدەبێتەوە ناوی خەزێنەی لێبنێن.

ئەم پەرستگای ئاگرە ساڵی ٦٢٤ی زاینی دوای شکستی ئێران لەبەردەم هەرقلی ئیمپراتۆری ڕۆم، وێران بووەو خەزنەو سەرچاوەی سەرمایەکەشی، لەئەنجامی هێرشی ڕۆمەکاندا بەتاڵان براوە.

ئاگری (ئازەر گوشەسپ) بەپێی (بەندەهشن) یەکێك بووە لەو (٣) پشکۆ ئاگرە بەهەشتییە کە لەئازەربایجان دا دانراوە، تاوەکو یارمەتی بەجیهان بدات.

بەشێك لەنووسەرانیش، لایان وایە (ئازەر گوشەسپ) ناوی فریشتەی نوێنەری ئاگرەو وەکو زانراوە پێوەی پایەدارو پەیوەست بووە.





سەرچاوە:
دکتر محمد جعفر یاحقی/ فرهنگ ئیساگیرو داستان وارەها در ادبیات فارسی/چاپ چهارم ١٣٩١/ لا ٢٢-٢٤.

تۆماس مان
ئەدەب و هەڵوێست دژی شەڕ و کاولکاری

ئاکۆ عەبدوڵا

تۆماس مان گەورەترین ئەدیبی نیوەی یەکەمی سەدەی رابردووە لە ئەڵمانیا، بە درێژکەرەوەی ڕێبازی (گۆتێ) ی گەورە ئەدیب و شاعیری ئەو وڵاتە و دیارترین کلاسیکییەکانی ئەدەبی نوێی ئەڵمانی دادەنرێت. لەلایەکی دیکەوە شان بە شانی ناودارانی وەك جەیمس جۆیس و تۆلستۆی، توانی سیمای نوێ بە ڕۆمان ببەخشێ و لەناویشیدا بە فەلسەفەی قوڵەوە، هەوڵی تێگەیشتن لە نازار و گرفتەکانی مرۆڤایەتی و ململانێیی نێوان سروشت و عەقڵ بدات. لەگەڵ ئەوەی چی وەهاشی لە قوتابخانە نەخوێند تەنانەت بڕوانامەی دواناوەندیشی بەدەستنەهێنا، کەچی دواتر لە زۆر زانکۆی جیهانی، دکتۆرای فەخری پێدرا.

تۆماس مان ڕۆژی ٦ ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٧٥ لە خێزانێکی دەوڵەمەندی شاری لوبیکی باکووری ئەڵمانیا- سەر کەناری دەریای بەلتیق هاتەدونیا. باوکی بازرگانێکی دیاربوو، دواتر بووە کۆنسوڵی وڵات، ئینجا ئەندامی ئەنجومەنی رایخ (ئەنجومەنی پیران). دایکیشی کچی یەك لە خاوەن کێڵگە گەورەکانی وڵاتی بەرازیل بوو. تۆماس هەر لە سەرەتای خوێندنی ناوەندی بەو شانۆ بچووکەی ناو ماڵەکەیان سەرسامبوو کە برا گەورەکەی دروستیکردبوو. هەروەها چیرۆکەکانی هانز کریستیان ئەندرسەن و ئەفسانەکانی هۆمیرۆس سەرنجییان ڕاکێشا. هاوکات کەوتە ژێر کاریگەری چامەکانی گۆتێ و شیللەر و هانیە. وەك لاسایکردنەوەی ئەوانەش، وشەی دەهۆنەوە و بەهرەی نووسینی لێبەدیارکەوت. ساڵی ١٨٨٩ کۆمەڵێك هۆنراوە و چیرۆکی نووسی، لەوانە چیرۆکەکانی (ئایشا) و (ناتوانێ بە ژەهر بمکوژێت) (قەشە). کە لەناویاندا دژایەتی خۆی بەرامبەر بە کلێسە ڕاگەیاند. کاتێك باوکی لە ساڵی ١٨٩٠ مرد، ناچاربوون دامەزراوە بازرگانییەکەی باوکییان دابخەن و ماڵەکەش بە هەموو کەل و پەلەکانی ناوەیەوە بفرۆشن. ئەوسا دایکی لەگەڵ کچەکانی بۆ شاری میونخ ڕۆیشت، تۆماسیش لەگەڵ هاینریشی برا گەورەی بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن لە لوبیك ماوە، بەڵام مەیلی لەسەر خوێندن نەما. لە شوێن ئەوەی بیر لە گرتنەبەری ڕێگەی بازرگانی بکەنەوە، بەجووتە بریاری گرتنەبەری ڕێچکەی نووسینیاندا کە دواتر هاینریش بوو بە ئەدیبێکی دیار و ڕۆمانووسێکی ناسراو. لەو ناوەدا تۆماس وەك قوتابییەکی کەللەڕەق و تەمبەڵ ناسرا، لەگەڵ ئەوەی بایەخی بە وانەکانی قوتابخانە نەدەدا، کەچی زۆر بەگوڕەوە بەشداری لە چالاکییە ئەدەبی و هونەریەکانی قوتابخانە دەکرد. لەگەڵ هاوڕێکانیشی گۆڤارێکی مانگانەیان بەناوی (گەردەلوولی بەهار) دەرکرد، کە تێیدا بەناوی خواستراوی (باول تۆماس) بەرهەم و چالاکییەکانی قوتابخانەکەیانی بڵاودەکردەوە، ئەرکی نووسینی سەر وتاری گۆڤارەکەشی گرتبووە ئەستۆی خۆی، لەوەشیاندا ڕەخنەی لە شێوازە کۆنەکانی فێرکردن و پیرۆی کۆمەڵایەتی بورجوازی دەگرت. دواتر هەر بەو ناوە خواستراوە و لەژێر کاریگەری (گۆتێ) چەندان چامە و چیرۆك بڵاوکردەوە. ساڵی ١٨٩٤ بۆ یەکەمجار بەناوی (تۆماس مان) چیرۆکێکی بەناونیشانی (کەوتن) لە گۆڤاری کۆمەڵی ئەدەبی بڵاوکردەوە، کە بە هۆیەوە ئاژاوەیەکی گەورە هاتەئارا. دواتر هەر لەو ساڵە بۆ لای دایك و خوشکەکانی چووە شاری میونخ. شاری ئەدەب و هونەر. لەوێدا لە کۆمپانیایەکی بیمەیی کاری دەستکەوت و لە گۆڤاری (سەدەی بیستەم) یش کاری کرد. کە لە ساڵی ١٨٩٦ چیرۆکی (توانستی بەختیاری) بڵاوکردەوە بەهۆیەوە خەڵاتی (٣٠ مارك) ی زێڕی پێبەخشرا، بەڵام کە دواتر ڕۆمانی (فریدمانی بچووکی بەرێز) بڵاوکردەوە، دەسەڵاتداران لێی تووڕەبوون و پاش گرتنیش بە ١٨٠ مارکی زێڕ سزایاندا. کاتێك ناوی سەربازیشی هات، دایکی بە بەخشینی پارە، لە بەجێگەیاندنی هزری ڕادیکالیانەی نەتەوەییدا. کاتێك وڵاتەکەشی لە ساڵی ١٩١٤ جەنگی لە دژی فەرەنسا ڕاگەیاند، ئەو پێشوازی لەو هەنگاوە کرد، بەڵام کە جەنگ سەختی و مەینەتییەکانی دادەسەپاند و کەسانی وەك تۆماس مانیش دەرکیان بە ڕێڕەوە وێڵ و مەترسیدارەکان کرد. ساڵی ١٩١٨ لەو هەستەی پەشیمان بۆوە و وەك کەسێکی ئاشتیخواز کەوتە وێژەی قەیسەری دەسەڵاتداری وڵات و دژایەتی سیستەمی خۆڕەپرستانەی نەتەوەییتیشی کرد. ئەو هەڵوێستەشی زیاتر لەو وتارە بەدیارکەوت کە ساڵی ١٩٢٢ پێشکەشی کرد و تێیدا نەفرەتی لە قەیسەر و ڕژێمی نەتەوایەتی ئەوسای وڵاتەکەی کرد. ئەو ڕژێمەشی بە کەڵەشێر وەسفکرد کە تەنیا خۆی دەبینێ، وەك ئەوەی بەرزترین نەژادیێت بەسەر ڕەگەز و نەژادەکانی دیکە. هەروەها بە بەربەڕی و ڕۆمانسییانە وەسفیکرد کە لە کۆتایدا مۆدیلێکی نوێ بەرهەم دەهێنێ بەناوی لیبرالی و مرۆڤایەتی. شایانی باسە هەر لە ڕۆژانی جەنگەکە بە فەرمانی کۆشکی شاهەنشاهی بەریتانی، نووسراوەکانی تۆماس مان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێردرا. بەوەش لە دەرەوە ناوبانگی زیاتر بڵاوبۆوە.

کاتێك لە ڕۆژی ١٢ ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٩ ئیزابێسی کچی و مایکلی کوڕی، بە تەلەگراف هەواڵی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵیان بە باوکیان دا، کە ئەکادیمیای سویدی بەهۆی یەکەم ڕۆمانی (بودین برۆکس) دەستنیشانی کردبوو. تۆماس مان بە ئارامی و خۆبەزلزانانە لەپێش خۆیەوە وتی : «چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد». لەکاتی وەرگرتنیشی وتی : «ئەو خەڵاتە جیهانییەی کە بە ڕێکەوت ناوی منی هەڵگرت، پێشکەش بە گەل و وڵاتەکەم دەکەم».

بۆ ساڵی داهاتوو دوای سەرکەوتی هیتلەر لە هەڵبژاردنەکانی ڕایخی ئەڵمانی، تۆماس مان هەستی بە مەترسی تەشەنەکردنی ئایدیای نازیەکان کرد. لە چەندان نووسین زەنگی ئەو مەترسییەی لێدا، لەوانە لە (ماریۆن و ئەفسونگەرەکە) و (کەسێکی بەڕێز و سەگێك)... بەوەش بوو بەیەکەم نووسەری ئەڵمانی، کە پێشهاتە ڕەش و تاڵەکانی ئەو ئایدیبا ڕەگەزپەرستەی دەربڕیێ و ڕووبەڕووشی بێتەوە. بەڵام کە ساڵی ١٩٣٣ نازیەکان بە سەرۆکایەتی هیتلەر دەستییان بەسەر دەسەڵاتدا گرت، ئەوسا تۆماس مان هیچی لەدەست نەما جگە لە تووڕەبوون لەو جەرمانییەتییەی کە ئەوان بانگەوازیان بۆ دەکرد و سەرهەڵگرتن و ڕاکردنیش نەبێت. سەرەتا بەرەو وڵاتی سوید چوو. لە بەرامبەر ئەوەشدا نازیەکان ساڵی ١٩٣٦ لە مافی هاوواڵتیبوون (ڕەگەزنامە) بێبەشییان کرد و دەستیان بەسەر نووسراوەکانیشی داگرت، واتا ناوی تۆماس مان کەوتە سەرەوەی ئەو لیستەی کە ناوی نووسەرانی نەیاری نازی لەخۆ گرتبوو. پاش بەسەر بردنی پێنج ساڵ لە تاراوگەی سوید، نەیتوانی چیتر لە ئەورووپا بژیەت، بەناچاری لەگەڵ خێزانەکەی بەرەو ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چوو. دوای جێگیربوونی لە کالیفۆرنیا، دووەمین جەنگی جیهانی بەرپابوو. ئەوسا ئەویش لە ڕادیۆی ئەو شارە ئاگاداری ئەڵمانییەکانی دەکرد خۆیان لە مەترسی نازییەکان بەدوورببگرن. هەر لەو ماوەیەشدا ڕۆمانە بەپێزە چوار بەشیەکەی (یوسف و براکانی) بە کۆتا گەیاند، لەو کارەیدا زیاتر قینی خۆی دژ بە نازیەکان دەربڕیووە. ساڵی ١٩٤٢ ڕۆمانی (دکتۆر فاوست) بەچاپگەیاند. دوای ئەوەی لە زانکۆی هارڤاردیش دکتۆرای فەخری پێبەخشرا، بوو بە هاوسێی (ئەلبێرت ئەنیشتاین) ی گەورە زانای ڕاکدووی ئەڵمانی و بەیەکەوە بڕیاری مانەوەیان لە ئەمەریکادا. لەو ئانوساتەدا ڕۆژفێلتی سەرۆکی ئەوسای ئەو وڵاتە، لە کۆشکی سپی میواندداری کرد و لەوێدا ڕەگەزنامەی ئەمەریکی پێشکەش بە تۆماس مان کرد، بەڵام ئەو بە ڕێز و سوپاسەوە ڕەتیکردەوە. دواتر پلانی ڕۆمانەکانی (موختار) و (کچی لەخشتەبراو) و (یاسا) داڕێژت کە دوای گەڕانەوەی بۆ ئەورووپا بە کۆتای گەیاندن.

لەگەڵ ئەوەی بە ڕووخانی ڕایخی سێیەم لە ساڵی ١٩٤٥ کۆتایی بە دەسەڵاتی نازیەکان هات، بەڵام تۆماس مان نەگەڕاوە ئەڵمانیا، چونکە ئەوسا ئەڵمانیای لە ژێر دەستی هێزە هاوپەیمانەکان دەبینی. ئەوەش لای ئەو هەڕەشەیەکی دیکەبوو بۆ سەر ئاشتی و مافەکانی ژیان لە وڵاتەکەی، بۆیە ساڵی ١٩٥٢ گەڕاوە وڵاتی سویسرا و پاشماوەی ژیانی خۆی لە شاری زیوریخی سویسری بەسەربرد، هەرچەندە جاروبار بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرە و دیدارە ئەدەبی و سیاسییەکان، سەردانی ئەڵمانیای دەکردەوە، کەواتە لەگەڵ ئەوەی بە جەستە لە وڵات دوور بوو بەڵام هەردەم گیانی پەیوەست بوو بە خاك و گەلەکەی. لە دوا دەستەواژەی دوا کاریشیدا بەناوی (پیاوێکی تەنیا دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرزکردۆتەوە) دەڵێت : «خودایە بەزەیی بە لەگەڵ گیانە هەژارەکەم و هاوڕێیان و وڵاتەکەم». تا لە ڕۆژی ٦ ی ئابی ساڵی ١٩٥٥ لە شاری زیوریخ کۆچیدوایی دەکات.

تۆماس مان ئەدیبێکی بلیمەت بوو لە بەکارهێنانی زمان و لایەنی زمانەوانی، بە تایبەتیش لە دەستەواژەی سەنگین کە ڕستەی هێمن واتادار و وردی پێکهاتە بگرنە خۆیان. زۆریش سەرکەوتووبوو لە هەڵبژاردانی وشەی وەها کە تەواوی واتا بپێکێن. ڕۆمان و چیرۆکەکانی هاشێوەی هونەری هاوچەرخ بۆ ئەوە نەکێشراون تاکو ڕاستەوخۆ هێزی عەقڵمان بەدەنگبهێنێ، بەڵکو بۆ ئەوە کێشراون تا ژیری و هەستیاریمان بجوڵێنن. بە شێوەیەکی گشتیش پاڵەوانەکانی ناویان شەیدای میوزیك و ئەدەبن، هەربۆیە هەستیان بە تەسکی ژینگەیان دەکرد و هیوایان دەرچوون و ڕاکردنە لێیان، بەڵام کۆمەڵگە بەسەریاندا دابڕان و تەنیایی فەرزەکات.

جگە لەو بەرهەمانەی ناومان هێنان تۆماس مان چەندان کاری دیکەی ئەدەبی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە. لەوانە (چیرۆکی کەوتنی خێزان)لە ١٩٠٣، (تونیۆ کرۆجەر) لە ١٩١١ (چیا ئەفسوناویەکە)، (خاوەن شکۆ)، (مراویە ڕەشەکە)، (مردن لە ڤینیسیا) کە ئەمەی دوایی لە ساڵی ١٩٧١ لەلایەن (لۆتشانۆ ڤیسکۆنتی) دەرهێنەر دەکرێت بە فیلی سینەمایی. ڕۆمانی (چیا ئەفسوناویەکە) شی بەشاکارێکی دیکەی دادەنرێت کە تێیدا ڕووبەڕووی پرسەکانی مرۆڤ لەبەردەم نەخۆشی و ئازار و خۆشەویستی و داهێنان و مردن بۆتەوە.

ڤیرجینیا وۆڵف
سەربردەی ژیانێکی داهێنەرانە و شێتانە

بۆتان جەلال

فیلمی (کاتژمێرەکان the hours) سەر لە نوێ سەربردەی ژیان و تانوپۆی نووسەرایەتی کچە ڕۆمانووسی ئینگلیزی (ڤیرجینیا وۆلف) ی خستەوە بەر دیدی ملیۆنەها کەس لە خوێنەرانی ئەم ڕۆمانووسە، سەر لە نوێ ئاشنایەتییان بەکار و داهێنانەکانی پەیدا کردەوە، ئەو داهێنەرەی کە شوێن پەنجەی بەسەر ڕۆمانی هاوچەرخی جیهانییەوە لە پاڵ ئەو گەورە نووسەرانەی کە لە ئاشکرا کردنی توانا و وزەی ئەم کچە نووسەردا ڕۆڵیان هەبووە و جێهێشتووە، وەکو (جێمس جویس) و (د. لۆڕانس) و (مارسیل پروست) و (کۆنراد) و و (نابۆکۆف) و (ویلیام فۆکنەر).

نووسین سەبارەت بە ڤیرجینیا وۆلف لە ژیانی دا لە هەموو شتێك گرنگتر بوو، لە هەمانکاتدا ئەم فیلمە ڕێگەی بە بینەرانی دا چڕتر و قوڵتر بە نێو ژیانی تایبەتی نووسەردا (ڕۆبچن) کە پرپەتی لە چرکەکانی سەرشێتی و یاخیبوون، بگرە ئەو چرکانە کە تێیدا ڕوودەداوی (خۆکوشتن) لە ساڵی ١٩٤١ ڕوویدا، ژیانێکی سەیر و چرکەی وروژێنەر و دیمەن و هەڵوێستی زیرەك و ئازایانە و هەندێ جاریش شێتانە و سەرکێشی هەبوو، سەرەڕای ئەو ژیانە ناهەموار و ناجێگیرە، ژمارەیەك ڕۆمانی نایابی نووسی کە بە بەرهەمی داهێنەرانە لە قەڵەم دەدرێن و ئێستایش پاڵەوانەکانی نێو ڕۆمانەکانی مایەی سەرنج و گفتوگۆ کردنن. قسەکەر و پسپۆڕ لە کارەکانی، خاتوو (شانتال شواڤ) دەڵێت: «خەریك بوو وێنەکێشان بە ڕەنگی ئاوی، وۆلف بۆ خۆی گڵ بداتەوە، لە وێنەکێشاندا هێڵکاری جەستەیەکی بە پەلکەدار یان شەپۆلی دەریا شاراوەی ئافرەتێکی سەرنجڕاکێشی دەکێشا، سوور بوو لەسەر داپۆشینی جەستەی ئافرەت، هەتا ئەگەر بە هەڵمی ئاوی دەریاکانیش بوایە، یان گوڵ و گوڵزار، خاوەن هەستێکی ناسك بوو، نهێنی جەستەی ئافرەتی لە ڕێگەی وشیاری هەستەکانەوە دەدرکاند، بەڵام بە ستایلێکی هێمنانە، کە ئازارو داخوازییەکانی ئافرەتی لە وێنەی جەستەییەوە شاعیرانە بەرجەستە دەکرد کە ئەوپەڕی ئازادی و شێتاتی لێ دەردەکەوت».

ڤیرجینیا لە بنەماڵەیەکی بەریتانی بۆرژوازی لە ساڵی ١٨٨٢دا لە دایك بووە، بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و ئەدەب دۆست و ئاشنا بە هونەر و ستاتیکەی ژیانێکی ڕەها و جوان و خۆش، یەکێك لە باپیرانی شۆڕشگێڕێکی ئازا بووە لە پێناو ئازاد کردنی کۆیلەکان تێکۆشاوە و لە دوورگەی (ئەڵباستی) ژیاوە، هەرچی باپیری (لە باوکییەوە) مامۆستای زانکۆی کامبرۆگ بووە و لە حکومەتی دزرائیلی یەکەمدا (١٨٠٤-١٨٨١) جێگری نووسەری دەوڵەت بووە، باوکی (لیزالی ستیڤان) پیاوێکی ڕۆشنبیر و پایەدار بوو، لە نێو کۆمەڵگەکەیدا بەڕێز و شایستەدارە، بیر و هزری لە ڕووی ئایین و سیاسەت و کۆمەڵایەتییەوە کراوە بووە، لە نیشتراکییەکان نزیك بووە، ئەوانەی (یارانی کرێکاران)یان دامەزراند، خاوەن چەندین بەرهەمی نووسین بووە لەوانەش کتێبی (میژووی هزری ئینگلیزی لە سەدەی هەژدەیەم) و (ئەدەب و کۆمەڵگەی ئینگلیزی لە سەدەی هەژدەیەم)، بایەخی بە میژوو داوە و چەندین وتاری لە گەورە ڕۆژنامەکانی ئەوکاتی بەریتانیا دا بڵاو کردووەتەوە.

وۆلف لە منداڵییەوە باوکی بایەخی پێدەدا، هانی خوێندنەوە و فێربوونی دەدا، کتێبخانەکەی ماڵیانی بۆ خستبووە سەر پشت کە پڕ بوو لە جۆرەها کتێبی نایاب و گرنگ، ئەمەیش ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ پەیداکردنی سەلیقەی خوێندنەوە و نووسین، وۆلف وەکو هەر تاکی نێو خێزانەکەی ڕەگێکی دەچێتەوە سەر نەژادی فەرەنسی، دایکی خولیای هونەرە جوانەکانی بوو، بەتایبەتیش هونەری شێوەکاری، دواتر ئەو خولیایە کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر کچەکەیەوە هەبوو وەکو نووسەرێك، لە زۆربەی بەرهەمی نووسینەکانیدا، ڕەنگدانەوەی هونەری شێوەکاری دیارە، ناخۆشترین ڕووداوی ژیانی ڤیرجینیا وۆلف لە تەمەنی (٦) ساڵیدا بوو کاتێك لە لایەن برایەکەیەوە (زریرای) دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەری، ئەمەیش بووە هۆی ساردی پەیوەندییەکانی بە ڕەگەزی پیاوەوە، زیاتر مەیل و خووی کەوتبووە سەر ژنان، کاتێك گەیشتە تەمەنی (١٣) ساڵی، ڕەشبینی ڕەشاڵی تاریکی بەسەر ژیانی هەڵدا، زۆرجار مردنی لا خۆشەویستر بوو لەو ژیانەی کە ئەو تێیدا دەژیێت، ساڵی ١٨٩٥ دایکی کۆچی دوایی دەکات، ئەمەیش درزێکی دیکە بوو لە ژیانیدا، پاش دوو ساڵی دیکەیش (ستیلا)ی خوشکی کۆچی دوایی دەکات، مردنی ستیلا یەکسەر دوا شوکردنی بوو، ڕووداوێکی هەژێن بوو بۆ ڤیرجینیا و هێندەی دیکە کەوتە بارێکی ناهەموار و ناجێگیر، ئەم هەموو کۆچە ناوادانە ڕەگی ڕەشبینی لە نووسینەکانی ئەم نووسەرە دادەکوتن، لە ڕۆمانی (ژووری یاکوب) و (گەشتێك بۆ منارە) و (شەپۆلەکان) تەنیایی و پەراوێزی کەسایەتی و ونبوون و بێ هوددەیی سیمای ئەو ڕۆمانانەن کە نووسەر تەواو لە دەروونەوە ماندوو دیارە و چارەنووسی خۆشی پابەند دەکات بە لادان و سەرکێشی و بزر بوون لە ڕێگە چۆلەکانی ژیاندا.



ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی تەنیا نەخش نەبوون لەسەر لاپەڕەکان و حیکایەت نەبوون بۆ خوێندنەوە، بە پراکتیکی کاردانەوەی مردنی خوشك و دایکی و هەروەها دەستدرێژیکردنە سەری ئاپرۆو بردنی دیارکەوت، کاتێك لە ساڵی ١٩٠٤دا لە پەنجەرەی ژووڕەکەیدا خۆی فڕێدایە خوارەوە، بەڵام زۆر بە سەیری لە مردن ڕزگاری بوو، دوای شوکردنی لە ساڵی ١٩١٢دا، جارێکی دیکەیش هەوڵی خۆکوشتنی دا، دیسان سەرنەکەوت، لەسەرو بەندی هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، وۆلف باری دەروونی ڕووی لە چاکی بوو، نووسینەکانی بە ڕێك و پێکی دەکرد، یادداشتنامەی ژیانی هەر لە تەمەنی منداڵییەوە نووسی، پێوەندییەکانی لەگەڵ نووسەر و خوێنەران ئاسایی کردەوە، بەڵام بەر لە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (the voyage out) دیسان باری دەروونییەکەی شڵەژا، دووچاری تێکچوون و سەرلێشێواوی هات، ماوەیەك لە هۆش خۆیدا نەما، ئم بارە دەروونیە خراپەی دوێژەی هەبوو تا ئەو ساتەی ڕۆژنامەی (لاویسەرڤەر) لە وتارێکدا ئاماژەی پێدەدات و بە داهێنەرێکی گەورەی جیهانی لە قەڵەمی دەدات، دڵی بەم وتارە خۆش دەبێ، ڕۆژنامەکەیش (the voyage out)ی لە هاوینی ساڵی ١٩١٥دا چاپکرد.

لە سەرەتای ساڵی ١٩١٦وە بۆ ماوەی (٣) ساڵ خۆی بۆ پێشکەشکردنی سیمینار و کۆڕ لە ماڵەکەیدا تەرخان کرد، بەتایبەتیش بۆ ژنە کرێکارەکان، بابەتی کۆڕەکانی زیاتر لەمەڕ پەروەردەکردنی کاری سێکسی و پێوەندییەکانی نێوان ژن و مێرد و چەند بابەتی هەمەڕەنگی دیکەیش.

بەر لە کۆتایی هاتنی، لە گەڵ مێردەکەی دا کە چاودێرییەکی دڵسۆزانەی دەکرد پێکەوە دەستگایەکی بڵاوکردنەوەیان دامەزراند، چەندین کتێبی گەورەی نووسەرانیان چاپکرد، لەوانەیش بۆ نووسەری ناودار (مەگسیم گۆرگی) و (ڕانێ ماریاریکە) و (کاترین مانسیفلید)، ئەوەی سەیر ئەوە بوو ڕۆمانی (ئولیسیس)ی گەورە ڕۆمانووسی جیهانی (جیمس جویس)ی ڕەتکردەوە بۆی چاپ بکات، لە ساڵی ١٩٢٣داوە لە ٢٣ی مانگی نیساندا نامەیەکی بۆ جولیس نووسیوە و هۆکارەکانی چاپنەکردنەکەی بۆ ڕوون دەکاتەوە، هەر ڕۆمانی جویسی ڕەت نەکردووەتەوە بەڵکو هەندێك لە ڕۆمانەکانی جۆزیف کۆنرادیشی چاپ نەکرد، چونکە بڕوای وابوو تەنیا میلودرامای بێ مانان، ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێ کە وۆلف دڵ ڕەق و بێ ویژدان بێت، بەڵکو باوەڕی بە توند و بەهێزی بەرهەمەکان هەبوو کە بۆی دەهاتن بۆ چاپکردن، ئەوانەی بەهێز نەبوون هەر چەندە خاوەنەکەیشی نووسەری ناسراو بن هەرگیز قبوڵی نەدەکرد تیشکی چاپ ببینێ، هەتا جارێکیان لە ڕۆژنامەکانی بەریتانیادا وتارێك بە ئیمزای ڤیرجینیا وۆلف بڵاو کرابووەوە کە ڕۆمانەکانی (د.لۆڕانس)ی گەورە ڕۆمانووس بە ساکار و بێ توانا و پووچ لە قەڵەم دەدات.

سەرەڕای ئەوەی جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩١٨ دا کۆتایی هات و ئافرەتانی بەریتانیا کۆمەڵێ دەستکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورەیان بەدەست هێنا و مافی ئەوەیان پێدرا کە لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتەکەیاندا دەنگ بدەن، بەڵام ئەم دەستکەوتانە بە لای (وۆلف) بایەخیان نەبوو، باری دەروونی (وۆلف) لەو سەردەمە دا زۆر خراپ بوو، لە یاداشتنامەکەیدا کە لە ڕۆژی ٢١ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٨دا نووسیویەتی، دەڵێت: «ئەوەندە دڵم خەمناکە و بێزارم، کە ناتوانم هیچ شتێك بنووسم».

لە ساڵی ١٩١٩دا ڕۆمانێکی لە ژێر ناونیشانی (شەوو ڕۆژ)دا بڵاو کردەوە و یەکسەر دەستی بە نووسینی ڕۆمانێکی نوێ کرد و ناوی (ژووری جاکوب)ی بۆ هەڵبژارد و لە دوو تۆیدا باس لە سەرکشی و عەشق بازی کوڕێك دەکات، لە یادداشتنامەکەیدا کە لە ٨ ی نیسانی ١٩٢١دا نووسیویەتی دەڵێت: «من خەریکی نوسینی ڕۆمانی (ژووری جاکوب)م، بەڵام بە تەواوەتی توانای دەربڕینم نەماوە هەست دەکەم بۆم ناکرێ بە شێوازێکی جوان سەربردەکان بنووسمەوە، لە ڕاستیدا من نووسەرێکی داماوم و توانای پێشکەوتنم نییە».

لە ساڵی ١٩٢٤دا (ڤیرجینیا وۆلف) ڕۆمانێکی دیکەی بە ناونیشانی (mrs dalloway) بڵاو کردەوە، کە لە نێو خەڵکدا زۆر دەنگی دایەوە و هەر ئەو سەرکەوتنەیش وای لێ کرد کە خۆی بە نووسینی ڕۆمانی (منارە)وە خەریك بکات، لەو ڕۆمانەیدا حەزی کردووە گوێی لە دەنگی دەریا ببێت تا ڕۆمانەکەی تەواو دەکات، زمانی ئەم ڕۆمانە بە زمانێکی شاعیرانە نووسراوە و دیمەنی خۆشەویستی تێدا هەیە.

پاش ئەویش ڕۆمانی (ئۆرلاندۆ)ی نووسی کە (خۆرخی لویس بورخیس) لە بارەی ئەو ڕۆمانەوە دەڵێت: «لەم ڕۆمانەدا -ئۆرلاندۆ- زەمەن ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، لە هەموو ڕۆمانەکانی دیکەی باشتر و بە پێزتر، لە هەر هەموشیان سەیر و سەمەرە تر، پاڵەوانی ڕۆمانەکە (٣٠٠) ساڵ دەژیێت، لە هەندێ شوێندا دەبێتە هێمای بەریتانیا، لەم ڕۆمانە دا هەردوو باری ڕەشبینی و گەشبینی پێکەوە گرێدراون.»

(وۆلف) لە بیستەکانی سەدەی ڕابوردوودا زۆر هاتووچۆی یانەی (memoir club)ی دەکرد کە هونەرمەندان و نووسەران و شاعیرانی گەورەی بەریتانیا لێی کۆدەبونەوە، لە ناوەڕاستی سییەکاندا ناخی شڵەژا و باری دەروونی وەها تێکچوو کە ژیانی لێ تاڵ کرد، هەستی دەکرد، ژیان زۆر بێ نرخە و بێ کەڵکە، لەگەڵ هەڵایسانی ئاگری جەنگی جیهانی دووەمدا، ئازارەکانی (ڤیرجینیا) زیاتر بوو، لە ٩ی کانوونی دووەم ساڵی ١٩٤١دا ئاوەها دەنووسێت: «بۆشایی، هەموو شتێك چەقی بەستووە و جوولەی لێ ڕاوەو، هیچ شتێك تام و چێژی نییە، چیتر ناتوانم دیمەنە جوانەکان ببینم». سەرەڕای چڕتر بوونەوەی بۆردومانەکانی شاری لەندەن، (وۆلف) لەسەر نووسینەکانی بەردەوام بوو، دەستی بە نووسینی دواین ڕۆمانی خۆی واتە (between the acts) کرد، پاڵەوانی ئەم بەرهەمەی خاتوونێکی (لاتروب) ناو بوو. نووسەر لە دواین دیمەنی ڕۆمانەکەدا وەسفی (لاتروب) دەکات و دەڵێت: «لاتروب پیر ببوو، بەبێ گۆچان، ناتوانێ بە ڕێگەدا بڕوات، ئیفلیج بووە و هێز و توانای جەستەی نەماوە».

لە ڕۆژی ٨ی ئاداری ساڵی ١٩٤١دا، چەند بەردێك دەخاتە ناو گیرفانەکانییەوە تا کێشی زیاد بکات و خۆی دەهاوێتە ڕووبار و پاش خۆی (٣) نامە بەجێ دەهێڵێت، یەکەمییان بۆ پیاوەکەی، تێیدا پێی دەڵێت: «ئازیزەکەم، من دڵنیام جارێکی دیکەش شێت دەبمەوە، هەست دەکەم گوێم لە دەنگێك دەبێت و توانیشم نییە کە ورد ببمەوە و بزانم چییە، بۆیە پێم باشتر بوو هەر ئەو کارەی بکەم کە ئێستا کردوومە کە شادی دەبەخشێتە دەروونم».

چەند زانیاریەک لسەر شەڕێ ئەرمینیا و ئازەربایجانێ



پاوان تەتەر*

شەرەکێ نوی ب هێزەك و فورمەکێ نوی دناڤبەرا هەردوو وەلاتێن ئەرمینیا و ئازەربایجانێ روویدا. شەڕێ دناڤبەرا ڤان هەردوو وەلاتێن بەرێ یێن سوفیەتا جاران لسەر ناوچەیا ناگورنی قەرەباخە کو ناوچەیەکە دکەڤێتە دناڤا سنورێ ئازەربایجانییدا لێ چونکە زورینە ئەرمەنی لێ دژین ئەڤ ناوچەیە ژ لایێ ئەرمەنیا ڤە دهێتە پالپشتی کرن. د ڤی شەریدا کو حکومەتا هەرلایەکێ لایەنێ بەرامبەر تومەتبار دکەت لسەر شکاندنا ئاگربەستی دبیتە ئەگەرێ هندێ کو دەستکەفتنا زانیاریێن راست و دروست لسەر شەرێ ڤێ جاریێ یێ دناڤبەرا ڤان هەردوو وەلاتاندا ب زەحمەتر و هەستیارتر لێ بکەت چونکە شەرێ دناڤبەرا ڤان هەردوو وەلاتێن ناڤهاتی دشێت بیتە ئەگەرێ کێشانا زلهێزێن ناوچەیی و جیهانی ژ بەر ئەگەرێن میژوویی و ئایینی و ئایدولوژی.شەڕێ دناڤبەرا ئەریمینیا و ئازەربایجانێ چەندەها جارا رویدایە ب تایبەتی شەڕێن سالا 1990ێ نەو ژی پشتی لاوازبوون و پاشان هەرسئینانا ئێکەتیا سوڤیەتا جاران ل سالا 1991ێ د شەرەکێ خوێناویدا دناڤبەرا ئەریمینیا و ئازەربایجانێ کو پتر ژ30 هزار کەسان هاتنە کوشتن هێزێن ئەرمینیا شیان هێزێن ئازەربایجانێ دەربکەن و هەرێما قەرەباخ وەکە هەرێمەکا سەربەخوو راگەهینن. ل سالێن 1994ێ ب سەرپەرشتیا وەلاتێن ئەمریکا، فرەنسا و روسیا ئاگربەست دناڤبەرا ڤان هەردوو وەلاتاندا هاتە راگەهاندن، لێ ئەڤ ئاگربەستە تەمەنەکێ کورت هەبوو و هەردوو لایەنا جارەك دی دەست ب تومەتبارکرنا هەڤدوو کرن. گرژیێن لسەر ناوچەیا ناگورنو-قەرەباخ کو گرژیەکا ئەتنیکی و گرێدایی ب کێشەیی لسەر خاك و سنورانە بوویە خالەکا زەق یا شەڕ دناڤبەرا ڤان هەردوو وەلاتێن ناڤهاتی. نها ب شێوەیەکێ فەرمی هەرێما ناگورنو-قەرەباخ هەرێمەکا سەربەخوویە هەرچەندە دناڤا ئاخا ئازەربایجاندایە لێ وەکە ناوچەیەکا زورینە ئەرمەنی هەیە. ل دەستپێکا سالێن 90ێ دا ژ لایێ رێکخراوا هیومان رایس واتچ رەخنە ل ئەرمینیا هاتە گرتن کو دەستپێشخەرە د هنارتنا چەکی و هاریکاریێن دیێن لوجیستیکی بو ڤێ ناوچێ لێ ئەڤ چەندە پشتی هێرشەکا هێزێن ئازەربایجانێ ل دیسەمبەرا سالا 1993ێ هاتە ئەنجامدان. دڤی شەری دا ئەرمینیا وەکە بەرسڤەك بو ڤێ هێرشا ئازەربایجانێ بو سەر ئەرمینیا چەندەها کەس و شارەزایێن سەربازی بو ڤێ هەریمێ هنارتینە داکو بشێن هاریکاریا سوپایێ ڤێ هەرێمێ بکەن دژی ئازەربایجانێ. هەرێما قەرەباخ و ئەرمینیا ژ لایێ سیاسەتێ ڤە گەلەك تێکەلی هەڤدوو بووینە تاکو وی ئاستی کو سیاسەتڤان روبەرت کوتشاریان کو ل سالێن 1992 - 1994 سەروکوەزیر و پاشان ل سالا 1994ێ سەروکێ هەرێما قەرەباخ بوویە، هەر ئەڤ سیاسەتڤانە ل سالا 1997 - 1998وەکە سەروکوەزیرانێ ئەرمینیا بهێتە دەستنیشانکرن و پاشان ل سالا 1998 - 2008 بیتە سەروکێ ئەرمەنستانێ، ئەڤێ چەندێ بێگومان هەفسوزی و پالپشتیەکا زێدەتر دناڤبەرا قەرەباخ و ئەرمینیادا دروست بکەت. لێ هەژی ئاماژە پێکرنێیە نە روبەرت کوتشاریان و نە سیاسەتڤانێن دیێن ئەرمینیا نەشیاینە ل دویف وێ داخوازا ناڤخوویا ئەرمینیا بچن لسەر ئێککرتنا هەرێما قەرەباخ و ئەرمینا و ئەڤ چەندە ڤەدگەرێتەڤە بو زانیارێن ل بەر دەستێ ڤان سیاسەتڤانا کو دزانن کارەکێ هوسا دێ بیتە ئەگەرێ دروستبوونا شەرەکێ خوێناوی دناڤبەرا وان و ئازەریاندا. د لێکولینەوەیەکێدا د. دوڤ لونتێج ژ سەنتەرێ لێکولینەوەیێن ئێمناهیێ سەر ب ئێکەتیا ئەورووپاڤە دبێژیت سەربەخووبونا هەرێما قەرەباخ دشێت بیتە ئەگەرێ وێ چەندێ کو حکومەتا ئەرمینیا بشێت گرژیێن د قادا نیڤدەولەتیدا کێمکەت هەرچەندە بەلگەیێن بەشداریا هێزێن ئەرمەنی د شەرێ سالێن 1991 - 1994ێ دا هەنە لڤێ ناوچێ و هێشتا بەردەوامە لسەر چاڤدێرا هێزێن پێشیێ یێن ئازەربایجانێ و هەرێما قەرەباخێ. د. دوف لونتێج دبێژیت کو هێزا سەربازیا ئەرمینیا و ستراتیژیەتا د هەڤپەیمانیا وێ دگەل روسیادا کلیلا بەرگیرکرنێیە ژ هەرێما قەرەباخ.

رولێ زلهێزێن ناوچەیی دناڤا گرژیێن دناڤبەرا ئەرمینیا و ئازەربایجانێ:

تورکیا

دڤێ گرژیا دناڤبەرا ئەرمینیا و ئازاربایجانێ جهێ گومانێ نینە کو تورکیا پالپشتیەکا بێسنور یا ئازەربایجانێ دکەت، ئەڤ چەندە نەك بتنێ ژ دەزگەهێن میدیایی دهێتە دیتنن بەلکو سەروککوماریێ تورکیا رەجەب تەیب ئەردوگان بەلێن دایە کو پالپشت و هاریکاریێ حکومەتا ئازەربایجانێ بکەت، و هەروەسا د تویتەکێدا گوت کو «هاوولاتیێن تورکیا هەمی دەمەکێ دێ هاریکاریێن برا ئازەربایجانییێن خو بن»، و هەروەسا گوتیە کو « ئەرمینیا مەزنترین هەرەشەیە» بو سەر ئاشتی و سەقامگیریا ناوچێ. هەر ئەڤ چەندە بوو ئەگەرێ هندێ کو هاروتیان سەروکێ ناگورنی قەرەباخێ تورکیایێ ب هنارتنا چەکدارێن ب کرێگیراو بو ئازەربایجانێ و پالپشتیان وان د شەریدا تومەتبار بکەت و گوتیە کو زانیارییێن هەواڵگیری لبەر دەستێ وان هەنە کو تورکیا هێزێن سیبەرێن حکومەتا تورکی بو ڤان دەڤەران ب رێیا فروکان ڤەگوهاستینە. جهێ گومانێ نینە کو تورکیا دێ پالپشتیەکا توندا ئازەربایجانێ کەت یا ئێکێ ژ بەر وێ چەندێیە کو ئازەری وەکە تورکزمان و هەروەسا ژ نەتەوەیا تورك حسابدکەن. یا دوویێ رودانا کومەکوژیا ئەرمینیایە یا سالا 1915ێ ژ لایێ دەولەتا ئوسمانیاڤە کو دڤێ جینوسایدێدا پتری ژ ئێك ملیون ئەرمەنیا هاتنە کوشتن کو ئەڤ کومەلکوژیێن هەرەمەزنێن میژوویا مروڤایەتێدا بووینە. هەر ئەڤ چەندە بوویە ئەگەرێ هندێ کو ئەرمینیا د قادا نیڤدەولەتیدا لوبیەکا زور بکەت بو ناسینا ڤێ کومەکوژیێ وەکە جینوساید و ئەڤ چەندە بوویە ئەگەرێ توڕەبوونەکا زورا تورکیا بەرامبەر ئەرمینیا و تاکو گەهشتیە وی ئاستی کو حکومەتا تورکیا دانێ ب دیپلوماتکارێن ئەرمەنی نەدەت.هەرچەندە دوماهیك شەڕێ دناڤبەرا ئازەربایجان و ئەرمینا ل نیسانا سالا 2016ێ بوویە و دڤی شەریدا نێزیکەی 110 کەس ژسیڤیل و سەربازان هاتنە کوشتن ژ هەردوولا لێ ڤێ جارێ زەنگەکا مەترسیدار هاتیە لێدان گەر ئەڤ شەڕێ ڤان چەند روژێن بەرێ نەهێتە راوەستاندن دێ بیتە ئەگەرێ دروستبوونا شەرەکێ خوێناوی دناڤبەرا ڤان هەردوو وەلاتێن ناڤهاتی چونکە سەروکێن هەردوو وەلاتان داخواز ژ هاوولاتییێن خو کریە چەکی بگرنە دەست و وەلاتێ دایك بپارێزن و هەروەسا تونديا گرژییێن ناوچەیی و هەرێمی دشێت ڤی شەری بو تەسفیەحسابان بهێتە بکارئینان ب تایبەتی کو ئازەربایجان وەلاتەکێ موسولمانە و ئەرمینیا وەکە وەلاتەکێ مەسیحی ب هەبوونا میژوویا جینوسایدی لسەر دەستێ دەولەتا ئوسمانی کو دشێت بیتە ئەگەرێ ئازراندنا گەلەك گرژییێن ئەتنیکی کو راوەستاندنا وان دێ گەلەکا ب ئەستەم بیت.

روسیا

جیاواز دگەل شەرێن بەری نها شەرێ ئەڤجارە ب دلێ روسیا نابیت ئەو وەلاتێ کو هەمی دەما چاڤ لسەر هندەك ناوچەیانە کو بشێت بالا دەستیا خو ب رێیا هێزا سەربازی دیاربکەت و بشێت بکەتە ناوچەیەك کو تەسفیەحسابان دگەل وەلاتێن زلهێزێن ناوچەیی و تایبەتی دوژمنێ دێرین کو ئەمریکایە د قادا جیهانی دا بکار بینیت. ئەڤ چەندا ناڤهاتی ڤەدگەرێتەڤە بو هندێ کو هەردوو وەلاتێن ئێکەتیا سوڤیەتا جارانن وەکە وەلاتێن ستراتیژی و هەڤپەیمان ژ لایێ موسکوڤە دهێنە تەماشەکرن. یەریڤان یا پایتەختێ ئەرمینیا هەر ژ مێژڤە پێگەیەکێ گرنگ بوویە بو هێزێن روسیا و موسکو خودان بنکەیەکێ مەزنێ سەربازیە ل یەریڤانێ. روسیا هەروەسا خودانێ سەرمایەگوزاریەکا زورە د ئەرمینیادا و ئەڤ چەندە بوویە ئەگەرێ هندێ کو بشێن ب پشتراستی بێژین کو وەلاتێ خودان بریار ل یەریڤانێ روسیایە. ئەڤ چەندە ژ لایێ موسکوڤە دهێتە بکارئینان چونکە ئەرمینیا وەکە وەلات ژ لایێ دانیشتوانیڤە ژمارەیا وێ نێزیکەی 3 ملیون کەسە کو ئەڤە ژمارەیەکا کێمە لێ ریژەیەکا زورا ئەرمەنیا ل دەرڤەیی وەلاتێ خو دژین کو دشێن لوبیەکا مەزن بو وەلاتێ خو و سیاسەتا حکومەتا خو بکەن. ژ بەر ڤێ چەندێیە کو روسیا چ دەمەکێ نەڤێت چ لایەنەکێ هەلبژێریت چونکە روسیا و ئازەربایجانێ پەیوەندیێن باش د بواریّ وزە و ئاسایشێدا هەیە لێ دهەماندەما روسیا 90ژ سەدێ چەکێ سوپایێ ئەرمینا دابین دکەت، ژ بەر ڤێ چەندێیە کو موسکو چ دەمەکێ نەڤێت گرژیەکا دیا وەکە گرژیا ئوکرانیا دروست بیت و بیتە ئەگەرێ سەرهەلدانا شەرەکێ مەزن کو هەردەما روسیا پشتگیریا ئێك ژ ڤان وەلاتان بکەت ب شێوەیەکێ ئوتوماتیك دێ لایەنێ بەرامبەر وەکە هەڤپەیمان ژ دەست بدەت ژبەر ڤێ ئەگەرێیە کو موسکو تاکو بشێت دێ هەولا ناوبژوانیێ د گرژییێن دناڤبەرا ئەرمینیا و ئازەربایجانێدا کەت. ل ئەرمینیا رێژەیەکا زورا کوردان هەنە کو زورب‌ەی ڤان کوردان لسەر ئایینێ ئێزدینە کو زورب‌ەیی وان یێن لسەر دەمێ کوردستانا سورن کو وی دەمی ل ڤێ هەرێمێ هاتبوو راگەهاندن ل سالا 1920ێ. هەتا نها ژ لایێ حکومەتا ئەرمەنیا ڤە دهێتە راگەهاندن کو تاکە پشتگیریا رەسمیا وەلاتان ژ لایێ تورکیاڤە هاتیەکرن بو وەلاتێ ئازەربایجانێ وە تاکو نها چ پشتگیریێن فەرمی ژلایێ چ وەلاتێن فەرمی لسەر ڤێ چەندێ نەهاتیە کرن بو وەلاتەکێ دیارکری بتنێ ئەوە کو زورب‌ەیی وەلاتان داخوازیا راوەستاندنا شەری کریە. ئەرمینیا هەمی دەما ئازەربایجانێ وەکە دەستپێشخەرێ شەری بناڤ دکەت و دبێژیت کو پشتی هنگی ئازەربایجان داخوازا راوەستاندنا شەڕ دکەت بتنێ ژ بو سپیکرنا رووییێن خویە بەرامبەر قادا نیڤدەولەتی. وەکە چاڤدێرەکێ سیاسی تشتێ وەکە هەرجار جهێ ناراحەتیێ و شەرمزاریێ بو وەلاتێن زلهێزێن ناوچەیی و جیهانی ئەوە تاکو شەر بو لایەنەکێ دیارکری پشتگیریا خو بو چ وەلاتەکێ ژ ڤانا دیار ناکەن و ئەڤ چەندە ڤەدگەریتەڤە بو پاراستنا بەرژەوەندییێن خو د گەل وەلاتێن زلهێزدا. بو نمونە هەر پشتگیریەکا بو وەلاتێ ئازەربایجانێ دێ وەسا هێتە شروڤەکرن وەکە دوستێ تورکیا ودژبەرێ روسیا و دهەماندەما لایەنگیریا ئەرمینیا مانایا دژبەرێ سیاسەتێن تورکیا د ناوچێدا و هەڤپەیمانێ دگەل روسیادا هێتە قەلەمدان. ژ بەر ڤێ چەندیێە کو بەلکی هەولا راوەستاندا ڤی شەڕی توند بیت ژ لایێ وەلاتەکێ وەکە فرەنسا کو نها پەیوەندییێن وان دگەل تورکیادا د ئاستەکێ هەرە خرابدانە و هەروەسا تا رادەیەکێ بێدەنگیا ئەمریکا هەمبەر ئەرمینیا هەرچەندە ئەرمەنییێن زور ل ئەمریکا هەنە بو گوشار خستنە سەرا ڤی وەلاتی، لێ یەریڤان وەکە هەڤپەیانەکێ سەربازیی و ئابووریّ روسیا دێ ئەڤ پرسە ب هەستیاری مامەلە دگەلدا هێتەکرن. ل دویف شروڤەیا میژوویی و ئەو کاودانێن هاتینە پێش و دهێنە پێشبینی کرن ئەوە کو تاکە هێزا بشێت ڤان هەردووەلاتان ئازەربایجانێ و ئەرمینیا بینیتە لسەر میزا دیالوگێ بتنێ وەلاتێ روسیایە چونکە وەلاتەکە هەرچەندە ئەرمینیا وەکە بەشەکێ بچوك لێ گرنگێ ستراتیژیەتا خو دبینیت، دهەماندەما پەیوەندییێن خورت دگەل حکومەتا ئازەربایجانێ هەنە. ل داویێ دشییێن ئاماژێ بوێ چەندێ بدەین کو بێ تێکەلیا هیچ وەلاتەکێ ناوچەیی یان زلهێزێ جیهانی ژ لایێ سەربازیڤە و هێزا سوپایێ وەلاتیڤە ئازەربایجان بهێزترە لێ ژ لایێ کومەلگەها مەدەنی و لوبیێ د رێکخراوێن جیهانی باندوورا ئەرمینیا زێدەترە. ئەڤ چەندە ڤەدگەریتەڤە بو هەڤسوزیا وەلاتیێن جیهانی بو ئەرمینیا ژ بەر جینوسایدا ئەرمەنیا ل سالا 1915ێ و وێ رێژەیا زورا ئەرمەنیا کو ل دیاسپورا دژین، و هەروەسا ئەو وێنەیێ جیهانا دەرڤە بو ئیلهام حەیدەر عەلیوڤێ سەروکێ ئازەربایجان هەیە وێنەیەکێ کەسەکێ تاکرەو و هندەك جاران وەکە دیکتاتور دهێتە شروڤەکرن و ئەڤ چەندە دشێت بیتە ئەگەرێ هندێ کو گەلەك وەلات ب تایبەتی وەلاتێن ئێکەتیا ئەوروپا پتر هەڤسوزیا خو دگەل ئەرمینیا بینە سەر زمان تاکو دگەل ئازەربایجانێ.

*** شروڤەکارێ سیاسی و شارەزا د بواریّ ئاسایێشا نیشتیمانی**





مانشێت

دۆنەڵد ترامپ:



چەند رۆژێك دوای مانەوە لە نەخۆشخانە، دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا گەڕایەوە کۆشکی سپی و پزیشکانیش دەڵێن ئەمە واتای گەڕانەوە بۆ بارودۆخی سروشتی ناگەیەنێ.



ئێندیپێندێنت:

وەك هەنگاوێك بەرەو هێورکردنەوەی بارودۆخ لە رۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست ،تورکیا کەشتیەکی لە باشووری رۆژئاوای قوبرس کێشایەوە .



ئۆبزێرڤەر:

بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی وڵات، سەدان خۆپیشاندەر هەڵیانکوتایە سەر بالەخانەی حکومەت و پەرلەمان.



سکای نیوز:

حکومەتی کەنەدا بڕیاری دا چیتر ئەو تەکنۆلۆژیایە بە تورکیا نەفرۆشێ کە لە دروستکردنی فرۆکەی بێ فرۆکەوان بەکار دەهێنرێ.



یۆرۆ نیوز:

رێکخراوی تەندروستی جیهان لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند لەوانەیە 10% ی کۆی دانیشتوانی جیهان تووشی ڤایرۆسی کورۆنا بووبن.



کەنالی ئار تی:

لە شاری هیوستنی سەر بە ویلایەتی تێکساسی ئەمەریکا بالەخانەیەك دارما و لە ئەنجامدا 3 کەس گیانیان لەدەست دا و کەسێکیش بریندار بوو.



مۆراتا و هیگواین تۆم و جێری

گواستنەوەی یاریزانێك لە یانەكەیەوە بۆ یەكێكی دیكە شتێكی ئاساییە، بەڵام هەندێك گواستنەوە رێكەوتی شتی سەیر دەكات و دەبێتە بابەتێكی خۆش و سەرنجڕاكێش بۆ جەماوەر و دەزگاكانی راگەیاندن. هەفتەی رابردوو، یاریزانی یانەی ئەتلەتیكۆ مەدریدی ئیسپانی، ئەلڤارۆ مۆراتا، بە شێوەی خواستن و بۆ جاری دووەم رووبكردە ریزەكانی یانەی یۆڤانتسی ئیتاڵی، چوونی مۆراتا بۆ یۆڤی هاوتابوو لەگەڵ رۆیشتنی یاریزان، گۆنزالۆ هیگواین، لەو یانەیەوە بۆ ریزەكانی یانەی ئینتەر مەیامی ئەمریكی. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین، هەر كاتێك لەو دووانەیە یەكێكیان لە یانەیەك رۆیشتبێت، راستەوخۆ ئەوی دیكە شوێنەكەی گرتووەتەوە، چیرۆكەكەش بەم شێوەی لای خوارەوەیە:-

- لە ساڵی 2013دا، هیگواین لە یانەی (ریال مەدرید) رۆیشت و مۆراتا شوێنی گرتەوە.
- لە ساڵی 2016دا، مۆراتا لە یانەی (یۆڤانتس) رۆیشت و هیگواین شوێنی گرتەوە.
- لە ساڵی 2019دا، مۆراتا لە یانەی (چێلسی) رۆیشت و هیگواین شوێنی گرتەوە.
- لە ساڵی 2020دا، هیگواین لە یانەی (یۆڤانتس) رۆیشت و مۆراتا شوێنی گرتەوە.

ئایا هیچ چیرۆكێكی سەیرتر لەوە لە مێژووی گواستنەوەی یاریزانان لە جیهانی تۆپی پێ رووی داوە؟

رەمزی میرەكانی

ئەلبا تووشی پێكان بوو

یانەی بەرشلۆنە وردەكارییەكانی دەربارەی پێكانی خۆردی ئەلبا، بەرگریكاری یانەكەی بڵاوكردەوە و ئەگەری هەیە ئەو یاریزانە بەشداری لە كلاسیكۆدا نەكات.

بارسا لە بەیاننامەیەكی فەرمیدا رایگەیاند، پشكنینە سەرەتاییەكان دەریانخستووە، ئەلبا لە ژێیەكانی رانی راستیدا هەستی بە ئازار كردووە، چەند پشكنینێكی دیكەی بۆ دەكرێت، بۆ ئەوەی بەتەواوی جۆری پێكان و ماوەی دوورەكوتنەوەی لە یاریگەكان دەربكەوێت.

لە یاریی رابردوودا بەرامبەر یانەی سێڤیا، كە یارییەكە بە 1-1 كۆتاییهات، ئەلبا تووشی پێكانبوو و سێرجینیۆ دێست، بەرگریكاری نوێی یانەكە لە شوێنی ئەو چووە نێو یاریگە.

ماوەی دوو هەفتە، بەهۆی یارییەكانی فیفا، بەرشلۆنە پشوو وەردەگرێت، ئەمەش بۆ یانەكە گونجاوە بۆ ئەوەی یاریزانەكە ئامادەبكات بۆ یارییەكانی داهاتوو، كە دوای كۆتاییهاتنی هەفتەی فیفا بەرامبەر یانەی خیتافی یارییدەكات.

میدیاكانی ئیسپانیا دەڵێن، بەهۆی ئەو پێكانەی تووشی بووە ئەلبا ماوەی سێ هەفتە لە یاریگەكان دوورەدەكەوێتەوە، بڕیە ئەگەری هەیە بەرامبەر ریال مەدرید یاریی نەكات، كە رۆژی 25ی ئەم مانگە لە یاریی كلاسیكۆدا هەردوو یانە رووبەڕووی یەكدەبنەوە.

باشترین گۆڵپارێزی مێژوو دیاری دەكرێت

گۆڤاری وەرزشی فرانس فتبۆڵی فەرەنسی كە ساڵانە خەڵاتی باڵۆن دۆر پێشكەش بە باشترین یاریزانی جیهان دەكات، ئەمساڵ بە هۆی ڤایرۆسی كۆرۆنا بریارێداوە خەڵاتەكە نەدرێت و لە بڕی ئەم خەڵاتە دەیەوێت باشترین پێكهاتەی مێژوو دەست نیشان بكات و سەرەتاش ١٠ باشترین گۆڵپارێزەكانی دیاریی كردووە و دوای چەند رۆژ لە راپرسیەكە باشترین گۆڵپارێزی پێكهاتەكە دیاریی دەكات.

كاندید كراوان ئەوانەن:

- گۆردن بەنكس (ئینگلاند)
- جیان لویجی بوفۆن (ئیتاڵیا)
- ئیكەر كاسیاس (ئیسپانیا)
- سێپ مایەر (ئەڵمانیا)
- مانوێل نۆیەر (ئەڵمانیا)
- توماس ئێنكۆنكۆ (كامیرۆن)
- پیتەر شمایكل (دانیمارك)
- ڤاندێرسار (هۆڵەندا)
- لو یاشین (سۆڤیەتی پێشوو)
- دینۆزۆف (ئیتاڵیا)

بەهۆی كۆرۆناوە بەرشلۆنە كەوتۆتە ژێر قەرزێكی زۆرەوە

یانەی بەرشلۆنە بە فەرمی رایگەیاند یانەكەی بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی كۆرۆنا تووشی قەیرانی دارایی بووە كە ئەم پەتایە بووە هۆی راگیرانی چالاكییە وەرزشییەكان لە مانگی مارس تاكو یۆنیۆی ئەمساڵ.

بارسا كە بەهۆی قەیرانەوە لە بازاری گواستنەوەی هاوینە دەستبەرداری كۆمەڵێك یاریزانی بوو رایگەیاندووە زیانە داراییەكانەكانی دەگاتە 97 ملیۆن یۆرۆ و رێژەی قەرزەكانی یانەكەش لەمساڵدا لە سەدا 100 زیادی كردووە.

بلاوگرانا بە سەركردایەتی ماریا بارتۆمیۆ ئاشكرای كردووە 203 ملیۆن یۆرۆ لە دەسكەوتە داراییەكانیان بەراورد بە وەرزەكانی پێشوو دابەزیوە، جگە لە زیانە داراییەكان قەرزی یانەكەش قەیرانێكی دیكەی تیپە كە تە لۆ نیە كە یە .

بەرشلۆنە ئاشكرای كردووە لە مانگی یۆنیۆی ساڵی رابردوو قەرزەكانیان 217 ملیۆن یۆرۆ بوو، بەڵام لە ماوەی ساڵێكدا و تاكو مانگی یۆنیۆی ئەمساڵ رێژەیەكە لەسەدا 100 زیادی كردووە و گەیشتووەتە 488 ملیۆن یۆرۆ.

یانە كەتەلۆنیەكە رێگەیەكی دیكەی بۆ كەمكردنەوەی قەیرانی دارایی گرتووەتە بەر و خەرجییەكانی یانەكەی بە رێژەی لەسەدا دوو دابەزاندووە،

بارسا لە مانگی مارسی رابردوو لەپێناو كەمكردنەوەی قورسایی قەیرانەكانی یانەكەی بڕیاریدا مووچەی یاریزانەكانی كەم بكاتەوە و لەم رێگەیەوە 42 ملیۆن یۆرۆی بۆ گەڕایەوە، بەڵام هێندە كاریگەری لەسەر كەمكردنەوەی قەیرانە داراییەكەی یانەكە نەكرد و بارسا بووەتە یەكێك لە دیارترین ئەو یانانەی بەهۆی داخرانی یاریگەكان و راگیرانی چالاكییەكان زیانی دارایی بەر بكەوێت.

نادال: بیری فیدرێر دەکەم



رافاییل نادالی ئەستێرە بەناوبانگەکەی تێنسی ئیسپانیا دووپاتی کردەوە کە هەست کاریگەریی دابڕانی رۆجێر فیدرێری تێنسزانی سویسری دەکات لە ناو یاریگاکاندا، کە بەهۆی نەشتەرگەرییەوە لەیاریکردن دوورکەوتۆتەوە.

نادال کە ئێستا بەشداری لە پاڵەوانێتی رۆلاند گارۆسی کردووە گوتی: پیویستە زۆر راشکاوانە بین، فیدرێر لە توانایدا نییە بۆ ماوەی 10 ساڵی داهاتوو رکابەری بکات، بەڵام یەکێکە لە یاریزانە مەزنەکانی جیهانی تێنس، هەر بۆیەشە هەمووان پەرۆشی گەڕانەوەینە، هەروەها گوتی: زۆر بیری فیدرێر دەکەم، لەچەند مانگی رابردوودا بەردەوام پەیوەندییان هەبووە، باسی زۆر شتیان کرد، بەتایبەتیش باسی ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە کەسیتی نێوانمانەوە هەیە.

پاڵەوانەکەی ئەرمینیا لە شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا دەکوژرێت

یەکێتی کێشی قورسی ئەرمینی رایگەیاند کە تاتۆل ئەرۆتیونیان پاڵەوانی یارییەکە بۆ چەندین ساڵ، لەشەڕی ئەمجارەی ناگۆرنی قەرەباخ لەنێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان کوژرا.

یەکێتی کێشی قورسی ئەرمینی وێرای پرسەنامەی خۆی یۆ خانەوادەی کوژراوەکە و هاوڕێیانی ئەرۆتیۆنیان، رایگەیاند کە ئەو هەر وەرزشوانێکی پاڵەوان نەبوو، بەڵکو کەسایەتییەکی خۆشەویستی ئەو وڵاتە بوو، بەڵام یەکێتی ناوبراو ئاماژەی بەجۆری کوشتنەکەی نەدا کە ئایا بەبۆردومان کوژراوە یان لەمەیدانی جەنگەوە.

جێی باسە ئێستا شەڕیکی گەرم لەنێوان ئەو دوو وڵاتە لەسەر هەرێمی ناگۆرنی کاراباخ لەئارادایە کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی ئەرمەنین و لە ساڵی 1991ەوە دوای دابڕانی لە ئازەربایجان بەخۆی ئیدارەی خۆی دەکات.

لەدواساتی گواستنەوەی هاوینە بەرگریکارێکیان گواستەوە

یانەی ئینتەرمیلانی ئیتالی، بەفەرمی گواستنەوەی ماتیۆ دارمیان، بەرگریکاری یانەی پارمای بۆ ریزەکانی راگەیاند.

گرێبەستی گواستنەوەی دارمیان بۆ ریزەکانی نیرازۆری بەشێوەی خواستنە بۆ یەك وەرز و ئەگەری کڕینەوەشی بەشێوەی هەمیشەیی لەگەڵدا دەبێت.

ئینتەر لەسەر لاپەرەکانی خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی گرێبەستی ئەو یاریزانەی راگەیاندووە، بۆ ئەوەی لەم وەرزەدا هاوکاریی پێکهاتەی ئەنتۆنیۆ کۆنتی بکات.

یاریزانە ئیتالییەکە دوای چوار ساڵ یاریکردن لە ریزەکانی مانچێستەر یونایتد لە رێگەی یانەی پارماوە گەڕایەوە سێریا ئەی، ئێستاش لەسەر داوای ئەنتۆنیۆ کۆنتی، پەیوەندیی بە ریزەکانی یانەی ئینتەرمیلانەوە کردووە.

نیرازۆری لە گواستنەوەی ئەم هاوینەدا، گرێبەستی لەگەڵ ئەشرەف حەکیمی و ئارتورۆ ڤیدال کردووە و ئێفان پێریشیچیشی گەڕاندووەتەوە ریزەکانی.

سان جێرمان هێرشبەرێکی گواستەوە



یانەی پاریس سانجێرمانی فەڕەنسی ڕایگەیاند کەوا گرێبەستیان لەگەڵ مۆیس کین هێرشبەری یانەی ئێڤەرتۆنی ئینگلیزی کردووە بۆ پتەوکردنی هێڵی هێرشبردنی یانەکە پێش داخستنی دەرگای گواستنەوەکان.

بە پێی بەیاننامەکەیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان ڕایانگەیاند کەوا هێرشبەرە 20 ساڵانەکەیان گواستوەتەوە یانە فەڕەنسیەکە بە شێوەی خواستن بۆ ماوەی وەرزێك.

مۆیس کین لە هاوینی 2019 لە یوڤێنتوسەوە ڕۆشتە ئێڤەرتۆن بەرامبەر 27 ملیۆن یۆرۆ و توانی تەنها 2 گۆڵ تۆمار بکات لە کۆی بەشداریکردنی لە 33 یاری.

دێمبێڵێ دوا بڕیاریدا



ئۆسمان دێمبێلی، هێرشبەری فەڕەنسی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانیا بڕیاریداوە یانەکەی جێنەهێڵێت و ئەم وەرزە لە ئیسپانیا بەردەوام بێت.

رادیۆی مۆنتی کارلۆی فەڕەنسی ئاشکرای کردووە، مانچێستەر یونایتد دەیەوێت بە هەر شێوەیەك بێت پێش کۆتایی هاتنی وادەی گواستنەوەی یاریزانان، هێرشبەرەکەی بلاوگرانا بگوازنەوە، بەڵام ئەو یاریزانە کارگێری یانەکەی ئاگادار کردووەتەوە ئامادەنییە یانەکەی جێنێڵێت و دەیەوێت ئەم وەرزەش لەگەڵ یانەکەی بەردەوام بێت، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت مانەوەی ئەو یاریزانە، کاریگەری لەسەر گواستنەوەی مێمفیس دێپای هەبێت.


دێمبێلی دوای چاکبونەوەی لە پێکانەکەی، ئەم وەرزە تەنها 21 خولەك بەشداری یارییەکانی یانەکەی کردووە، بۆیە دەنگۆیەکی بە هێز هەبوو ئامادەیە یانەکەی جێنێڵێت.

ئەرژەنتین لیستی یاریزانە بانگهێشتکراوەکانی بڵاوکردەوە

لیۆنێل سکالۆنی، ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئارژێنتینا لیستی ناوی یاریزانە بانگهێشت کراوەکانی هەڵبژاردەکەی بۆ پاڵاوتنەکانی مۆندیالی ٢٠٢٢ بڵاوکردەوە.

ماڵپەڕی فەرمی فێدراسیۆنی تۆپی پێ تانگۆ لیستی ناوی ئەو ٢٨ یاریزانەی بڵاوکردەوە کە لەلایەن ڕاهێنەری هەڵبژاردەی وڵاتەکەیانەوە بۆ دوو یاریی داهاتوو لە پاڵاوتنەکانی کیشوەری ئەمریکای لاتین بانگهێشت کراون و لیۆنێل میسی دووبارە دوای کۆتایی هاتنی سزاکەی، سەرکردایەتی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی دەکات، لەلایەکی دیکەوە سێرخیۆ ئەگوێرۆ بە هۆی پێکان دوور خراوەتەوە.

هەڵبژاردەی ئارژێنتینا 9ی ئەم مانگە لە یەکەم یاریی پاڵاوتنەکان ڕووبەڕووی هەڵبژاردەی ئیکوادۆر دەبێتەوە و دواتریش ١٣ی مانگ ڕووبەڕووی هەڵبژاردەی بولیڤیا دەبنەوە.



خەبات

ماسك بەستن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

Wed.7 Oct. 2020 No.:(6018)

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

(پاسەوان) شانۆی هەولێر دەخاتەوە گەڕ



خەبات:بەرهەم شێخ عزەدین

دوای وەستانی نمایشکردنی شانۆیی لەشارەکانی کوردستان و هەولێری پایتەخت، دەرهێنەری ناسراوی کورد (ئەرسەلان دەرۆیش) کەچەند هەفتەیەکە نەشتەرگەریەکی گەورەی بۆ کراوە , لەگەڵ دەستەیەك لە ئەکتەرە دیارەکانی (تیپی شانۆی سالار)لەکۆتایی ئەم هەفتەیەدا و لە ڕێکەوت 8.10.2020 بە پێشکەشکردنی شانۆگەری (پاسەوان) جموجوڵی شانۆیی لەشاری هەولێر دەخاتەوە گەڕ ، (پاسەوان) لە نووسینی (د.دلشاد مستەفا)و نواندنی کۆمەڵێك لە هونەرمەندانی بەئەزموون و پڕ توانایە وەك شانۆکاران (ئەحمەد سالار ، ڕەمزیە قادر،پشکۆ شێخ عەلی) وهەروەها دوو ئەکتەری گەنج لەدوو ڕۆڵی جیاوازدا بەشداری تیادا دەکەن ئەوانیش(سیما مستەفا و نقار نیاز) لەگەڵ ژمارەیەك هونەرمەند کە کارە هونەرییەکان جێبەجێ دەکەن ئەوانیش هەر یەك لە (دانا محەمەد- یاریدەدەری دەرهێنەر و جێبەجێکاری هونەریی ، هیوا عەلی – دانەرو جێبەجێکاری روناکی، غازی شینە – ب. شانۆ ، بێزار سلێمان و ڕەشید تاریق و بنیاد فەرحان – جێبەجێکارانی سینۆگرافیا)و خاتوو(یارا ئەرسەلان- دیزاینەری پۆستەرو پڕۆشوور) و ...چەندینی تر، ئەم شانۆگەرییە لەلایەن (بەشی هونەری شانۆ)ی سەر بە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر)و بەهاوبەشی (تیپی شانۆی سالار) بەرهەم هاتووە و بڕیاربوو لە مانگی ئازاری ڕابردوودا پێشکەش بکرێت بەڵام بەهۆی پەتای کۆرۆنا وە وڕێنەییەکانی وەزارەتی تەندروستی نەیانتوانی نمایشی بکەن.



سەبارەت بەم شانۆییە و کارکردنی هاوبەشی لەگەڵ (دڵشاد مستەفا) ی نووسەردا ، هونەرمەند (ئەرسەلان دەرۆیش) بەم جۆرە قسەی بۆخەبات کردو گوتی:

- ((شانۆگەری (پاسەوان) لەمیانەی سەفەرو شۆڕبوونەوەیەکی هونەرییدا بەناو پانتایی چەند دەقێکی هەڵبژاردەدا گوزەردەکات، بەمەبەستی بەئاگا هێنانەوەوی ئاریشەکانی ڕابردوو و ئێستا لە کایەیەکی دینامیکیدا کە لە فەزاو گوتاری نمایشدا بەرجەستە ببێت. بەو هیوایەی ئەم ئەزموونە دەرگا لەبەردەم پڕۆژەی تردا واڵا بکات. مایەی شانازیشە کە لەم کارە نوێیەماندا هونەرمەندی گەورەو ڕابەر (ئەحمەد سالار) جارێکی تر وەك ئەکتەر لە ڕۆڵی پیاوێکی ئیزیدیی دوای (کارەساتی شەنگال) دێتەوە سەر تەختەی شانۆ، هەروەك چۆن خاتوو (ڕەمزیە قادر)یش دوای چەند ساڵێك دابڕان بەشداری نواندن دەکات، لەڕۆڵی ژنە ئەنفالێکی گەرمیانی و هەردوو کارەساتی (ئەنفالی بەعس و تاوانەکانی حەشدی شەعبی لە خورماتوو و کەرکووك)پێکەوە گرێدەداتەوە،پاڵەوانی نمایشەکەش کە پێشمەرگە پاسەوانەکەیە لە لایەن هونەرمەندی بەتوانا (پشکۆ شێخ عەلی) بەرجەستە دەکرێت)).

جێگای ئاماژەیە هونەرمەند (ئەرسەلان دەرۆیش) لە ساڵی 2006 شانۆگەری (پاسەوان)ی لەشاری سلێمانی و لەساڵی(2007)لەشاری (بەرلین) و لە ساڵی2010 لەنۆ شاری وڵاتی (سوید)دا نمایش کردووە و چەندین وتاری بەزمانەکانی (کوردی و عەرەبی وسویدی) لەبارەیەوە نووسراوە.

هونەرمەند سەیفوڵڵا ... گورانی بۆ چوارپارچەی کوردستان دەڵێت



مسلم دۆلەمەری:

لەنوێترین بەرهەمیدا هونەرمەندی کوردستانی باکور سیف اللە کە ئێستا لەباژێری دهۆك ژیان بەسەر دەبات گۆرانییەکی بۆیەکڕێزی هەرچوار پارچەی کوردستان دەڵێت و بەمنزیکانەش کاری کلیپکردنی دەستپێدەکات، بۆ زیاتر ڕونکردنەوە لەبارەی ئەم بەرهەمە نوێیەی هونەرمەندی ناوبراو بۆخەبات دووا گوتی: ماوەیەکی زۆرە هەوڵی پرۆژەیەکی واەدەم بۆ یەکڕێزی هەرچوارپارچەی کوردستان کەئەویش نوێترین بەرهەممە بە ناوی (هیڤیێن مە) ئەم بەرهەمەم لە پەیڤی مامۆستا وەلید یوسف وئاوازی خۆمە، و هەروەها هونەرمەند میڤان بێدۆهی لەگەڵم بەشدارووە لە گوتنی گۆرانییەکە. ئامادەکردنی موزیکیش لەلایەن مامۆستا سیدیەڵدز لە باژێری ئامەد ئامادەکراوە، لەباژێری زاخۆ لەلایەن زەمان مۆزیکەوە کاری دەنگ وموزیکی بۆکراوە بەسەرپەرشتی شیلان هەژار. ئامانجم لەگوتنی ئەم گۆرانییە یەکڕێزی و برایەتییە بۆ هەرچوارپارچەی کوردستان بۆئەوەی بتوانین لە ڕێگای هونەری خۆمان دەنگمان بەرزبکەینەوە بۆتەواوی گەڵی کورد لەهەرچوارپارچەی کوردستان وپێیان بڵێین ئێتر بەسە تاکەی کاتی ئەوە هاتوە یەکڕێزبن و دەست لەناوددەستبگرن بۆ سەرکەوتن وێەکبوون وێەکڕێزی لەژێر ئاڵای پیرۆزی کوردستان، ئەمە پەیام وئامانجی منە لەم بەرهەمەم. ئێستاش لەهەوڵدام وئامادەکاری دەکەم بۆکلیپکردنی سیناریۆی گۆرانییەکەم، بەڵام پێویستیم بە هاوکاری هەیە بۆیە لەڕێگای ڕۆژنامەکەتان داوا لەلایەنی پەیوەندارو کۆمپانیا کوردییەکان دەکەم کەهاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی ئێمەش لەڕێگای هونەری خۆمان زیاتر بتوانین خزمەت بەگەڵ وخاکمان بکەین .



سەندیکای هونەرمەندان کورتە فیلمی «ئەوێ جوانترە» نمایش دەکات

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 8ی تۆکتۆبەری 2020 ، سە عات 6 و نیوی ئێوارە. لقی‌هەولێری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لەهۆڵی شانۆ . کورتە فیلمی ئەنیمەیشن «ئەوێ جوانترە» لە دەرهێنانی حەسەنێن هانی نمایش دەکات .

هاتن بۆ هەمووانە بەڕەچاوی باری تەندروستی و خۆپارێزێ...

گوگڵ تەکنەلۆژیایەکی ناوازە لە شاشەی مۆبایلدا بەرهەم دێنێت

هەردەوان:کۆمپانیای گوگڵ بڕی ٨٨٠ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی خستۆتە بەردەم کۆمپانیای (LG)ی کۆریای باشور بۆ دروستکردنی جۆرێکی نوێ لە شاشەی مۆبایل. وەبەرهێنانەکەش بۆ گەشەدانە بە تەکنیکی شاشەی (OLED) لاستیکی لە تەلەفۆنی زیرەکدا. ڕۆژنامەی (ئەلەکترۆنیك تایمز) لە زاری سەرچاوەیەکەوە کە ناوی ئاشکرا نەکراوە بڵاوی کردەوە، کۆمپانیای ئەو وەبەرهێنانەی خستۆتە بەردەم (ئێڵ جی) لە پێناوی مسۆگەرکردنی سەرچاوەیەکی جێگیربۆ بەدەستهێنانی شاشەی نوێی (OLED) لاستیکی بۆ نەوەی نوێی مۆبایلی پیکسڵی زیرەك.سامسۆنگ لە تەلەفۆنی گالاکسیدا شاشەی (OLED) چەماوە بەکاردێنێت لەکاتێکدا ئەپڵ لە مۆبایلی نوێی ئایفۆندا هەمان تەکنیك بەکارناهێنێت، ئەوەش مانای وایە گوگڵ هەوڵدەدات هەنگاوێك بەرەوپێشتر بچێت و لەبری شاشەی چەماوە شاشەی لاستیکی گەشە پێبدات.



لە ژاپۆن ڕۆبۆت جێگای خوێندکارەکان دەگرێتەوە

خوێندنگەیەکی ژاپۆن دەستی بە بەرنامەیەکی تاقیکردنەوە کردووە کە ڕێگە بە خوێندکاران دەدات کە نەخۆشن ڕۆبۆت بنێرنە خوێندنگە و ئەو بەرنامەیە لەخوێندنگەیەکی تایبەتی تۆمبی هایش لە کاساما کە شارێکە دەکەوێتە دوری 60 میل لە تۆکیۆی پایتەختەوە پەیڕەو دەکرێت. شایەنی باسە نمونەی ئەو ڕۆبۆتە پێی دەوترێت «ئۆری هایم» و لە ڕێگەی ئۆری لابۆرتیۆرەوە بەڕەوپێش براوە.

ئەو ڕۆبۆتە بچوکە کە قەبارەکەی هێندەی پەیکەرێکی بچوکە بەشێوەیەك دروستکراوە کە لەسەر مێز دادەنرێت و دوو دەستی هەیە و کامێرایەك لەسەریدا جێگیر کراوە و دەتوانێت بەکاریان بهێنێت لەڕێگەی شاشەیەکەوە کە بە دەست لێدان کار دەکات.

لە 31 ئۆکتۆبەرەوە خوێندکارە نەخۆشەکان لەوخوێندنگەیە تۆمبی هایش بەکار دەهێنن و لەبری ئەوان دادەنیشێت و دەتوانێت ڕاستەوخۆ وانەکانی لەڕێگەی ئەو کامێرایەی لە سەر ید ا جێگیر کراوە ببینیت .

هەروەها خوێندکارەکان دەتوانن لەڕێگەی هیتفۆنێکەوە قسە بکەن و دەتوانن کۆنترۆڵی سەری ڕۆبۆتەکان بکەن و بیسوڕێنەوە بۆ ئەوەی شوێنەکانی تری ناو پۆلەکە ببینن هەروەها دەتوانن هێما بکەن و چەپڵەش لێ بدات.

